# مزگێنیەکان

مزگێنیەکان

نووسینی: عوسمان محمد ڕەشید

بابەت: پەروەردەیی، ئیمانی

نەخشاندن: کتێبخانەی گەشە

دیزاینی بەرگ: کتێبخانەی گەشە

نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠٢١.

نرخ: دینار

لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە سپاردنی (١٢١٦) ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە..

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپو بڵاو کردنەوە

سلێمانی – بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ دوکانی ٧١

٠٧٥٠٨٨٢٩٠٨٦ – ٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣

# مزگێنییەکان

ئەندازیار عوسمان

سەردار و سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:

(إذا اقترب الزمانُ لم تكدْ رؤيا الرجل المسلمِ تَكذِبُ، وأصدقُهم رؤيا أصدقُهم حديثًا ).. الألباني: صحيح الجامع

کاتێك قیامەت نزیك دەبێتەوە وای لێدێت خەوی موسڵمان مەگەر چۆنها ڕاست نەبێت، ڕاستڕینیشیان هی ئەوکەسەیە کە ڕاستگۆترینە..

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و صەلات و سەلامیش لەسەر پێشەواو مامۆستا ورابەرمان (محمد) (صلی الله علیه وسلم)، ڕەحمەت وبەرەکەتیش داباریێ بۆ سەر گیانی یارو یاوەران و شوێنکەوتوان.

پاش لەدونیا دەرچوونی سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) و دانەبەزینی وەحی، خوای گەورە بەلوتف وکەرەمی خۆی مزگێنیەکان (مبشرات)ی هێشتۆتەوە کەخەوێکی باشە خۆت ئەیبینی یان کەسێك پێتەوە ئەیبینیێ، بەتایبەت ئەوخەوانەی کە بە سەروەرمانەوە ئەبینرێن صلی الله علیەوسلم، لەپەڕاوەکانمدا زۆر نموونەم لەوبارەیەوە باسکردووە، لەبەر ئەوەی کتێبەکان زۆربوون و رەنگە خوێنەرێك هەموویانی لەبەردەستا نەبێت پێم باش بوو کەهەموو ئەوانە کۆبکەمەوەو هەندێکی دیکەشی بۆ زیاد بکەم لەم نامیلکەیەدا، کەهیوادارم ببێتە مایەی ئاوەدانی دڵەکانتان وئێوەش بەخزمەت ئەو خۆشەویستە بگەن (صلی الله علیه وسلم) لەدونیاو ئاخیرەتدا.

***

## خەو پەنجەرەیەکە لەسەر غەیب:

نورسی بەڕەحمەت بێت دەڵێت: (خەو پەنجەرەیەکە لەسەر غەیب و، جاری وا هەبووە خەوم دیوە بۆ بەیانی وەك ڕۆژی ڕووناك هاتۆتە دی).

مەسەلەی خەو مەسەلەیەکی زۆرگرنگە بەلاَم هەموو خەوێك ناو هی هەموو کەسێکیش نا. خەوبینین لە ڕوانگەی فرۆیدو ماددییەکانەوە بریتییە لە هێنانەدی و دەرخستنی ئارەزوویەکی خەفەکراو لە ڕۆژانی ڕابردوودا، یان بەلانی کەمەوە وێنەگرتنەوەی ئەو ئارەزووە لەخەوداو خۆدزینەوەیە لە هۆش‌و ژیری‌و هەموو کۆتەکانی دیکە، وەیان بریتییە لە دەرخستنی رق‌و قینێکی کپکراوو هێنانەدی تۆڵەسەندن لەخەودا.

جا بەڕای فرۆید، چ ئارەزووە خەفەکراوەکەو چ خەشمە شاراوەکە جەمسەری هەموویان زایەندییە (الجنس)، ماددییەکان دژایەتی‌و خەوی پێشبینی (الأحلام التنبؤية) دەکەن و بەرپەرچی ئەدەنەوە، چونکە باوەڕیان بە (گیان) نییە و تەنها لەلایەنی ماددییەوە دەڕواننە مرۆڤـ، هەرچەندە خەوە پێشبینییەکان دیاردەیەکی ئاشکراو بەڵگە نەویستن.

مامۆستا (سید قطب) دەڵێت: (ئەگەر بڕوا بەهیچ شتێك لەبارەی خەوی پێشبینییەوە نەکەم، ناتوانم بڕوا بە بەسەرهاتێکی خۆم نەکەم، کاتێك لە ئەمەریکا بووم لەخەودا بینیم خوشکەزایەکم خوێن بەری چاوی گرتبوو، نەیدەهێشت شت ببینێت. بۆیە نامەیەکم نووسی بۆ کەسوکارم لە میسرو پرسیاری چاوی خوشکەزاکەم کرد، پاش ماوەیەك وەڵامی نامەکەهاتەوەکە

خوشکەزاکەم تووشی خوێنبەربوونی ناوچاو بووەو خەریکی چارەسەرکردنین (فرۆید لە تەرازووی ژێریدا، مەلا محمد صالح شارەزووری).

## گەورەترین درۆوبوختان:

خەوبینین گرنگی پێدراوە لەقورئان و فەرموودەداو درۆیەکی گەورەیە کەسێك بلّێ خەوێکم بینیوەو وانەبێت ( إنَّ مِن أفْرَى الفِرَى أنْ يُرِيَ عَيْنَيْهِ ما لَمْ تَرَ ).. صحيح البخاري. درۆکردن لەقورئان و فەرموودەدا ڕێگری لێکراوە، سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: ئاگاتان لەدرۆ بێت، درۆ ئەتانبات بەرەو فجوروخراپە، فجورو خراپەش ئەتانبات بەرەو دۆزەخ کەسی واهەیە ئەوەندە درۆدەکات کەلەلای خوا بەدرۆزن ناوزەدئەکرێ.

ئەوەش کەبەئەنقەست درۆ بەدەم سەروەرەوە ئەکات (صلی الله علیه وسلم) تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە و سزایەکی قورسی بۆ هەیە کەچوونە ناودۆزەخە: ( مَن كَذَبَ عليَّ فلْيتبَوَّأْ مَقعَدَه منَ النَّارِ مُتعمِّدًا، قاله مرَّتيْنِ ) بوخاری وموسلیم.

بەداخەوە لەکۆن و نوێدا کەسانێك درۆزن و درۆزانن، درۆ بەدەم پێغەمبەری خواشەوە دەکەن (صلی الله علیه وسلم) بۆخۆبردنە پێشەوە و بەرژەوەندی دونیایی، گوایا بەخزمەتی گەیشتوون و ئاواو ئاوای فەرمووە،

ئەمەش وای کردووە کەباسی خەوبینین دەکرێت لای هەندێك سەیرە، لەکاتێکدا ئەگەر دڵنیابیت لەوەی کەسەکە هیچ بەرژەوەندیەکی لەو گێڕانەوەیەدا نیەو کەسێکی راستاڵ و بۆخوا سوڵحاوە و موبەشیرات و مزگێنیەکی تیایە ئاساییە، هەرچەند هیچ حوکمێکی شەرعی لێوەرناگیرێت و لەقورئان و فەرموودەدا هەموو شتێکمان بۆ بەیان کراوە . **بۆ نموونە:**

**یەکەم:** مامۆستایەکی خۆشەویستم مانگی ١١ی ٢٠٢٠ وتی: بانگخوازێك نامەیەکی بۆناردم و وتی: کچێك ئەم خەوەی دیوە بە سەروەرمانەوە (صلى الله عليه وسلم) بزانە ماناکەی چیە، منیش شەو درەنگ بوو تۆزێك سەیری نامەکەم کردو تەواوم نەکرد، شەو خەوم بەسەروەرەوە (صلى الله عليه وسلم) بینی فەرمووی: ئەو کچە منی نەبینیوەو هیچم پێنەوتووە.

بەیانی بانگخوازەکە وتی: کچەکەئەیەوێت خۆی بۆت باسبکات، کچە تەلەفونی کردو باسی خەوەکەی کرد، منیش ئامۆژگاریم کردو وتم: دونیا هیچ نیەو ناهێنێت وئەوە سەروەرەمان (صلى الله عليه وسلم) وای فەرمووە، جا ڕەنگە شەیتان بەجۆرێك لەجۆرەکان فێڵی لێکردبیت، زۆری پێناخۆش بوو، ئنجا بەبانگخوازەکەی وتبۆوەو ئەویش خۆی لێ زویرکردم، منیش وتم: برام پەیوەندی بەمنەوە نیەو پەیامێکە ناچاربووم پێی بگەیەنم ئەوە شتی موجامەلەکردن نیە.

دووەم: کوڕێکی نابینا لەهەولێر لەم یەك دووساڵەدا ئەچێتە لای چەندکەسێك و ئەڵێت: خەونم دیوە بە سەروەرمانەوە (صلی الله علیه وسلم) و ئاواو ئاوای فەرمووە، برادەرێکیش کەئەمە ئەبیستێت لەگەڵ ماملۆستایەکدا ئەیەوێت سەردانی بکەن تالەنزیکەوە لەدەمی خۆی ببیستن، کاتێك سواری سەیارەکەیان ئەبن مامۆستاکە کە ئەهلی خوایەو زووزوو خەوبەو زاتە موبارەکەوە ئەبینێت، بۆچەندخولەکێك لە سەیارەکەدا خەوی لێدەکەوێت و سەروەرمان ئەبینێت (صلی الله علیه وسلم) کە ئەفەرموێت: ئەوەی ئەچن بۆلای نەمنی بینیوەو نەهیچیشم پێووتووە، کەبەئاگادێتەوە ئەڵێ: فلان ئێستا خەوێکی وام بینی، ئیتر ئەویش تەلەفون بۆئەو گەنجە ئەکات و زۆر ئامۆژگاری ئەکات کەجارێکی دیکە درۆ بەدەم خواو پێغەمبەرەوە نەکات.

سێیەم: مەحمود عەبدولحەلیم ئەڵێت: لەساڵی ١٩٣٧دا لەبنکەی گشتی برایان لەقاهیرە گەنجێکی بیست ساڵ بەناوی ئەحمەد ڕەفعەت فیتنەیەکی گەورەی نایەوەو کەسانێکیش پێی خەڵەتان و بوونە لایەنگری بەجۆرێك نزیکەی یەك مانگ هەرچی چالاکیمان هەبوو وەستاو تاشەش مانگیش نەهاتینەوە سەرخۆمان، ئەحمەد ئەیووت:

– ئەبێت نەرموونیان نەبین بەرامبەر حکومەت و ڕێك وراست پێی بووترێت هەرچی حوکم نەکات بەبەرنامەی خوا کافرە.

– ئەبێت برایان لەسەرشەقامەکان هەرئافرەتێك سفووربوو مەرەکەب بکەن بەجلەکانیاندا تا ناچاربن بنە بالأپۆش .

– پێویستە بە فیعلی بەشداری خەباتی چەکداری فەلەستین بکەین و هەر هاوسۆزی و هاوکاری کردن نەبێت.

دانیشتن کرا لەگەڵیان کەلەم قۆناغەدا ناتوانین ئاوا مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکەین، وە ئەوەش کەدەیلێن چارەسەرنیە بۆ سفووری چونکە پۆلیس براکانمان ئەگرن و بێجگە لەبەنکردن غەرامەشیان ئەکەن و بەوەش ناشرین ئەبین لەکۆمەڵگادا، هەروەها شێخ عیزەدینی حوسەینی لەفەلەستین لەم قۆناغەدا تەنها داوای ئەوەی کردووە هاوکاریان بین .

ئەو برایانە زیاتر سووربوون لەسەر رای خۆیان و زۆر بەخراپی مامەڵەیان ئەکرد لەگەڵ ئەوانەی هاوڕایان نەبوون، تا گەیشتە قسەوتن بە پێشەوا بەنناو ئەگەر وەلأمان بدانایەتەوە ئەبووە شەڕی دەستەو یەخە.

ئەحمەدرەفعەت گەیشتە ئەوەی کەئەیووت خەوی بە پێغەمبەرەوە بینیوە (صلی الله علیه وسلم) و دواتر ئەیووت گوایە لەسەر سفرەکەی نان دەخوا لەگەڵیاو راستەوخۆ رێنمایی ئەکات، ئێمەش سەد لەسەد ئەمانزانی وانیە بەداخەوەکەسانێك هەبوون لەبرایان بووبوونە دەروێشی، بۆماوەیەك نەئەچووین بۆ بنکەی گشتی برایان و مەیدانەکەیان بۆ چۆڵ بووبوو، ئەمەش خەم وخەفەتی لای زۆرمان دروست کردو مامۆستا بەنناش قایل نەئەبوو هیچ کاردانەوەیەکی توندمان هەبێت بەرامبەریان و هەرئەیویست برایەتیەکە

بپارێزین، سەرەنجام کەهەمووکارەکانمان ئیفلیج بوون بڕیارمان دا کە بچینەوە ناو بنکەی گشتی و کاربکەین و دەنگ دابڕین لێیان، بەو دەنگ دابڕینە بچووکبوونەوەو، ئەوەی کە پێشەوا شاتیبی لەبارەی خەوبینین بەخۆشەویستەوە (صلى الله عليه وسلم) باسی کردبوو وەك بەڵگە بەکارمان دەهێنا بۆ بەرپەرچدانەوەی خەوو خەیاڵاتەکانی.

ئەحمەد ڕەفعەت کەکەسی وای بەدەوردا نەما ویستی بچێت بۆ لای تێکۆشەرانی فەلەستین، پێشەوا بەننا وتی: بانامەیەکت بدەمێ تا متمانەت پێبکەن چونکە هەرکەس بچێتە ناویان وگومانی لێبکەن حسابی سیخوڕی بۆدەکەن، ئەویش بەوە قایل نەبوو کاتێك چووبوو تێکۆشەرانی فەلەستینی گومانی سیخوڕیان لێکردبوو لەناویان برد..

جا بەڕاستی خەوبینین و موبەشیراتیش ئوسوڵی خۆی هەیەو ئەگەر وریا نەبین شەیتان لەپەرێزدایە بۆمان..( پەڕاوی الإخوان المسلمون أحداث صنعت التأريخ)..محمود عبدالحليم لا ٢٠٤-٢١٣..بەرگی یەکەم .

***

## خەوبینین لەقورئاندا:

قورئان چەند خەوێکمان بۆ باس دەکات بۆنموونە:

یەکەم: حەزرەتی (ئیبراهیم) سلاوی خ﴿وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ١٠٧﴾ وای لێبێت لە خەودا فەرمانی پێ دەدرێت کە کوڕە تاقانەکەی سەربڕێیتو بیکاتە قوربانی بۆ خوا، جالەبەر ئەوەی خەوی پێغەمبەران وەحیەو لەخواوەیە،حەزرەتی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)ی کوڕی هەردووکیان ملکەچی فەرمانی خوا بوونو لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتن، قورئان دەفەرمویێت: ﴿فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعْيَ قَالَ يَـٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلْمَنَامِ أَنِّيٓ أَذْبَحُكَ فَٱنظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ يَـٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ١٠٢﴾ الصافات.

پاش ئەوەی ئەرکی بەندایەتی خۆیانیان بەجێگەیاند،خوای گەورە بەرانێکی بە (جوبرائیل) دا بۆ ناردن سەلامی خوای لێبێت کە بیکەن بە قوربانی: ﴿قَدْ صَدَّقْتَ ٱلرُّءْيَآ ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ١٠٥ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْبَلَـٰٓؤُا۟ ٱلْمُبِينُ ١٠٦ وَفَدَيْنَـٰهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ١٠٧﴾ الصافات.

دووەم: لەسورەتی یوسفدا قورئان دەفەرمویێت:

﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَـٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَـٰتٍ لَّعَلِّيٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ٤٦

قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ يوسف.

كاتێك پاشا خەوەكەی بینی وكەس نەبوو بۆی لێكبداتەوە، یەكێكیان نارد خەوەكەی بۆحەزرەتی یوسف گێڕایەوە سەلامی خوای لێبێت: یوسف ئەی ڕاستگۆ ئەم خەوەمان بۆ لێك بدەرەوە، حەوت مانگای قەڵەو لە لایەن حەوت مانگای لاوازەوە خوراون، هەروەها حەوت گوڵەگەنمی سەوزوجوان و حەوتی تری وشك، بۆمان لێكبدەرەوە بۆئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای خەڵكی تا وەلاَم بزانن.

حەزرەتی یوسف فەرمووی: حەوت ساڵی بەردەوام كشتوكاڵ دەكەن ودانەوێڵە دەچێنن، ئەوەی دروێنەی دەكەن و لێتان زیادبوو بەگوڵەكەیەوە بیهێڵنەوە، مەگەر ئەو كەمەی كەدەیخۆن، پاشان لە دوای ئەوە حەوت ساڵ گرانی و سەختی پێشدێت، ئەوەی كە هەڵتان گرتووە بۆ ئەو ساڵانە هەمووی دەخۆن، مەگەر كەمێكی نەبێت كە هەڵی دەگرن بۆ تۆو. لەوەودوا ساڵێكی باراناوی و پڕ بەرەكەت دێت كە خەڵكی بەروبوومی زۆریان پێدەبەخشرێت، میوە دەگوشن و شەربەتی لێ دروستدەكەن.

١- لە ئایەتەكەوە دەردەكەوێت كە حەوت ساڵی باراناوی تۆوەكە هەڵگیرێت و حەوتی تریش كە بێ بارانیە و ساڵێكی تریش كە وەزعەكە

چاك دەبێت، ئەمە پانزە ساڵ كە ڕەنگە هەندێ لە تۆوەكان دوای ئەو ماوە زۆرە بەكاربێت، زانستی سەردەم سەلماندویەتی كە تا پانزە ساڵ تۆو بە كەڵك دێت هەڵگیرێت و بتوانرێ بچێنرێت.

٢- بە تاقیكردنەوە دەركەوتووە كە چاكترین شێواز ئەوەیە كە بە گوڵەكەیەوە هەڵبگیرێت و بەو ڕێگایەنزیكەی ٢٠٪ ی كێشی ون دەكات بە هۆی نەمانی ئەو ئاوەی كەتیایەتی، بەمەش وشك دەبێت و بۆگەن ناكاو خراپ نابێت. (فذروه فی سنبله). ئەم ڕێگای هەڵگرتنەش میسرییەكان نەیاندەزانی وخوای گەورە بەوەحی فێری حەزرەتی یوسفی كردووە سەلامی خوای لێبێت.

٣- لە خەوەكەدا ئیشارەتی تیانیە بۆ ساڵە خۆشییەكەی دوایی ئەمەش هەرخوائاگاداری كردووەو دواییش هەمووی وا دەرچوو.

٤- ئنجا ئەگەر پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) خوا ئاگاداری نەكردبێت، ئەم وردەكارییە زانستیە چووزانێت كە بە هەزاران ساڵ پێش خۆی بووە .

***

## جۆرەکانی خەوبینین:

یەکەم: خەوێکە کە مزگێنی ومژدەو بەشارەتە لەخواوە.

دووەم: خەوێکە لەشەیتانەوەیە.

سێیەم: خەوێکە کە لەئەنجامی خەیاڵات و سەرقاڵی مرۆڤەوەیە بە مەسەلەیەکەوە.

پێش ئەوەی کە پەروەردگار وەحی بنێرێت بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بەگەلێك شێوە ئامادەی دەکرد بۆ وەرگرتنو بەرگەگرتنی وەحی، یەکێك لەو هۆکارانەش خەوبینین بوو کە هەمووی وەك رۆژی رووناك دەهاتنەدی، خەوبینینی راستیش بەشێکە لە چلو شەش بەشی وەحی هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە، واتە وەك جورعەیەکی (مخفف) خوای گەورە داویەتی بە پێغەمبەرەکەی تا وردەوردە ئامادەببێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە داروبەرد سەلامیان لێکردووە یان گەلێك شتی سەیرو سەرسوڕهێنەری دیکەی دیوە کە هەموویان هۆکاری ئامادەکاربوون بۆ پێغەمبەرایەتی. ئێشتاش کە وەحی نەماوە، خەوبینینی راست بەڵگەیەکی گەورەو ئاشکرایە لەسەر وەحی کە بەشێکە لەچلو شەش بەش، بەتایبەتی ئەو خەوانەی کە پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیەو دێتەدی.

پاش هاتنی پەیامی خوایی، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەلێك خەوی بینیوە، وەك ئەو خەوەی لەپێش غەزای ئوحوددا بینی، کە بەشەهید

بوونی کەسێکی نزیکی لێکی دایەوەو خەوەکەش هاتەدیو لە غەزاکەدا (حەمزە)ی مامی(خوا لێی ڕازیبێت) شەهید بوو.

هەروەها لەساڵی شەشەمی کۆچیدا خەوی بینی کە خۆیو موسڵمانان دەچنە شاری مەککە و فەتحی دەکەن، بەڵام ئەوەبوو کە ڕێکەوتنی (حودەیبیە) مۆرکرا کە قورئان لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدۡ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءۡيَا بِٱلۡحَقِّۖ لَتَدۡخُلُنَّ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمۡ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَۖ فَعَلِمَ مَا لَمۡ تَعۡلَمُواْ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتۡحٗا قَرِيبًا ٢٧ ﴾ الفتح. واتە: خوای پەروەردگار خەوی پێغەمبەرەکەی بەراست گێڕا، وە کاتێك خواوەند ویستی دەچنە مەککەوە بەبێ ترس، وە سەرتان دەتاشنو کورتی دەکەنەوە، خواوەند شتێکی زانیوە کە ئێوە نایزانن‌و پەی پێنابەن، لەبەر ئەوە لە جیاتی فەتحی مەککە ئەم ساڵ ڕێکەوتنی (حودەیبیە)ی بۆ فەراهەم هێنان.. ئەوەبوو لەساڵی حەوتی کۆچیشدا خەوەکە هاتەدیو فەتحی مەککەیان کرد.

هەروەها کاتێك موسڵمانان سەرگەرمی ئەوەبوون کە چۆن بڕواداران بۆ نوێژ کۆبکەنەوە. (عبدالله ی کوڕی زەیدی کوڕی **ثعلبة**). خەوی بینیو لەخەوەکەیدا پیاوێکی جل سەوزی بینی کە زەنگێکی بە دەستەوە بوو، پێی وت: برا ئەو زەنگە نافرۆشیت؟! ئەویش وتی: بۆچیتە؟ عبدالله وتی: دەمانەوێت بەهۆیەوە موسڵمانان کۆبکەینەوە بۆ نوێژ، پیاوەکە وتی: باشە من شتێکی دیکەت فێردەکەم کە لەو زەنگە چاکترە بۆتان، جا فێری بانگدانی

کرد، بۆ بەیانی خەوەکەی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی فێری بیلالی بکە با بەوجۆرە بانگبدات، کە بیلال بەوجۆرە بانگیدا عومەری کوڕی خەتتاب وتی: بەخوا منیش ئەمشەو هەمان خەوم بینی.

هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەموو رۆژێك دوای نوێژی بەیانی بە هاوەڵانی دەفەرموو کەس خەوی نەدیوە بۆمانی بگێڕێتەوە، ئەگەر یەکێکیش خەوی بگێڕایەتەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆی لێك دەدایەوە.

ئاینی ئیسلام ئاینێکی (واقیعی)یەو لەگەڵ (واقیع)دا مامەڵە دەکاتو چارەسەر بۆگشت کێشەوگرفتەکانی مرۆڤ دادەنێتورێنمایی دەکات بۆ هەموو کاروکردەوەیەکی خێرو چاکە لەدنیاو ئاخیرەتدا، هەروەها کێشەو گرفتە دەروونییەکانو تەنانەت خەوەکانیش ئیسلام گرنگی پێداوەو راستی ئەو مەسەلەیەشی بۆ روون کردۆتەوە.

مامۆستا (محمد احمد الراشد) لە باسی گرنگی خەودا لە پەڕاوی (صناعة الحیاة)دا دەڵێت: هەندێك لە بانگخوازان ئەم مەسەلەی گرنگیدانە بەخەو بەلایانەوە سەیرەو وادەزانن کە ئەمە ڕاکردنە لە واقیع، نەخێر ئێمە ناڵێین چاوەڕێی خەوبینو دەست لە ئەژنۆ دانیشین، بەڵکو قۆڵی لێ هەڵدەماڵێنو شەوو رۆژ دەخەینە سەریەك، لەگەڵئەوەشدا ئەگەر برایەك خەوێکی باشی بینیو مژدەی خێری تیابوو، دڵی پێخۆش دەکەین، من بڕوام بە پلاندانان و

بەرنامەڕێژی واقیعییە، بەڵام دڵێکیشم هەیە کە شایەتیم بۆدەدات لەسەر زۆرشت، پێش ئەوەی کە بەعەقڵ هەڵــی سەنگێنم.

برایەکمان پیاوێکی خواناس‌و ڕاستگۆ بوو، خەوێکی بینی کە لەفڵانساڵ‌و لە مانگی ڕەجەب‌و لەڕۆژی دووشەممەدا، فڵان کاربەدەستی زاڵم دەمرێت، وە ئەم خەوەی بۆ براکان گێڕایەوە، ئەوانیش دڵیان پێخۆش کرد، بەڵێ ئەو کات‌و وەختە هات‌و دووشەممەی مانگی ڕەجەب ڕۆی‌و هیچ ڕووی نەدا، دووشەممەی دووەم و سێیەم هات‌و هەر هیچ ڕووی نەدا، دووشەممەی چوارەمی مانگەکە هات‌و گەیشتە ئێوارە، براکان چوونە ماڵی ئەو برایەو وتیان: کوا خەوەکەت نەهاتەدی؟! ئەویش لەوەڵامدا وتی: من دڵنیام کە ئەو کاربەدەستە زاڵمە ئەمڕۆ مردووە، بەڵام هێشتا ڕانەگەیەندراوە، وەرن با گوێ لە دەنگوباسی ڕادیۆکان بگرین، ئەوەبوو پاش چەند سەعاتێك لە دەنگوباسەکانی جیهاندا باسکرا.

مەسەلەی خەوی چاك بەستراوە بەدڵ‌و دەروونی پاکەوە، بەتایبەت ئەگەرکەسەکە بە دەستنوێژەوەو بەدەم ویردو دۆعاوە بخەوێت. وە لەبەر ئەوەی کە هەمیشە بڕوادار دڵخۆش‌و بەهیوا بێت‌و تووشی دڵتەنگی‌و ڕەشبینی نەبێت،پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (إنَّ أحدَكُم إذا ترى رؤيا يُحبها فَهي مِنَ الله وَليَحمَدِ الله عليها، وليُحدث بِها الناس، وإذا رأي غير ذلك مما يَكرهُ فإنما هي مِنَ الشيطان، فليَستَعِذ باللهِ مِن شَرَها ولا يَذكُرها لأحدٍ فَإنها لا تَضُرهُ) بوخاری... واتە: ئەگەر یەکێك لەئێوە خەوێکی باشی بینی، ئەوە لە خواوەیەو با سوپاسی خوابکات لەسەری‌و بۆ

خەڵکی باسبکات، وەئەگەر خەوێکی ناخۆشی بینی ئەوە لە شەیتانەوەیەو با پەنا بگرێت بەخوا لە خراپی ئەو خەوەو بۆ کەسی باس نەکات، چونکە ئەو خەوە زیانی پێناگەیەنێت.

## مزگێنیەکان

پەروەردگار شەو و رۆژی داناوە، کە مرۆڤـ لە رۆژدا هەوڵو کۆششی خۆی بکات و لە شەویشدا پشووبداتو بخەوێت، جا لەکاتی نووستنیشدا مرۆڤـ خەودەبینێت کە ڕەنگە زیاتر بەهۆی رۆحەوە بێت، خەوبینین هەندێکی لە خواوەیە و مژدەو بەشارەتێکە لەم ژیانی دنیایەدا هەروەك قورئان دەفەرموێت:﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأٓخِرَةِۚ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ ﴾ یونس.

واته: بێگومان دۆستانی خودا هچ ترسیان تووش نابیّ، وە پەژارە ئەوان داناگریّ (دوای ئەوەی کە مردن).(دۆستانی خودا) کەسانێکن کە ئیمانیان هێناوەو پارێزکارن. لە دنیاو قیامەتدا مژدەیان دەدرێتیّ.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (هیچ نەماوە لە پێغەمبەرایەتی (النبوة) تەنها مزگێنیەکان(مبشرات) نەبێت، ئەویش ئەو خەوە باشانەیە کە موسڵمانێك دەیبینێت یان یەکێك پێوەی دەبینێت ).

خەوبینینی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت وەحیەو خەوبینینی موسڵمانیش (بەمەرجێك لە چوارچێوەی فەرمانەكانی قورئان و سوونەت دەرنەچێت و شتێكی تیانەبێت كە پێچەوانەی شەرعی خوابێت) مژدەومزگێنییە بۆ ئەو كەسە، جا ئەو خەوە پەیوەندی بە رابردوو یان ئێستا یاداهاتووەوە هەبێت.

## چەند خەوێكی سەروەرمان:

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چەندین خەوی بینیوەو بۆ موسڵمانانی گێڕاوەتەوەو بۆی لێكداونەتەوە لەوانە:

١- لەخەوما جامێك شیریان بۆ هێنام ئەوەندەم لێخواردەوە، تاوەكو هەستم دەكرد لە نینۆكمەوە دەهاتە دەرێ، پاشان ئەوەی مایەوە دام بە (عومەری كوڕی خەتتاب)، هاوەڵان وتیان: بەچی لێكی دەدەیتەوە؟ ئەویش فەرمووی: بەزانست و زانیاری لێكی دەدەمەوە. (موسلیم).

٢- لەخەوما دیم كە كۆچ دەكەم لە مەككەوە بۆ ناوچەیەك كە دارخوارمای لێبوو، وام هەست كرد ئەو ناوچەیە رەنگە (یەمامە) یان (هەجەر) بێت لەیەمەن، كەچی شاری (یثرب) دەرچوو، وەهەروەها لە خەوەكەمدا بینیم كە شمشێرەكەم راوەشاندو نووكەكەی شكا، تەئویلەكەشی ئەو نارِەحەتییە بوو كە تووشی موسڵمانان بوو لە غەزای ئوحوددا،هەر لەخەوەكەمدا شمشێرەكەم راوەشاندەوە جارێكی دیكە، شمشێرەكەم چاك

بووەوە لە جاران چاكتر، ئەویش ئەو فەتحە بوو كە خواكردی بۆمانو كۆبوونەوەو یەك بوونی موسڵمانان بوو.. إقتران النیرین/ل٢٧٩/بەرگی دووەم.

٣- پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم لە خەویا (عومەری كوڕی خەتتاب) دەبینێت كە كراسێكی درێژی لەبەردا بووەو لە درێژیدا بەزەویدا خشاوە، ئەمەی بە زۆری بڕواو ئیمانی عومەر لێكدایەوە.

٤- هاوەڵانی پێغەمبەرصلی الله علیەوسلم خۆشیان خەویان لێكدەدایەوە، هەروەك عومەری كوڕی خەتتاب لەخەویا دەبینێت كەڵەشێرێك سێ جار دەنووك دەدا لەسەری، بەوە لێكیدایەوە كە دەكوژرێتو شەهید دەبێت، ئەوەبوو هاتەدی و شەهید كرا. (إقتران النیرین/ ل ٣٩٠ / بەرگی نۆیەم).

جاری واهەیە خەو لێكدانەوەكە دەگۆڕێت بەپێی بارووزرووفی ئەو كەسەی كە خەوەكەی بینیوە..

دەگێڕنەوە ئافرەتێك مێردەكەی لەسەفەر دەبێتو خەو دەبینێت كە كۆڵەكەی سەقفیماڵەكەیان شكاوە، دێتە لای پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم كە بۆی لێكبداتەوە، ئەویش فەرمووی: مێردەكەت لە سەفەر دەگەڕێتەوە، پاش ماوەیەك كە مێردەكەی دێتەوە، هەر هەمان ئافرەت هەمان خەو دەبینێتەوە، دێتەوە بۆلای حەزرەت (صلی الله علیە وسلم) كە بۆی لێكبداتەوە، پێغەمبەری خوا لەوێ نابێتو ئەبوبەكر بۆی لێكدەداتەوەو پێی

دەڵێت: خەوەکەت وادەگەیەنێت کە مێردەکەت دەمرێت. (احلام الأنبياء والصلحاء – يونس شيخ ابراهيم لا٢٥).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: گەورەترین ئایەت لە قورئاندا (ئایتەل کورسی) یەو هانمان دەدات کە لەپێش نووستندا بیخوێنین،بۆ ئەوەی شەیتانمان لـێ دووربکەوێتەوە، وە ئەگەر خەوێکی خراپمان بینی سوننەتە پەنا بگرین بەخواو بۆ کەسی نەگێڕینەوە، کابرایەکی دەشتەکی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی: لە خەوما هەستم کرد کە سەرم بڕدراوەو گلۆر دەبێتەوە، منیش بەشوێنیدا رامدەکرد، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: خەوێك مەگێڕەرەوە کە شەیتان گەمەو گاڵتەی پێ کردوویت. (اقتران النيرين –بەرگی پێنجەم).

## ئیبن سیرین ئەڵێت:

(ئیبن سیرین) دەڵێت: ئەگەر کەسێك لەخەودا حەزرەتی بینی، بەمەرجێك هەموو سیفاتو رەنگو روخساری پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) تیابێت، هەروەك بۆمان گێڕراوەتەوە، نەکورت بووو نە درێژ، نە قەڵەوبووەو نەلاواز، روخساری پیرۆزی وەك مانگی چواردە درەوشاوەتەوە، ئەوە بەڕاستی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) بینیوە، چونکە شەیتان ناچێتە بەرگی پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم)، بەڵام ئەگەر وانەبوو، ئەوا ئەو خەوە لێکدەدرێتەوە (اقتران النيرين ل١٦٧ ) بەرگی ٥.

## تێگەیشتنێكی جوان:

پیاوێك هاتە لای سەعیدی كوڕی موسەیب وتی: خەوم بە سەرووەرەوە بینیوە (صلى الله علیه وسلم)،ئەویش پێی وت: برام خوا ئەوی ناردووە مژدەدەرو ترسێنەر بێت، ئەگەرچاكیت زیاتر چاكە بكە، ئەگەر واش نیت تەوبە بكەو خۆت چاك بكە.

خەوبینین بەو زاتە موبارەكەوە جاری واهەیە مزگێنی ومژدەیە یان ئاگادار كردنەوەیە، لەهەردووحاڵەتەكەدا ئەوەی بینیویەتی خۆی باش حاڵی خۆی دەزانێت، ئەگەر چاكە چاكتربێت و سوپاسی خوا بكات لەسەر ئەو مزگێنیە، وەتا باسیشی نەكات باشترە بۆئەوەی ئەو دەرگایەی لێدانەخرێت و مزگێنی تریشی بەدوادا بێت، وەئەگەر حاڵێشی باش نیە سوپاسی خوا بكات كەفەرامۆش نەكراوەو ئیرادەی خێری پێیەتی و بەوخەوە ئاگاداركراوەتەوەو هەرچی زووە خۆی چاك بكات وكەموكوڕیەكانی نەهێڵێت..

## خۆشویستنی سەرووەرمان (صلى الله علیه وسلم):

هاوەڵان خۆشبەخت و خوا پێداوبوون پێغەمبەریان (صلى الله علیه وسلم) لەنەفسی خۆیان خۆشتر ئەویست و ئەو هەموو قوربانیەیان دا بەسەرو بەماڵیان، ئەوانەی دوای ئەوانیش دێن لەبرِواداران هەیانە سەرو ماڵی ئەبەخشێت بۆچاوپێكەوتنێكی ئەو سەرووەرە: ( إنَّ قومًا يأتون مِن بعدي، يوَدُّ أحدُهم أن يفتَدِيَ برُؤيتي أهلَه ومالَه): أبو هريرة – صحيح..

ئەمە لەکاتێکدا کەخۆشەویستیش تامەزرۆی بینینی براکانی بووە کەدوای خۆی دێنە دونیاوەو بڕوای پێدێنن .

بینینی ئەو زاتە موبارەکە شەرەفێکە هەرکەس دەستی بکەوێت، ئەوەتا خۆی دەفەرموێ: ( طوبَى لِمَنْ رآني، ولِمَنْ رأى مَنْ رآني، ولِمَنْ رأى مَنْ رآنِي) ... الألباني..صحيح الجامع .صحيح.

هەرچی لە زەوی و ئاسمانەکاندان ئەزانن کە ئەو پەیامبەرە تەنها هەندێ سەرگەردانی ئینس و جین نەبێت...

حوشترێکی بەنی نەجار کەس ناوێرێ بچێ بەلایا ڕەسول اللە (صلى الله عليه وسلم) ئەچێت بۆلای و،حوشترەکە چۆك دادەدا لەبەردەمیا وخۆشەویست لغاوی دەکات و دەیداتەوە دەست خاوەنەکەی و دەفەرموێت: هەرچی لە زەوی وئاسمانەکاندایە دەزانن من پێغەمبەری خوام تەنها هەندێ سەرپێچیکاری ئینس وجین نەبێت.

( أقبلْنا مع رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ حتى دفعَنا إلى حائطٍ في بني النَّجَّارِ، فإذا فيه جملٌ لا يدخلُ الحائطَ أحدٌ إلا شدَّ عليه، فذكروا ذلك للنبيِّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ، فأتاه فدعاهُ، فجاء واضعًا مِشفرَهُ على الأرضِ حتى برك بين يديه، فقال: هاتوا خِطامًا فخطمَه، ودفعه إلى صاحبِه، ثم التفت فقال ما بين السماءِ إلى الأرضِ أحدٌ إلا يعلمُ أني رسولُ اللهِ إلا عاصِي الجنِّ والإنسِ). إسناده حسن: الألباني: السلسلة الصحيحة.

عادەتی ئەهلی مەککە وابوو ساڵانە لە ڕەجەبدا خۆیان ئامادەئەکردو ئەکەوتنە ڕێ بەرەو مەدینە بەکۆمەڵ ولەگەڵ حوشترەکانیان کەدووهەفتەیەکیان پێدەچوو، کە دەگەیشتنە نزیك مەدینە خۆیان دەشت و جلو بەرگی پاکیان دەپۆشی، ئەوەی سەیرە کە لەدوورەوە مزگەوتی مەدینە دەرئەکەوت حوشترەکان فرمێسك لە چاویان دەهات کە ئەمەش زیاتر گڕی بەر ئەدایە دڵ و دەروونی مەککەیەکان و ئەوانیش بەکوڵ لەخۆشەویستی ئەو زاتەدا ئەگریان.

کەئەمەش پیرەکانی مەککە شایەتن لەسەری وباسی دەکەن. قەدی دارخورمایەك کە سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) وتاری ئەدا لەلایەوەو کە مینبەریان بۆدروست کرد وچووە سەر مینبەرەکەی ئەو دارە بێگیانە نوزەی ئەهات و ئەینالاند لەدووری ئەونازدارە وهاوەڵان گوێیان لێبوو، تا خۆشەویستمان چووە لایەوە ودەستی موبارەکی پیاهێناو بێدەنگ بوو ..جا حەزرەتی عومەر ئەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن لەدووری تۆ نەناڵێن لەکاتێکدا قەدی دارخورمایەکی بێگیان لەدووریت ناڵاندی؟

خاتوو عائیشە ئەڵێت: پشیلەیەك لەماڵمان هەبوو تا سەروەرمان لەماڵ بوایە بێدەنگ دائەنیشت کەئەو لەماڵ نەدەبوو جێی بەخۆی نەدەگرت..

## خەوبینین بە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم):

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (هەر کەسێ لەخەویدا من ببینێ، ئەوە خەوێکی راستو دروستی دیوە، ئەو کەسەی لەو خەونەدا دیویەتی من بووم، چونکە شەیتان خۆی بۆ ناکرێت بەمن و ناتوانێت بچێتە شێوەی منەوە) بوخاری .

زانایان دەڵێن: ( بەمەرجێ دیتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەخەوندا دادەنرێ بەڕاست، کە شێوەی بینراوەکە لەو خەونەدا نزیك بێ لە شێوەی ئەو زاتە لەکاتی ژیانیدا، وەك لەسوننەت و سیرەتدا هاتووە).

خوای گەورە دەیەوێت پەیوەندی موسڵمانان بەتین بێت بە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم)و لەسەروماڵی خۆیان زیاتر خۆشیان بوێ، رەنگە لەبەر ئەمەش بێت کە بەفەرمانی خوای پەروەردگار زۆر مژدەومزگێنی و بەشارەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەخەو دەیدات بە موسڵمانان. ئەمەش نموونەی هەندێك لەو خەوانەیە:

## پێشەوا شافیعی

پێشەوا شافیعی خوا لێی رازی بێت چەندجار خەوی بەسەرورەرمانەوە بینیوە صلى الله عليه وسلم، جارێك تەرازوویەکی ئەداتێ کەبەوە تەئویلی کرد کە مەزهەبەکەی هاوسەنگە.(الكواكب الدريه ١-٢/٤٠٧).جارێکیش لەخەودا میوەی داوەتێ خواردوویەتی وجارێکی دیکەش خورما لەبەردەمی

ئەو زاتەدا بووەو ئەم لـێی خواردووەو ناوی بردووە بەشێخ و پێشەواو فەقیە، کاتێکیش شەکوای حاڵی خۆی لادەکات بە زەردەخەنەوە پێی دەفەرموێت: من پشتگیرو هاوکارتم.

هەروەها لـەخەویدا شافیعی خستبووە سەر مینبەرەکەی و هانی پیاوباشانی دابوو کە ئامادەی مەجلیسەکەی بن.(مرآة الجنان ٢/٢٣)

## پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

ناوبراوکەزۆر جار خەوی بەسەرووەرمانەوە دەبینی دەڵێت: لـەخەودا بەخزمەت خۆشەویستمان گەیشتم (صلى الله عليه وسلم) لـێم پرسی ئەوانەی کە ئەبوهورەیرە لـەتۆوە ئەیگێڕێتەوە ڕاستن؟ فەرمووی: بەڵێ. (تەبەقاتی حەنابیلە ١-٣١٩ ).

## ئەبو قاسمی قوشەیری

ناوبراودەڵێت لـەخەوما بەخزمەتی پێغەمبەری خوا گەیشتم صلى الله علیەوسلـم، پێی فەرمووم: بۆ ئاوا بەخەمباری دەتبینم؟

منیش وتم: کوڕەکەم زۆر نەخۆشە.

ئەویش فەرمووی: ئایەتەکانی شیفای بەسەردا ناخوێنیت؟ لـەخەو ڕاپەڕیم و دەستنوێژم شتو دوو ڕکات نوێژم کرد، پاشان لـەژوور سەری کوڕەکەمەوە دانیشتمو سێ جار ئایەتەکانی شیفام بەسەردا خوێندو لـەسایەی

خواوە چاکبووەوە، ئایەتەکانیش ئەمانەن: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧ ﴾يونس.

﴿ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلٗاۚ يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٦٩﴾النحل. ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارٗا ٨٢﴾ الإسراء. ﴿وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ٨٠﴾الشعراء. ﴿قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۖ﴾ فصلت. (احلام الأنبياء والصلحاء/ يونس شيخ ابراهيم لا٢٥).

## مامۆستا مەلا محمد

ناوبراو لە مزگەوتی قەرەچیۆار لەسلێمانی ئیمام بوو، لە کۆڕەوەکەدا ساڵی ١٩٩٠ کاتێك ویستی لەشار دەرچێت لەسەر دەستی سەربازەکانی رژێمی بەعس شەهید کرا، دەڵێت: شەوێکیان لەخەوما بەخزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گەیشتمو پێی فەرمووم: برِۆ بۆ لای (حاجی عەلی ( پیاوێکی خواناس بوو دوکانی پێڵاو فرۆشتنی هەبوو لە بازاڕی حەوزە وشکەکە)، سەلامی لێبکەو پێی بڵێ: بۆچی چەند رۆژێکە سەڵاواتەکانی کەم بوونەتەوە؟ کە رۆژبووەوە مەلا محمد دەچێت بۆلای حاجی عەلیو پاش سەلام خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ئەویش چاوی پڕدەبێت لە ئاوو دەڵێت: راست دەفەرمویت چەند رۆژێکە سەرم قاڵەو سەڵاواتەکانم کەمبوونەتەوە.

## محمد فوئاد عەبدول باقی

مامۆستا صالح رشید لەزانکۆی هەولێر مامۆستای زمانی عەرەبی بوو دەڵێت: چوومە خزمەتی (محمد فوئاد عەبدولباقی) لەمیسر، بەڕاستی پیاوێکی بۆ خوا سوڵحاو بوو، کاتێك کە (المعجم المفهرس لألفاظ القرآن)ی دانا، دیارە کە کارێکی زۆر گەورەو پیرۆزوگران بوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)(١٤)جار چووبووە خەویەوەو ئەو هەڵانەی بۆ ڕاست کردبۆوە کە لەپەڕاوەکەیدا کردبوونی.

## مامۆستا مەلا عبداللّٰەی مزگەوتی گەورە

خوا لێی خۆش بێت خواناس بوو، بڕوانامەی مەلای دوانزە عیلمی نەبوو.(بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەوقاف)ی ئەوسا فەرمانێ دەردەکات، گوایە هەرچی مەلای دوانزە عیلم نەبێ نابێ ببێ بەئیمام و دەبێ مەلاکان لەتاقیکردنەوەی تایبەتدا لە بەغدا ئامادەبن بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە ئەگەر نەیان بێت.. مامۆستا مەلا عبداللّٰەش ناچار دەچێت بۆ بەغداو بەپلەی یەکەم دەردەچێ. کەدێتـەوە سلێمانی، مامۆستا مەلا عینایەت خوا لێی خۆش بێت لێی دەپرسێت: مەلا عبدالله چۆن پلەی یەکەمت بەدەستهێنا، خۆ تۆ زۆر لەو تاقیکردنەوەیە دەترسایت؟

ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شەوی تاقیکردنەوەکە هاتە خەوم و هەموو پرسیارو وەڵامەکانی پێووتم.

### شەوانی هەینی

مامۆستایەکی دۆستم بۆی گێڕامەوە کە تا ساڵی ١٩٨٥ ئەوەندە لایەنی ڕۆحی باش بوو، هەموو شەوی هەینیەك بەخزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)دەگەیشت لە خەوداو بەدیداری موبارەکی شاد دەبوو، ئێستاش جاروبار بەخزمەتی دەگات .

### مامۆستا منصور على ناصف

ناوبراوحەوت ساڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کۆدەکاتەوە، پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)دەچێتە خەوی و داوای لێدەکات کە ڕاڤەیان بکات، ئەویش حەوت ساڵی تر خەریکی نووسینی ڕاڤەکەی دەبێت و بەمەش پەڕاوی (التاج الاصول في أحاديث الرسول) چاوی بەدنیا هەڵهانی و تا ئێستا موسڵمانان سوودی لێوەردەگرن و مامۆستا (نوری فارس)یش خوا پایەداری بکات وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

### دکتۆر مستەفا مەحمود:

ساڵی ١٩٢١ لەدایکبووەو ٨٨ ساڵ ژیاو لە ٢٠٠٩ دا کۆچی دوایی کرد. ساڵی ١٩٥٣ کۆلێژی پزیشکی تەواوکردو ساڵی ١٩٦٠ وازی لێهێنا و خۆی دەستبەتاڵکرد بۆ نووسین.

## هۆكاری ئیمانهێنانی:



دكتۆر دەڵێت: شەو درەنگ دەنووستم وبەیانیان درەنگ هەڵدەستام لەخەو، بەیانیەكیان بۆمن زوو بوو تەلەفونێكم بۆكرا لەلایەن برادەرێكم بەناوی جەلال عیشری، كەزانی خەوالووم داوای لێبوردنی كردومنیش خەوتمەوە، لەخەوما جەلالم بینی لەگەڵ شەوقی عەبدول حەكیمی برادەرم كە لە گۆڤاری (صباح الخير) وتاری دەنووسی، هەردووكیان باسی ڕەخنەو كۆمەڵێ بابەتی ئەدەبیان دەكرد لە شەقامی سلێمان پاشا لە قاهیرە، كەخەبەرم بۆوە تەلەفونم بۆ جەلال كردو وتم: خەوێكی وام دیوە زۆر سەرسام بوو وتی: هەردەڵێی لەگەڵمانا بوویت.

منیش زۆر سەرسام بووم لەو خەوە و گەڕام بەدوای هۆكاری ئەو خەوەدا تەنانەت چووم بۆ لای باڵوێزی هیندی و ئەویش ناوی كۆمەڵە كتێبێكی بۆ هەڵدام لەبارەی تەركیزكردن و شتی دیكەوە كە لە كتێبخانەیەكی بەریتانیا گوایە دەستدەكەون، چووم لەبەریتانیا لەوكتێبخانەیە كتێبەكانم پەیدا كرد كەتۆزیان لێنیشتبوو، بە خاوەن كتێبخانەكەم وت: ئەم كتێبانە چۆنن؟ وتی: پولێك ناهێنن و لام سەیرە خەڵك پارەیان پێئەدەن.

گەڕامەوە ڕاستی كرد هیچ سوودێكم لێنەبینی وتێگەیشتم ئەو جۆرە خەوو ئیلهامانە رزقی خوان و بەشێكن لە ٤٦ بەشی پێغەمبەرایەتی، وەكو

ئیقامەی حوججە پیشانی کافروموسڵمانیشی ئەدات تا بەخۆیانا بچنەوەو لەمەسەلەی غەیب و وەحی تێبگەن.

برادەرێکی کۆمۆنیستیشم خەوی دیبوو کە دوای سێ رۆژ عبدالناصر دەمرێت، منیش پێموت: جا ئەگەر خەوەکەت هاتەدی هەقە واز لە کۆمۆنیستی بهێنیت و ئیمانبهێنی بەخوا چونکە خوا نەبێت کێ دەزانێت سێ رۆژی دیکە ئەوە روودەدات، دوای سێ رۆژ عبدالناصر مردوکەچی بەداخەوە ئەو برادەرەم بڕوای نەهێنا.

## گەوهەری بەنرخی ئیسلام

دکتۆر مستەفا مەحمود دەڵێ: ساڵی **١٩٦٨** لە شاری ریباتی مەغریب ئافرەتێکی فەڕەنسیم بینی تەمەنی شەست ساڵێك دەبوو، باسی خۆی بۆ کردم و وتی: سی ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ کۆمەڵێك هاوەڵمدا هاتین بۆ مەغریب بۆ گەشتیاری، شەوێك لە ئوتێل لەخەوما پیاوێکی نورانی جل سپیم بینی هەستم کرد کە پێغەمبەری خوایەو قورئانێکی دامێ، کەخەبەرم بۆوە زۆر سەرسام بووم و بۆ هاوەڵەکانم گێڕایەوە، کردیانم بەکێوا، وتیان: ئەوە خەیاڵاتەو لەبیرخۆتی بەرەوە، سەردانی چەند رۆژهەڵاتناسێکی بیانیم کردو گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەو خەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دیراسەی ئیسلام بکەم.

هاوەڵەکانم ویستیان بگەڕێمەوە لەگەڵیان، نەگەڕامەوەو دیراسەی ئیسلامم کردو موسڵمانبووم وبڕیارمدا لەمەغریب بژیم، پاش پانزە ساڵێك لە حەمام خۆم دەشت هەستم بەشتێ کرد لەسنگمدا، چوومە لای پزیشك

وتی: بەداخەوە شێرپەنجەیە لەمەمکتداو بلاًویش بۆتەوە و لە قۆناغەکانی دوایدایەو ناتوانین هیچت بۆ بکەین.

هاتمەوە نەخۆش و ناساغ لەشوققەکەمدا دەژیام، پاش ماوەیەك هەندێ لەهاوەڵە دێرینەکانم هاتنەوە مەغریب و سەردانیان کردم، کەمنیان بەو حاڵەوە بینی وتیان: وەرەوە لەگەڵمان لەفەڕەنسا پزیشکی باشتر هەیەو چارەسەرت دەکەن، چی هەوڵیان لەگەڵدام نەچوومەوە.

شەوێ بەرماڵم داخست وکەوتمە نوێژکردن بەجۆرێك کە هەموو خانەکانی جەستەم لەنوێژدابوون، زۆرگریام وزۆر پاڕامەوە و وتم: خوایە تەنها تۆ شك دەبەم وەرە بەهانامەوە، ئەوەتا هاوەڵەکانم گاڵتەم پێدەکەن و بەدەروێشێکی سەرگەردان و نەفامم دەزانن. هەرلەسەر بەرماڵەکە خەوم لێکەوت، کە بۆ نوێژی بەیانی خەبەرم بۆوە هەستم بەچاکی کردو دەستم دا لە سنگم هیچی تیانەمابوو، بەیانی چوومەوە لای پزیشکەکەم فەحسی کردم وسەری سوڕما کەچۆن ئەو نەخۆشیە لەجەستەمدا نەماوە.

دکتۆر مستەفا دەڵێت: خۆم نەمبینیایە رەنگ بوو بڕوام نەکردایە، سبحان الله بەڕاستی خوا هادی یە و کافیەو شافی یە. ئافرەتەکە پێی وتم: خوای گەورە گەوهەرێکی بەنرخی داونەتێ کەئیسلامەو ئێوە قەدری نازانن.

## ماموٚستا مەلا محمدی بەرزنجی:



کاك دکتوٚر صباح بەرزنجی دەڵێت: باوکم ساڵی ١٩٤٥ لە دایکبووەو و هەر لەمناڵیەوە چوٚتە حوجرەو کە جزمی عەمە تەواودەکات ماموٚستاکەی داوا لەم و هاوەڵەکانی دەکات کە قورئانی سی جزمی ببەن بوٚ دەرس خوێندن، دیارە ئەوزەمانە قورئانی گەورە زوٚر کەمبووە بەتایبەت لەلادێ.

ئەوکاتە تەمەنی ماموٚستا مەلا محمد حەوت ساڵێك دەبوو شەو خەو بەخوٚشەویستەوە دەبینێ (صلی الله علیه وسلم)، کە قورئانێکی بەدەستەوەیەو منالاَن سەرەیان گرتووە بوٚی، ئەمیش لەدوواوە دەبێت زوٚرخەمی دەبێت کە قورئانەکە بدات بەم، بەهەرحاڵ ئاواتەکەی دێتەدی وکە دەگاتە بەردەم سەروەرصلی الله علیەوسلم قورئانەکەی ئەداتیێ و خەبەری دەبێتەوە، ئەملا دەکاو ئەولا دەکات و بەدایکی دەڵێت: کوا قورئانەکەم؟

ئەویش دەڵێت: قورئانی چی کوڕی خوٚم دیارە خەوت بینیوە؟

کەدەچێت بوٚمزگەوت مەلا عارفی ولەژێر دەبینێت کە زانایەکی خواناس بوو،قورئانێکی بەدەستەوە دەبێت دەیداتیێ ودەڵێت: ئەوە قورئانەکەی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم).

## ئەچن خەریکی چی دەبن؟

نازانم چۆن هەندێك غیرەتیان قبوڵ دەكات ساحەكە جیٚ بهێڵن،گریمان دەچن لەرەوزەی شەریف عیبادەت دەكەن (كەواش نیە ) دەی نابێت بە هەوڵ و تێكۆشان لەرێی خوادا. خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویٚت: فەزڵی عالم بەسەر عابیدا وەك فەزڵی منە لەچاو كەمترینتانا.

دكتۆر محمد راتب نابلسی دەڵێت: لاویكی خواناسی تەمەن شانزە ساڵ لە شامەوە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەچێت بۆ مەدینەو دەیەویٚت لەویٚ بمێنێتەوەوخواپەرستی بكات لەمزگەوتی مەدینەدا.

خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) لەخەودا پێی دەفەرمویٚت: كاركردنت لەولاٌتەكەی خۆت باشترە لەوەی لای من بمێنیتەوە، راستە لێرە خواپەرستی دەكەیت و بەختەوەر دەبیت، بەلاٌم كارەكانت دەوەستێت وپلەوپایەت بەرزنابێتەوە.

ئەویش دەگەرێتەوە شام و قوتابخانەیەكی ئاینی دەكاتەوە كەتا ئێستاش ماوەو هەشتا ساڵ وانەی تیادەڵێتەوەولە نەوەدوشەش ساڵیدا دەمریٚت. زۆرجار قوتابی وای هەبوو پێی دەوت: كورِم باوكیشت وباپیریشت قوتابی من بوون. جاچەندخواپەرستی بكەین باشە، بەلاٌم خواپەرستی و بانگەوازكردن باشترە، چونكە بانگەوازكردنەكە سوود بەكەسانی تردەگەیەنێت و پلەمان لای خوا بەرزدەبێتەوە.

## خۆری شام

شێخ محمد بەدرەدین ئەلحەسەنی کەفەرموودەناسی گەورەی شام بوو، ساڵی ١٨٥٠ ی زایینی لەدایکبووەو ساڵی ١٩٣٤ کۆچی دوایی کردووە، خزمەتێکی گەورەی بە ئاینی ئیسلام کرد وقوتابی زۆری پێگەیاند،ماڵ وموڵکی زۆری بۆمابۆوە لە باوکیەوە، دەست کراوەبوو بۆخزمەتی پەیامەکەی وهەمیشە لەخەمی هیدایەتی خەڵکدابوو.

ناوبراو رۆژی ١٥ کاتژمێر وانەی دەوتەوە بەدرێژایی دەیان ساڵ، شەویش زۆرکەم دەخەوت و شەونوێژی دەکرد ئەمە بێجگە لەوەی زۆر بەرۆژووبووە.

خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) لەخەودا پێی فەرموو: کورِم فێری سەلاواتێکت دەکەم تۆ ئاوا سەلاواتم لەسەربدە، شێخ لەخۆشیا گریا کە پێی فەرموو کورِم، خۆشەویست فەرمووی بڵێ: اللهم صل على سيدنا محمد النبـي الأمي الحبيبِ المحبوب العالي القدر العظيمِ الجاه وعلى آله وصحبه وسلم.

شێخ موحەممەد فوئاد سەلیم تاها زەبەدانی لەشام که نزیکەی ١١٥ ساڵ تەمەنێتی ئەڵێت: لەپەنجاکاندا پیاوێکی ئەفغانی ئەچێ بۆحەج و پاشان زیارەتی مەدینە ئەکات،شەو لەخەودا بەخزمەت سەرووەرمان ئەگات صلى الله علیەوسلم و لێی دەپرسێت چۆن حەزدەکەی سەلاواتت لەسەربدەم؟ ئەویش فەرمووی: برِۆ بۆلای خۆری شام شێخ بەدرەدینی حەسەنی وسەلامی منی پێبگەیەنەو با فێری ئەو سەلاواتەی خۆیت بکات، کاتێك کابرا هات

بۆلای شێخ بەدرەدین من لەخزمەتیابووم، وتی: رەسول الله (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێداوم کەبێم بۆلات و خەوەکەی گێڕایەوە، شێخ زۆرگریاو پاشان ئەم سەڵاواتەی فێرکرد کەخۆشی سەروەرمان فێری کردبوو: اللهم صل على سيدنا محمد النبي الأمي، الحبيبِ المحبوب،العالي القدر، عظيمِ الجاه،وعلى آله وصحبه وسلم..وێنەی شێخ **محمد** فوئادوشێخ بەدرەدین.






## عەبدول لەتیف هاجری

ساڵی ١٩٦٠ لە کوەیت لەدایکبووەوساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کردووە، تەنها بە ٥٣ ساڵ تەمەن نازناوی باوکی بێباوکانی وەرگرت و لەرێی کارە خێرخوازیەکانی جەمعیەی ئیسلاحەوە توانی شەست هەزار مناڵ

کەفالەت بکات و لە سێ کیشوەردا پڕۆژەی خەیری ئەنجام بدات وەك زانکۆی کوەیت لە قیرقیزیا و قوتابخانە و خانەی منالآن و خەستەخانە.

ڕەحمەتی لە تافی لاویدا کاتێ لەسانەوی بوو خەوی بینی لەگەڵ ڕەسولی خواو یاراندایە لە غەزایەکداو ئەم تیری ئەدایە دەست خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم)و ئەویش تیرەکەی دەگرتە دوژمن، زۆردڵی بەم خەوە خۆش بوو تەئویلەکەشی ئەوەبوو کە پاش ماوەیەکی کەم چووە بواری خێرخوازیەوە.

کاتێك پورزایەکی خۆی هێنا مەرجی ئەوەبوو کەپاڵپشتی بێت بۆ کاری خێرخوازی، ئیتر ئەم لە کاتژمێر حەوتەوە کەدەرئەچوو جاری واهەبوو دوانزەی شەو دەهاتەوەو دایکی عبدالرحمان ئەوانەی لەبەرخوا لێ قبوڵ دەکرد. زۆرحەزی لەبۆنی خۆش بوو، پارەی باشی پێئەدا و زۆرشارەزابوو لەجۆری بۆنەکانداو دەیوت: خوایە بەهەشتم دەوێ مەحرومم مەکە لێی تا خۆم نقوم بکەم لەبۆنە خۆشەکانی فیردەوسی ئەعلادا.



## دکتۆر محمد سەعید رەمەزان

کاتێك تەمەنی هەژدە ساڵان بوو باوکی ویستی ژنی بۆ بهێنێت، ئەمیش بەزووی ئەزانی بۆیە باسی هاوسەرگیری لە ئیحیاعلوم الدین دا بۆخوێندەوە تاقایل بوو، لەبەر نەداریش مەلا رەمەزانی باوکی هەندێ کتێبی بەنرخی بۆ فرۆشت.پاش هاوسەرگیریەکەی لە دوای نوێژی بەیانی مەلا رەمەزان دەچێت لە دەرگای دەدات و دەڵێت: ئەوە تۆ خەوتوویت و موبەشیراتیشت بۆ دێت ئەم شەو پێش نوێژی بەیانی هاوەڵان و پێغەمبەرم بینی دروودی خوای لەسەر فەرمووی هاتووین بۆ پیرۆزبایی لەسەعید..



الشيخ مُلا رمضان البُوطي
في الستينات

ئەو موبەشیراتانەو دەیانی تریش لەژیانی ئەو زاتەو کەسانی تر راستە مایەی دڵخۆشین وئەوە واریداتێکی خێرە بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوکەسە دوای ئەوە بەچی دەگات و عاقیبەتی چۆن ئەبێت .ئەوە دکتۆر محمد سعید رەمەزان کەزانایەکی زۆر گەورەیە بەهۆی هەڵویستی لەگەڵ ستەمکارانی سوریادا لۆمەو گلەیی زۆری هاتە سەر، خوا هەموو لایەکمان عاقیبەت خێربکات.

شێخ محمد عەلی صابونی کە زانایەکی گەورەی سوریایەو لە جەددە دادەنیشێ و مامۆستای زانکۆ بوو، وەخاوەنی (صفوة التفاسير)ە بەشار

ئەسەدو باوکی بە موسەیلەمەی درۆزن دادەنێ و ڕەخنەی توند لەو زانایانە دەگرێت کە لایەنگری دەسەلاتی سوریایان کردووەو بەبەرپرسیاریان دەزانێت لەو هەموو خوێنەی کەبەناهەق ڕژێنراوە.

جا مەبەستەکەی من ئەوەیە مەرج نیە کەلێرەدا باسی خەوێکی کەسێك دەکەین بەسەرووەرمانەوە (صلى الله عليه وسلم) مانای وابێت ئەو کەسە چاکەوعاقیبەت خێرە، نەخێر ئەوە لای خوایەو تەنها بۆپەندوەرگرتن باسی ئەو خەوەمان کردووە لەقۆناغێکی ژیانی ئەو کەسەدا، مەرج نیە ئەوکەسە تاسەر باشبێت و لێی نەشێوێت .

## ئەمیری شاعیران:

ئەحمەد شەوقی کە خەڵکی میسرەو بەبنەچە کوردەوساڵی١٨٦٨ لەدایکبووەو، ساڵی ١٩٣٢لەدوارۆژەکانی ژیانیدا زۆرنەخۆش ئەبێت خزمەتکارەکەی هەواڵی ئەداتێ کە شێخ محمد ئەحمەدی زەواهری شێخی ئەزهەر هاتووە بۆسەردانی ئەمیش گوڕوتین ئەداتە بەرخۆی و پێشوازی گەرمی لێدەکات وزۆر پێی خۆش دەبێت کەسەردانی کردووە، شێخ ئەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوێنێ شەو لەخەوما فەرمانی پێدام کەبێم بۆلات و هەوالآت بدەمێ کە چاوەڕێتە.

پاش چەند رۆژێك لەو مژدەیە كۆچی دوایی كرد، ئەڵێن: شەوقی دوای مردنی لەخەودا بەكەسێكی وتووە كەخوا لێی خۆش بووە بەهۆی ئەو هۆنراوەیەوە كەلەسەر خۆشەویست وتوویەتی كەئەوە چەند دێڕێكێتی:

ولد الهدى فالكائنات ضياء * وفم الزمان تبسم وسناء
الروح والملأ الملائك حوله * للدين والدنيا به بشراء
والعرش يزهو والحظيرة تزدهي* والمنتهى والسدرة العصماء
والوحي يقطر سلسلا من سلسل * واللوح والقلم البديع رواء
ياخيرمن جاء الوجود تحية *من مرسلين إلى الهدى بك جاؤوا
بك بشر الله السماء فزينت * وتوضعت مسكا بك الغبراء
يوم يتيه على الزمان صباحه * ومساؤه بمحمد وضاء
يوحي إليك الفوز في ظلمائه * متتابعا تجلى به الظلماء
والآي تترى والخوارق جمة * جبريل رواح بها غداء



## ماموٚستا نوری فارس:




پیاوێکی خواناس لە سولەیمانی ساڵی ٢٠٠٤ بەناوی شێخ محمد پاش حەجکردن و سەردانی مەزارگەی خۆشەویست لە مەدینە شەو لەخەویدا خۆشەویستمان ئەبینێت (صلی الله علیه وسلم) کەپێی ئەفەرموێت: شێخ محمد لەشارەکەی تۆ لەسلێمانی کەسێ بەناوی نووری فارس پەڕاوێکی لەسەر من داناوە زۆرم پێخۆشە، سلاّوی منی پێبگەیەنە.. جا شێخ محمد نە نووری فارسی ئەناسی ونەماموٚستاش ئەوی ئەناسی و وەئاگاداری ئەو کتێبەی ماموٚستاش نەبووە کەبەناوی (شەمائیل موحەممەدیە) یە..

ئەمەش موبەشیرات و مژدەیەکی زۆرخۆشە هەروەك ئەو مژدە خۆشەیە کەدرا بەمەولەوی کەکتێبێکی لەبارەی عەقیدەوە نووسی و شێخەکەی خەوی بەخۆشەویستەوە بینی (صلی الله علیه وسلم) کە فەرمووبووی کتێبەکەی بەلاوە پەسەندەو لێی رازیە بۆیە ئەویش ناوی نا(مرضية).ژیاننامەی م نووری فارس –هەردی صابرلا٢١٤.

## خەوەکەی کاک ئەحمەدی موفتی زادە:

مامۆستا بورهان ئەمینی لەبارەی کاك ئەحمەدی موفتی زادەوە ئەڵێت: ڕۆژێك لە خزمەتیا بووم، لێم پرسی: تۆ چۆن ئەم ڕێگەیەت گرتە بەر؟! چونکە ئەو پێشتر دیموکرات بوو، هەرچەندە لە فەترەی دیموکرات بوونیشیدا هەر دیندار بوو.. ئیتر کە ئەم پرسیارەم لێکرد، تەسجیلمان کردو هەندێ شتی وت، شریتی ئەمانەتەکەی لێهاتە بەرهەم، وەڵامی ئەم پرسیارانەی من بوونە وەڵام و نهێنییەکانی ناو شریتی ئەمانەتەکە..

وتی: لە ڕاستیدا من لەسەر دیموکرات گیرا بووم و لە زینداندا بووم، شەوێك لە خەوما بە خزمەتی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) گەیشتم، بەرێزی بە شکۆیەکەوە دانیشتووەو قورئانێکی بەدەستەوەیە، منیش هاوشێوەی منداڵێك دەستم خستۆتە سەر شانی و وشە بە وشە قورئانەکەم پێ دەڵێتەوە! وتی: ئیدی زانیم کە دەبێ بە ڕاستی و دڵسۆزی لە خزمەتی ئەم قورئانەدا بم..

***

## بێخود بەڕەحمەت بێت



مامۆستا شێخ محمدی شێخ ڕەسولی تەکیەیی هاوەڵی بێخودە بۆی گێڕامەوە کە (بێخود زۆر شەو لە خەودا بەخزمەت خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) ) دەگەیشت و بەوەش زیاتر دڵی وابەستەی مەدینەی پیرۆز بوو. ڕۆژێکیان لە دوای نوێژی بەیانی مامە پیرەیەك بێخودی شاعیری بینی و پێی وت:

بێخود ئەم شەو خەوێکم پێوە بینیوی ئەویش وتی: چی بوو بۆم بگێڕەوە؟

وتی: لەخەومدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە تەنیشتم دا ڕۆیشت و سەلامێکی لێکردم و منیش وەڵاممدایەوە و وتم: وعلیکم السلام یا رسول الله یاخوا بەخێربێی، بۆ کوێ دەچی؟

فەرمووی: دەمەوێ بچمە لای بێخودی شاعیر، پاشان هەندێك ڕۆیشت ولە نیوەی ڕێگادا گەڕایەوە ودەستێکی بلندکرد و ڕۆیشت.

مامە پیرە کاتێك سەری هەڵبڕی سەیری کرد بێخود دلۆپە فرمێسکەکانی ریشی تەڕکردبوو. بێخود وتی: والله ئەمشەو لە خزمەت خۆشەویستدا بووم (صلی الله علیه وسلم) بە نوسینی قەصیدەیەك تا درەنگانێکی شەو، ئیتر لە ناوەندی قەصیدەکەدا ئاگام لە خۆم نەماو خەوم لێکەوت، هەر بۆیە ئەویش لە نیوەی ڕێگادا گەڕاوەتەوە.

ئەمە کەیەکێکە لـە شاکارەکانی بێخود ئەو شەوە نوسیبووی:

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتــووە تۆراوە دڵـــی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئــاخـــۆ بـە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یــاخـــۆ بـــە چ داخێکەوە سوتـاوە دڵـــی من

ئەو هەم دەمی غەمخوارو نەدیمی منە یـــارەب
ئـەو مەحرەمـی ئەسرارو قەدیمی منە یـــارەب
ئەو گەوهەری شـەهـوارو یەتیمی منە یـــارەب
کـەوتـۆتــە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵـــی مـــن

مەجنـونـی دوو گـێسـوی چ لەیلایەکە ئـــــاخـــۆ
یا وامـیـقــی جـــادووی چ عەزرایەکە ئـــــاخـــۆ
دێـــوانـــەی ئاهوی چ سەحرایەکە ئـــــاخـــۆ
کـــام چـیهـــرە پەری دیـــوە کـە ترساوە دڵی من

ئەتلێتەوە گـاهـیٚ بەخـەیـــاڵی خەت و خاڵی
ئەخولـێتەوە گـاهـــیٚ بە چرای شەوقی جەماڵی
نـازانـی ئـەگەر چۆنـە بەدەست دەردەوە حـاڵی
وەك پوش و پەڵاشێکە بەدەم بـاوە دڵـــی مـــن

لەو چــۆڵــی بیابانە ئــەبــێ یاوەری کـــێ بێ
یا بـەو کە ژو کێوانەوە سـەودا سـەری کـێ بێ
یالـەت لـەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ
چۆن ماوە لـەسەد لاوە کە کوژراوە دڵی من

بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکو باران
بۆچی وەکو یەعقوب نەبمە شوهرەی شاران
لـەو یۆسفە پرسیومە لـە بێگانە و یاران
هەر گیز نییە سۆراخی لەهیچ لاوە دڵی من

بۆخۆی بگریم یا نەفەسی پەردە دڕاوی
یا بۆ جگەری کون کون و سەد پارە کراوی
چی کردوە یارەب کە خەو و خواردن و ئاوی
دایم غەم و بێداری و خوێناوە دڵی من

چ بکەم، چ بڵێم، بۆ دڵەکەم کارییە دەردم
شاهیدی منن مویی سپی و چیهرەیی زەردم
خۆڕایی نییە ناڵەی گەرم و دەمی سەردم
هەڵبەت بە بەڵایەکەوە ئاڵاوە دڵی من

ئەوسینە لە غەش خالّییە، ئەو بیٚ ڕك و کینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میلەت و دینە
مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وام زانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دلّی من

قوربانی کەسیٚ بم کە قوربانی ( نەبی) بیٚ
وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەربی بیٚ
شاهی عەرەبی یەعنی قوڕەیشی نەسەبی بی
جەرگی بە دوو ئەبرۆی ئەوە جنراوە دلّی من

زاتیٚکی وەهای گرتووە ڕۆحم بە فیدای ئەو
شاهان شەو و ڕۆژ دیٚنەقەدەم بۆسی گەدای ئەو
بیٚخود مەبە ئیتر بە ئومیٚد و بەتەمای ئەو
نایەتەوە لات گەر سەری داناوە دلّی من

***

## پێشەوا بوخاری

ناوی (محمد ی کوڕی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم)ە لە بوخارا لە ساڵی ١٩٤ ی کۆچی لە دایك بووە لە وڵاتی تورکستان، بوخاری مناڵ دەبێت کە باوکی وەفات دەکات و بە هەتیوی لە سایەی دایکیدا گەورە دەبیّ و گۆش دەکریّ لەسەر ئیمان و ئیسلامەتی .

بوخاری لە خەویکیدا لە خزمەتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) دەبێت وە بە باوەشێنێك مێش و مەگەزی لیّ دوور دەخاتەوە، کاتیّ ئەم خەوە بۆ زانایان دەگێڕێتەوە پێی دەڵێن: تۆ دەبیتە دور خەرەوەی فەرمودەی هەڵبەستراو درۆ لە پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) ئەمەش بووە هاندەرێکی دیکەی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مەزنە .

## زەینەب غەزالی

ناوبراو دەڵێت: ناوم (زەینەب)ە کچی (محمد الغزالی الجبیلی)م لە ساڵی ١٩١٧ ز لە خێزانێکی موسوڵماندا چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، باوکم زانایەکی دەرچووی ئەزهەر بوو، هەر لە منالێمەوە باوکم گرنگیەکی یەکجار زۆری پیّ دەدام و هەمیشە بە (سەیدە زەینەب) بانگی دەکردم، ئەمەش لەبەر ئەوەی باوکم خەوێکی بینی بوو، لە خەویدا من مەلۆتکە بووم و لە دەستی کەوتوومەتە خوارەوە بۆ ناو قوڕو لیتەیەك، باوکم شپرزە دەبیّ و ناو قوڕو لیتەکەم بۆ دەگەڕیّ، لەو کاتەدا سەر هەڵئەبڕیّ سەیر دەکات من وام بە باوەشی پیاوێکی نورانی چوارشانەوە، پیاوەکە من دەداتەوە دەست

باوکم و دەڵێت: ئەوە (سەیدە زەینەب) ە بیگرە ئەم کچەی تۆ ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە خزمەتکردنی ئیسلامدا باوکیشم وتبووی: تۆ کێیت؟ ئەویش وتبووی: من عومەری کوڕی خەتابی باپیرەییم .

ئیتر باوکم ئاواتی ئەوە بوو ببمە پارێزەری ئیسلام و هەمیشە دەیوت کچم ئەگەر بمێنم ئەتکەمە پارێزەر، بۆ ئەوەی بەرگری لە ئیسلام بکەیت، جا هەر لە منالێیەوە بە جەماعەت لەگەڵ باوکمدا نوێژمان دەکردو، مناڵانی بۆ کۆ دەکردمەوە تاوەکو ئامۆژگاریان بکەم و نەیدەهێشت بە هەندێ یاری مناڵان و شتی بێ بایەخەوە خەریك ببم.

خزمانمان هەمیشە لۆمەی باوکمیان دەکرد دەیانووت: واز لەو کچە بهێنە، ئەوەندە نازی مەدەرێ، با خوی شڕ نەبێت، باوکیشم دەیووت: ئێوە نازانن، من ئەزانم کچەکەم چ گەوهەرێکە، ئنجا خەوەکەی بۆ دەگێڕانەوە.

لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا بووم باوکم وەفاتی کرد، برا گەورەکەم لە قوتابخانە دەریهێنام، بەڵام هەرچەند بمتوانیایە پەڕاوی هەمەجۆرم دەخوێندەوەو هەوڵی شارەزابوونم دەدا لە زۆر لە بوارەکانی ژیاندا .

پاش چەند ساڵێك (هودا شەعراوی)دەیویست چەند ئافرەتێکی لێهاتوو بنێرێت بۆ (فەرەنسا)بۆ ئەوەی ببنە پسپۆڕ لە چەند بوارێکدا کە یەکێ لەوانە (پارێزەری) بوو منیش بۆ هێنانە دی ئاواتەکەی باوکم زۆر هەوڵم دا کە وەرم بگرن . پاش چاوپێکەوتن وەریان گرتم و چەند مانگێك خولێکیان بۆ کردینەوە، لە کۆتایی خولەکەدا ڕام گۆڕی و بڕیارم دا نەچم بۆ فەڕەنسا بەهۆی خەوێکەوە کەبە باوکمەوە بینیم وزانیم چوونم بۆ فەڕەنسا باش نیە .

(هودا شەعراوی)کە تواناکانی بەدی کردم دایانام بە ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ئافرەتان هەرچەندە تەمەنیشم کەمبوو.

قەدەری خوا وا بوو، ئاگرێك لە ماڵمان کەوتەوە، دەست و دەم و چاومی زۆر بە خراپی سوتاند، پزیشکی تایبەتی ئەهات بۆ ماڵەوە ڕۆژانە تەداوی ئەکردم و باش دەمزانی کە دەمو چاوم ئەشێوێت . بۆیە لە دڵی خۆمدا دوعام کردو وتم: خوایە دەموچاوم چاك بکەرەوە شەرت بێت واز لە کۆمەڵەی ئافرەتانی (هودا شەعراوی) بهێنم و کۆمەڵەی ئافرەتە موسوڵمانەکان دابمەزرێنم .

بەڵێ... ئەو شەوە خەوێکی سەیرم بینی لە خەومدا باوکم و چەند کەسێك هاتن بۆ لام و گومەزێکی گەوهەرو مرواریشیان بەسەر شانەوە بوو، باوکم لە پارچە قوماشێکدا (ماسك)دەموچاوێکی دەرهێنا وەك ئەوەی کە ئەکتەرەکان بەکاری دێنن وە پێی وتم: کچم ئەم دەموچاوەمان لە بەهەشتەوە بۆ هێناوی وکردی بە دەموچاومەوە پاشان خەریك بوو بگەڕێنەوە، وتم: باوکە مەڕۆن بەجێم مەهێڵن، وتی: نا کچم تۆهێشتا تەمەنت ماوە کەخزمەتی ئیسلامی تیا دەکەیت. بەئاگاهاتم زۆر شادمان بووم.

بەیانی ئەو ڕۆژە پزیشکەکە وەك ڕۆژانی تر هات و (لفاف) ە کانی لە دەم و چاوم کردەوە بۆ ئەوەی تەداوی بکات، کە دەم و چاومی بینی چاك بۆتەوە، هاواری کرد، خوا چاکی کردەوە! ئەمە چی یە، ئەمە موعجیزەیە!! براکەم هات و وتی: زۆر سوپاست دەکەین تۆ حەزرەتی عیسایت وا توانیوتە چاکی بکەیتەوە! وتی: نەخێر وانیە تەنها خوا بەرەحمی خۆی ئەمشەو

چاکی کردۆتەوە دەستی منی تیا نیە، ئنجا ڕۆیشت و ڕازی نەبوو فلسێك هەقی هاتوچۆکەی وەربگریّ.

ئیتر منیش سوپاسی خوام کرد و هەر ئەو کاتە وازم لە کۆمەڵەی ئافرەتانی (هودا شەعراوی) هێناو کۆمەڵەی ئافرەتە موسوڵمانەکانم دامەزراند، کە لەو کاتەدا تەمەنم بیست ساڵ بوو .

لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی برایانی موسوڵمانەوە، بەیعەتم دا بە پێشەوای شەهید حەسەن بەننا، منیش لەگەڵ برایاندا ڕاپێچی زیندانەکان کرام، ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆریان دام حەوت شەوو حەوت ڕۆژ بێ خواردن لە ژوورێکی ڕوتدا فرێیان دام، هەزاران قامچیان لێدام بۆ ئەوەی پاشگەز ببمەوە لە بانگەوازی خوا، منیش باکم نەبوو ئارامم گرت .

بەو هەموو ئازارەوە لەسەر زەوی ڕەق و تەقی ژووری بەندیخانەکە تەیەموم کرد و نوێژی ئێوارەو عیشام کرد، لە دواهەمین سوجدەدا دوعام کرد، خوایە ناوی کەسم بیرمەهێڵە باکەس بەهۆی منەوە نەیەتە ئەم شوێنەو تووشی ئەزیەت و ئازارنەبێ، خوایە ئەو خاچەی لاوانی ئیخوانی لەسەر هەڵدەواسن و لەبەردەم ژوورەکەی مندا ئەشکەنجەیان ئەدەن و داوایان لێدەکەن جنێو بەمن بدەن و ئەوانیش جنێو نادەن، خوایە ناتوانم گوێم لە ئەشکەنجە و ناڵەیان بێت لێم دووربخەرەوە، پاش ئەم دوعایانە خەوم لێکەوت، دەنگێك فەرمووی: زەینەب کەئاوڕم دایەوە رسول الله بوو(صلى الله عليه وسلم).

وتم: تۆ ڕەسول الله یت؟  فەرمووی: من پێغەمبەر محمدم، ئەی زەینەب ئەی غەزالی تۆ  لەسەر هەقیت. وتم: ئەی گەورە وخۆشەویست و پێشەوام من لەسەرهەقم؟  فەرمووی: ئەی زەینەب ئەی غەزالی ئێوە لەسەرهەقن، (زانیم مەبەستی برایانە) .

وتم: ئەی گەورەو خۆشەویست و پێشەوام ئێمە لەسەرهەقین؟  فەرمووی: ئەی زەینەب ئەی غەزالی ئێوە لەسەر هەقن. لەخۆشیا بەئاگاهاتم، سوپاس بۆ خوا خاچەکەیان لای ژوورەکەی من دوورخستبۆوە و ئیتر گوێم لە ئازاردانی برایان نەدەبوو.  (ڕۆژانێکی تەمەنم: زەینەب غەزلی).



## نورەدین زنکی

(نورەدین مەحمود) کوڕی عیمادەدین زنکی یە، لەساڵی ٥١١ی کۆچیدا لە شاری (حەلەب)لە سوریا هاتۆتە دنیاوە، هەر لە منداڵیەوە

خواناس‌و قورئانخوێن بووه.

(نورەدین) یەکێکە لە سەرکردە مەزنەکانی مێژووی ئیسلامی، توانی وەك شێر رووبەڕووی خاچ پەرستان ببێتەوەو جێیان پێ لێژ بکات.

لە شەڕی (تەل حارم)دا لەگەڵ خاچ پەرستاندا، کە موسڵمانەکان کەمبوون‌و دوژمنانیش زۆر بوون، (نورەدین)چووە سوجدەوەو کەوتە دوعاکردن‌و وتی: پەروەردگارا ئەو خاچ پەرستانە بەندەی تۆن بەڵام دوژمنتن، ئەم موسڵمانانەش بەندەو ئەولیای تۆن، خوایە ئەولیاکانت سەربخە بەسەر دوژمنەکانتدا، خوایە بەهۆی خراپی منەوە کە شایستەی سەرکەوتن نیم، قەهر لە موسڵمانان مەگرەو بە فەزڵی خۆت سەریان بخە،خوایە ئایینەکەی خۆت سەربخە، (نورەددین) سەرمەخە، (نورەدین)چییە تا تۆ سەریبخەی؟!.

(نورەدین)عاشقی شەهیدی بوو، هەموو جارێ دەیووت: چەندەها جار رووبەڕووی شەهیدی بوومەتەوە بەڵام بەداخەوە نەبووە بە نسیبم.

کاتێك کە خاچ پەرستان ئابڵووقەی شاری(دمیاط)یان دا لەسەرووی قاهیرەوە، (نورەدین)کە لەشام بوو، زۆر نارەحەت‌و دڵتەنگ بوو. ئابڵووقە درێژەی کێشاو مانگی رەمەزان هات.

(نورەدین)چوو بۆ نوێژی عەسر لە مزگەوتی (ئەمەوی)داو پاش نوێژ گوێی شل کردبوو بۆ ئیمامی مزگەوتەکە کە بەڕوویەکی خۆشەوە فەرموودەی دەخوێندەوە. فەرموودەکان بەجۆرێك بوون خەڵکەکەشی

دڵخۆش کردبوو تەنها نورەدین نەبێ کە غەمبارو دڵتەنگ دەبینرا، ئیمامەکە لێی پرسی بۆچی ئاوا غەمباری؟

ئەویش وتی: شەرم لەخوا دەکەم پێبکەنم و خاچ پەرستانیش ئابڵووقەی موسڵمانانیان دابێت.

بۆسبەینێ کە نورەدین دێت بۆ نوێژی بەیانی، سەیر دەکات ئیمامەکە لەرێدا وەستاوەو دەڵێت: قوربان ئەمشەو خەوم بە حەزرەتی (محمد)ە وە بینیوە (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرمووم: مژدە بدە بە نورەدین کەخوا موسڵمانانی (دمیاط)ی رزگار کرد لە ئابڵووقە!

منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ناونیشانێکم بدەرێ کە بە (نورەدین)ی بڵێم تا بڕوام پێ بکات، ئەویش فەرمووی: پێی بڵێ بەو ناونیشانەی کە لای(تەل حارم)سوجدەکەی برد.

(نورەدین) کە گوێی لەمە بوو، دەستو برد لە وڵاخەکەی دابەزیو چووە سوجدەوەو وتی: (خوایە ئایینی خۆت سەربخە، (نورەدین مەحموود)سەرمەخە، نوورەدینی سەگ چیە تا سەریخەی؟).

## خەوێکی نورەدین زنکی

هەندێك لەفەرمانڕەوایانی خاچپەرستان پیلانێکیان دانا بۆ دزینی لاشەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەساڵی **٥٥٧**ك لە زەمانی (نورەدین مەحمود زنکی)دا..بەهۆی دوو گاوری خەڵکی (مغرب)ە وە کە لەجلوبەرگی حاجی موسڵمانی مەغریبیەوە چوونە مەدینەو لە نزیك

مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خانوویەکیان بەکرێ گرت. زۆر یارمەتی خەڵکیان دەداو خۆیان بەخواناس و پیاوچاك نیشان دەدا، بەشەو بەدزییەوە لەناو ژورەکەی خۆیانەوە خەریکی تونێل لێدان بوون لە ژێر زەوییەوە بەرەو قەبری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ..

نورەدین پاش شەونوێژ کردن لەخەودا بەخزمەت حەزرەت دەگات (صلى الله عليه وسلم)و پێی دەفەرموێت ڕزگارم کە لەدەست ئەم دوو کەسە، نورەدین بەشپرزەییەوە بەئاگا دێت و دەستنوێژ دەشواتەوەو نوێژ دەکات و دەخەوێتەوە، هەمان خەو دەبینێتەوە، ئەم جارەش زیاتر ئەپەشۆکێ ودەستنوێژ دەشواتەوەو پاش نوێژکردن دەخەوێتەوەو هەمان خەو بۆ سێیەم جار دووبارە دەبێتەوە.

ئەویش هەر ئەو شەوە دەنێرێت بەدوای وەزیرەکەیدا کە ناوی ( جمال الدين الموصلی) بوو، وەخەوەکەی بۆ دەگێڕێتــەوە، ئەویش دەڵێت: قوربان هەر ئێستا با لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازدا بکەوینە ڕێ بەرەو مەدینەو پارەیەکی زۆریش لەگەڵ خۆماندا بەرین.

پاش (١٦) ڕۆژ دەگەنە مەدینەو (نورەدین) دەنێرێت بەدوای خەڵکیدا کە بێن یارمەتی وەرگرن. هەرچی دێت بۆ پارە وەرگرتن (نورەدین) زۆر لێیان ورد دەبێتەوە ئەو دوو کەسە نابینێ کەلە خەوەکەیدا بینیبونی، بۆیە پرسیار دەکات کە ئایا کەس ماوە؟

دەڵێن: دوو پیاوی خواناس ماون پێویستیان بەیارمەتی نییەو ئەوان دەستگیرۆیی خەڵك دەکەن. کە نورەدین دەچێت بۆ لایان سەیر دەکات ئەو

دوو کەسەیە کە لەخەوەکەیدا بینیونی، چی پرسیاریان لێ دەکات ڕاستی ناڵێن ئنجا دەیانخاتە ژێر سزاوە، بۆیە ناچار ڕاستی دەڵێن و داندەنێن بەوەدا کەنێرراون لاشەی پیرۆزی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)بەهۆی نەفەقەوە لە ژێر زەوییەوە بدزن، نورەدینیش هەردووکیان دەکوژێو پاشان بەدەوری قەبری پێغەمبەروهەردوو هاوەڵەکەیدا سێ دیواری قایمی قوڵ لەبەردو قورقوشم دروست دەکات تا کەس زاتی ئەوە نەکات کە جارێکی تر بیر لەشتی وا بکاتەوە (تأريخ المسجد النبوى الشريف/ محمد الياس عبدالغنى).

لە ساڵی ٥٦٩ی کۆچیدا لە مانگی شەووالدا بەنەخۆشی (زەبحەی صەدری) پاش (٥٨)ساڵ تەمەنی پڕ لە هەوڵ و تێکۆشان چووەوە خزمەت ئەو خوایەی کە ساتێك لەبەر خاتری نەسرەوت.

## مامۆستا سەعیدی نورسی

لەدامێنی کێوە گەردن کەشەکانی کوردستانی تورکیادا هاتە دنیاوە لەساڵی ١٨٧٣ زایینیدا، باوکی پیاوێکی پارێزکارو دوور لە حەرامو، دایکیشی خواناس بوو، هەمیشە دەم بە ویردو سەڵاوات بوو.

لەتافی لاویدا مامۆستا نوورسی خەوێکی بینی کە تا کۆتایی ژیانی هەر لە یادی بوو، لەخەویا قیامەت بە ساموو ترسو لەرزیەوە هاتە کایەوەو هەموو خەڵکی کۆکرابوونەوە، ئەمیش تامەزرۆی بینینی پێغەمبەر بوو(صلى الله عليه وسلم) بەڵام لەکوێ بە خزمەتی بگات لەم قەرەباڵغییەدا؟ بڕیاری دا کە

لای پردی (صراط) چاوەڕێی بكات.

بەڵێ لە خەوەكەیدا چووە سەر پردی (صراط)، یەك بەدوای یەكدا پێغەمبەرانی خواسەلامی خوایان لێبێت بەلایدا تێپەڕێن وئەویش دەستی یەك بەیەكیانی ماچ دەكرد، دوای ئەوە پێغەمبەری سەرووەرمان(صلى الله علیه وسلم)هاتو هەردوو دەستی ماچ كردو داوای زانستی لێ كرد، ئەویش پێی فەرموو:

(لە زانستی قورئانت پێشكەش دەكرێت بەو مەرجەی داواوپرسیار لە هیچ كەسێكی ئومەتەكەم نەكەیت)، بەڵێ... مامۆستا نوورسی لەهەموو تەمەنیدا پرسیاری لە هیچ كەس نەدەكرد، هەروەها لەهەموو ژیانیدا شتی لەهیچ كەسێك بێ بەرامبەر وەرنەگرتووەو بەسەربەرزی ژیاوە.

## مامۆستا نورسی دەڵێت:

هەر لە منالیمەوە پارە و پول و دیاری خەڵكم بە هیچ جۆرێك لە هیچ كەسێك وەرنەگرتووەو، هەرچەندەش هەژار بووم و گەلێ پیویستیم بە پارە بوو، كەچی هەرگیز بە خۆمم ڕەوا نەبینیوە پێویستیەكانم لە لای خەڵكی بدركێنم، لە هەمان كاتدا زاهید و، سۆفی و، وەرزش كاری ڕۆحی و، خانەدان و خاوەن نەسەب و دارای ناوبانگیش نەبووم!

بەرامبەر بەمە، خۆم وئەو برادەرانەش کەدەیانناسیم  سەریان سوڕدەما و ئەم حاڵەتەمان بەلاوە سەیر بوو . پاش چەند ساڵێك لە حیکمەتی ئەمە تێگەیشتم.

ئەوەبوو بۆم دەرکەوت کە ئەو حاڵەتە ڕوحی یە ناوبراوەی خوای گەورە پێی بەخشیبووم، لەبەر ئەوە بوو سەر بۆ پارە و تەماع دانەنەوێنم و، پاشانیش هیچ ڕەخنەیەك ئاڕاستەی پـــەیــــامـــەکـــانـــی نــــوور نەکرێت لەو موجاهەدانەی کە ئەم پەیامانە خستویانەتە ئەستۆیان . دەنا دوژمنە سامناکەکانم لەو ڕووەوە مشتە کۆڵێکی جەرگبڕیان تێ دەسرەواندم . ســــەعیدی نـــوورســـی، پاشبەندەکان لا ٣٦٢ ..

**مامۆستا نورسی دەڵێت :ماوەیەکی کەم دوای نووسینی ئەم مەسەلەیە، لە خەودا بە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ شەرەفمەند بووم.**

لە خەونەکەمدا لەناو قوتابخانەیەکی ئایینی و لە کۆڕی مەزنی حەزرەتدا دانیشتبووم و، چاوەڕوان بووم حەزرەت دەرسێکم لە قورئانی پیرۆز پێ بلێت..

کاتێ کە قورئانەکەیان هێنا، پێغەمبەر ﷺ بۆ ڕێزگرتن لە "قورئانی پیرۆز" هەڵسایە سەرپێ!لەو کاتەدا ئەوەم بە دڵدا هات کە ئەمە ڕێنماییە بۆ نەتەوەی ئیسلام تاکو ڕێزی شایان لە قورئانی پیرۆز بگرن.

پاشان ئەو خەونەم بۆ یەکێك لە پیاوچاکان گێڕایەوەئەویش وتی: (ئەمە هێمایەکی ڕوون و مژدەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لە هەموو جیهاندا ئەو پلە و پایە بەرزەی پێدەدرێت کەشایانیەتی)داوەرییەکان ٦، "سنووحات"ل ٧٣٦ ئەکاونتی شوان شاخەوان.

## لەگەڵ بانگخوازێکدا:

کاتی خۆی ئەگەر قوتابیەکی هوشیار و بلیمەت نەبوایە لە مەجلیسەکانی شێخ عبدالقادری گەیلانی دا، کەوتارەکانی شێخی بەپەلە دەنووسیەوە، ئەوا کتێبی ( فتح الربانی ) ڕووناکی نەدەبینی و ئەو هەموو قسە خێرە لەکیس دەچوون . بەهەمان شێوە ئەگەر قوتابیەکی شێخ ( منصور عویس ) نەبوایە ئەوا چەند لایەنێکی ژیانی ئەو پیاوە ساڵحە نەدەزانرا.

ئەو قوتابیەش ( شێخ عبدالوهاب الفهد ) ە، کە خەڵکی وڵاتی کوەیتە ودەڵێت: شێخ منصور یەکێك بوو لەزاناکانی ئەزهەر،لەمیسرەوە هاتە لای ئێمە لەساڵانی حەفتاکانداو بوو بە مامۆستای مزگەوتەکەمان.

ئەم زانایە لەگەڵ ئەوەدا کە دەست کورت و کەمدەرامەت بوو، ڕێزی زۆری لەقوتابی و میوانەکانی دەگرت و زۆر جار دیاری پێشکەش دەکردن، ڕۆژێك لەخزمەتیا بووم، هەندێ هەنگوینی لە ( میسر) ەوە بۆ هاتبوو ویستی بەشم بدات، جا لەبەر ئەوەی هیچی لەبەردەستا نەبوو کەتێی بکات

بۆم، هەمووی دامیٚ، هەرچەند هەوڵمدا وەرینەگرم، توورە بوو زۆری لیٚکردم کەلەگەڵ خۆم بیبەم .

رۆژیٚ خواحافیزی لیٚکردین و گەڕایەوە بۆ میسر بۆ بەسەربردنی ئیجازەی ساڵانەی کە مانگیٚك بوو، مانگەکە تەواو بوو دیارنەبوو بگەڕێتەوە، چەند مانگیٚکی دیکە تیٚپەڕی و سۆراخیٚکی نەبوو، بۆیە داوامان لەبەریٚوەبەرایەتی ئەوقاف کرد کە چاوەڕیٚ بکەن و فەسڵی نەکەن لەکارەکەی تا هەواڵ دەزانین .

هەرچۆنیٚ بوو فاکسمان کرد بۆ ماڵیان لە میسر، وەڵامیان دایەوە کەباری تەندروستی باش نیە بۆیە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، ئیٚمەش ناو بەناو ئەحواڵمان دەپرسی و هەر بە ئاواتەوە بووین بگەڕێتەوە لامان و لەخزمەتیا سوود مەندبین .

پاش ساڵیٚك هاتەوە لامان، کەس دڵی نەهات پرسیاری نەخۆشی یەکەی لیٚ بکات من نەبیٚ، کەلیٚم پرسی لەهۆی ناساغی و دواکەوتن و نەگەڕانەوەی وتی: کاتیٚك گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان لە ( میسر) ئیٚوارەیەك بانگ کرابووین بۆ نانخواردن لە ماڵیٚکی ناسیاومان، پاش ئەو میوانداری یە هەستم کرد وەزعم تیٚکچوو، بۆبەیانی ویستم هەستم بۆ نویٚژی بەیانی، هەرچیم کرد نەمتوانی، ئەتووت دیواریٚك کەوتووە بەسەرماو جوڵەی لیٚبڕیووم ..ویستم قسەبکەم، قسەم بۆ نەکرا، هەرئەوەنەبیٚ هاوارم دەکرد تا بیٚن بەلامەوە بەشیٚوەیەك کەکەس تیٚم نەدەگەیشت .

ژن و منداڵەکانم بەپەلە هاتن، کچەکەم و کوڕەکەم هەردووکیان پزیشك بوون، فەحصیان کردم و زانیان تووشی شەلەل بووم، بۆ دڵنیایی زیاتر بردیانم بۆلای باشترین پزیشکی قاهیرە، بەڵام بێ سوود بوو، هەموو جەختیان کردە سەر ئەوەی کە تووشی شەلەلی هەموو ئەندامەکانم بووم، تەنها سەرم نەبێ ...

دەمبینی ژن و مناڵەکانم دەگریان، منیش لەناخمەوە دەگریام بەبێ ئەوەی بێجگە لەخوا کەس پێم بزانێ و ئاگای لەحاڵم بێ .

خزمەتکارێکیان بۆگرتم خزمەتم بکات وخواردن بکات بە دەممەوە و پاکم بکاتەوە، شەوو ڕۆژێکم بەساڵێك لێدەڕۆیشت، چەند مانگێکم ئاوا بەسەر برد، تەنها هیوام بەخوا بوو کە بێت بەهانامەوە .

شەوێکیان لەخەوما ڕووناکیەکی زۆرم بینی لەپشت دەرگای ژوورەکەوە ئەوەندەی پێنە چوو دەرگاکە کرایەوە و ڕووناکیەکە هاتە ژوورەوە، لەبەر زۆری ڕووناکیەکە نەمدەزانی چی لەپشتەوەیە .

لەپڕ کەسێك هات لەپشت ڕووناکیەکەوە و وتی: ئەوە پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) هاتووە سەردانت بکات، ئنجا ئەو پیاوە وتی: ئەوە پرتەقاڵێك و مۆزێك و خورمایەك خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت ئەوە دەرمانەکەتە .

منیش نەمتوانی وەریبگرم و بیخۆم، پیاوەکە وتی: من یارمەتیت دەدەم لەخەوڕاپەڕیم و بەدەنگە دەنگی من مناڵەکانم بەپەلە هاتن بۆلام، هەرچیم کرد دوو ڕۆژ نەمتوانی تێیان بگەیەنم چیم دەوێ .

باش بوو ژنەکەم دوایی تێگەیشت کە هەندێ میوەم دەوێ، میوەیان هێنا،تاباش بوو ئەوسێ جۆرەی تیابوو کە خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی، کردیان بەدەممەوە و خواردم، کاتی چێشتەنگاوبوو ماوەیەك خەوتم کە هەستام هاوارم کرد لەخۆشیا، ژنەکەم هات بەپەلە کە بینیمی یەکسەر بورایەوە و کەوت کچەکەشم هات و سەرسام بوو، خوای گەورە بەفەزڵی خۆی بۆی کردم بە شیفا و چاك بوومەوە و ئەندامەکانی لەشم کەوتنەوە جووڵە .

کاتێك کچەکەم تەلەفونی کرد بۆ کوڕە پزیشکەکەم لە عیادەکەی و پێیووت: باوکم چاکبۆتەوە و بەپێی خۆی دەڕوات، بڕوای نەکرد و وتی بەم قسانە کاتم لێ مەگرە، چونکە خەڵکی زۆر سەرەیان گرتووە لەبەردەمی ژوورەکەمدا، ناچار سوێندی بۆ خوارد، وتی: شتی وا ئەستەمە ببێ! کچەکەم پێی وت: راست دەکەی لە ( منطق) ی عیلمدا ئەستەمە، بەڵام ئەوەباوکمە لەبەردەمما وەستاوە ...بەپەلە عیادەکەی بەجێهێشت و هاتەوە ماڵەوە کە منی بینی لەجێی خۆی وشك بوو، قسەی بۆ نەکرا، هەرئەوەندە نەبێ کە وتی: ( سبحان الله العظيم، وهو على كل شيءٍ قدير ).

هەمووان سوپاسی خوایان کرد کە چاکبوومەوە، هاوسەرەکەم و مناڵەکانم وتیان: لای ئێمە بمێنەوە و مەگەڕێرەوە بۆ وڵاتی کوەیت، منیش وتم: من بانگخوازم و کاری خۆم هەیە دەبێ بچم بەجێی بگەیەنم و تەواوی بکەم و لەقوتابییەکانم دانەبڕێم .

مامۆستا چەند ساڵێك لامان مایەوەورێنمایی خێری دەکردین، تا بەیانیەکیان بۆ نوێژ ئامادە نەبوو یەکێك پێشنوێژی بۆ کردین .

پاش نوێژەکە مجەوری مزگەوتەکە چوو بەرەو ژوورەکەی و لە دەرگایدا، کەس وەلامی نەدایەوە، پالی بەدەرگاکەوەنا، سەیری کرد شێخ منصور ئاوی دەستنوێژ لە ریشە سپیەکەی دەتکێ و هێشتا قۆلی کراسەکەی دانەداوەتەوە و بەدانیشتنەوە لەسەر کورسیەکەی گیانی پاکی سپاردووە، جا بەم ئاخر خێرییەوە بەغەریبی لەبەر خوا، بەدەستنوێژەوە لەچاوەڕێی نوێژی بەیانیدا گیانی سپارد و گەڕایەوە بارەگای ئەو خوایەی کەساڵەهابوو لە خزمەت بانگەوازەکەیدا بوو (گۆڤاری المجتمع ١٤٣٧/ ١٤٤٥) عبدالحمید البلالی.

## دوعا قبولٚ بوون

مامۆستایەکی بەرێز کە ( کۆلێژی دار العلوم ) ی خوێندوە لە پاکستان بۆی گێڕامەوە کە پیاوێکی خواناسی بێ کەس دەبێتە خزمەتگوزاری کۆلێژەکەیان، ساڵی یەکەم ناو دەنووسن بۆ حەج، ئەم خواناسەش دەڵێ منیش بنووسن، پێی دەڵێن: ئاخر تۆ نەهیچت هەیە و نەکەس و کاریشت هەیە یارمەتیت بدەن بەچی دەچیت؟

عەمیدی کۆلێژەکە دەڵێ: لەسەر نیەتی خۆی بۆی بنووسن بەڵکو خوا بۆی ئاسان بکات، ئەو ساڵە کاتی حەج دێت و هەموان دەچن تەنها ئەو پیاوە نەبێ، ساڵی دووەمیش بەهەمان شێوە، ساڵی سێیەمیش جارێکی تر

ناوی دەنووسن، چەند ڕۆژێکی دەمێنیٚ بۆ ڕۆیشتنی حاجیانی ماڵی خوا، پیاوێکی دەوڵەمەند دێت بۆ کۆلێژەکە و دەپرسیٚ: فلانی کوڕی فلان لێرەیە؟ دەڵێن: بۆ چیتە قەت ناشیٚ خزمی بیت، چونکە ئەو دەڵیٚ من خزم و کەسم نیە؟ پیاوە دەوڵەمەندەکەش دەڵیٚ: نەخێر خزمم نیە، تکایە ئەگەر لێرەیە بۆم بانگ بکەن بابیبینم، کە بانگی دەکەن و دڵنیا دەبێت کە ئەوە دەڵێت: من ئەمساڵ نیازی حەجم هەیە و خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) هاتۆتە خەوم کە تۆش بەرم لەگەڵ خۆمدا بۆ حەج لەسەر مەسرەفی خۆم... ئیتر هەموان پێیان خۆش دەبیٚ و تێدەگەن کە ئەم پیاوە لەو کەسانەیە کە ئەگەر سوێند بخوا خواشتێکی بۆ بکات، خوای گەورە دڵی ناشکێنیٚ و بۆی دەکات.

***

## قەشە سیلی

ڕەنگە ئەم چیرۆکە سەیر بێت بۆ کەسێك کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی نەدیبێت و بەگوێی خۆی قسەکانی لێ نەبیستبێ، چیرۆکەکە ئەگەر لەخەیاڵیش بچێت، لەراستیدا لەعالەمی واقعیدا روویداوە، فەرموون بابەیەکەوە بچین بەرەو (جوهانسبرگ) شاری دەوڵەمەندی کانی ئاڵتون لەوڵاتی خوارووی ئەفریقیا کە من لەو شارە بەڕێوەبەری نووسینگەی رابیتەی عالەمی ئیسلامی بووم.

ساڵی ١٩٩٦ فەسڵی زستان بوو،سەرمایەکی بێ ئەندازە وڵاتی گرتبۆوە، رۆژێك کە ئاسمان هەور داپۆشیبوو، چاوەڕێی زریانێکی سەخت بووین. لەماڵەوە چاوەڕێی میوانێك بووین و خێزانم سەرقاڵی چێشت لێنان بوو.

مەوعیدمان هەبوو لەگەڵ کەسایەتیەکدا کە خزمی سەرۆکی ئەفریقیای باشوور (نیلسون ماندیلا) بوو، کەسایەتیەك کە لەوەوبەر خەریکی بڵاوکردنەوەی گاورێتی بوو، ئەویش قەشە سیلی بوو. ڕەنگە بپرسن چۆن ئەم پیاوەم ناسی، جا با ئەوەتان بۆ باس بکەم:

رۆژێك سکرتێری نووسینگەی (رابیتە) پێی راگەیاندم کە قەشەیەك دەیەوێ سەردانم بکات، منیش مەوعیدێکم بۆ دانا، لەکات و ساتی دیاری کراودا قەشە (سیلی) لەگەڵ (سلیمان) ناوێکدا ئامادەبوون، ئەم سلێمانە یاری بۆکسێنی دەکرد و بەهۆی (محمد علی کلای) یەوە موسڵمان بووبوو. لەنووسینگەکەمان پێشوازی گەرمم لێکردن.

(سیلی) کورتە باڵاو ڕەش پێست بوو، هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوی بوو. پێم وت: برام سیلی، ئەگەر دەکرێ چیرۆکی موسڵمان بوونت بگێڕەرەوە بۆمان.

سیلی وتی: من قەشەیەکی چالاك بووم، بەهەموو توانامەوە کارم دەکرد و لەگەورە قەشەکانی خوارووی ئەفریقیا بووم و، لەبەر ئەوەی زۆر چوست و چالاك بووم فاتیکان منی هەڵبژارد کە هەستم بەکاری مژدەدان بەمەسیحیەت و پارەو یارمەتیم لەوێوە بۆ دەهات، منیش هەموو هۆکارێکم بەکاردەهێنا بۆ گەیشتنە ئامانجەکەم.

سەردانی بەردەوامم دەکرد بۆ پەیمانگاکان و قوتابخانەکان و خەستەخانەکان لەشار و لادێ و دارستانەکان و، بەو پارانەی بۆم دەهات دەستی هەژار و لێقەوماوەکانم دەگرت. ئەمەش بۆ ئەوەی مەسیحیەتیان لاشیرین بکەم. کەنیسەش پارەیان بۆ ڕشتبووم و بەوەش دەوڵەمەند بووم و خاوەنی ئوتومبیل و خانووی خۆم بووم و مووچەی باشیان بۆ بڕیبوومەوەو، پلەوپایەیەکی بەرزم هەبوو لەناو سەرجەم قەشەکاندا.

ڕۆژێك چووم بۆ بازاڕێکی گەورەی شار کە هەندێ کەلوپەل بکڕم، لای بازرگانێك کە بەسەرو سیما و جلوبەرگیدا دیار بوو موسڵمان بوو، منیش جلوبەرگی تایبەتی قەشەیم لەبەردابوو، پاش مامەڵەکردنی کەلوپەلێك کە بۆ دیاری دەمویست، بازرگانەکە لێی پرسیم: تۆ قەشەیت؟

وتم: بەڵێ. وتی: کێ خواتە؟ وتم: (مەسیح) خوایە.

وتی: من تەحەددات دەکەم کە تەنها دەقێك بهێنی لەئینجیلدا لەسەر زمانی (مەسیح) کەبلێ: (انا الله، أو انا ابن الله) بمپەرستن.

قسەکانی کابرا وەك چەکوش دای بەسەرما، نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەرچەند بیرم کردەوە و بەدڵ پیاچوونەوەم کرد بە ئینجیلەکاندا نەمتوانی دەقێکی وا بدۆزمەوە لەسەر زمانی (مەسیح)، زۆر ئیحراج بووم لەبەردەم پیاوەکەدا و دڵتەنگ بووم، باشە چۆن من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم؟

پیاوەکەم بەجێهێشت و گەڕامەوە وبڕیارمدا کە بگەڕێم بەدوای ئەو باسەدا، چەند گەڕام هیچم چنگ نەکەوت، ناچار چووم بۆ مەجلیسی کەنیسە و داوای کۆبوونەوەیەکم کرد لەگەڵ ئەندامەکاندا و ئەوەی بیستبووم پێموتن،هەمووان وتیان: کابرای هیندی خەڵەتاندویتی (بەموسڵمانی ئەوێ دەڵێن هیندی)، ئەو دەیەوێ سەرت لێ بشێوێنێ.

وتم: باشە وەڵامم بدەنەوە! وەڵامی پرسیارەکەی ئەوبدەنەوە! کەس وەڵامی نەدایەوە.

ڕۆژی یەك شەممە هات و وەستام وانە بڵێمەوە و ئامۆژگاری بکەم لەکەنیسە، هەرچیم کرد دەمم چووە کلیلە و نەمتوانی هیچ بڵێم، ناچار داوام کرد یەکێکی تر لەجیاتی من قسەیان بۆ بکات، چونکە لەراستیدا من رووخابووم و دەروونم شپرزبوو!

ڕۆیشتمەوەماڵەوە و زۆر خەفەتبار بووم، ئنجا لەسوچێکدا دانیشتم و زۆر گریام، پاشان سەرم بەرزکردەوە و چاوم بڕیە ئاسمان و کەوتمە

دوعاکردن، بەڵام داوا لەکێ بکەم؟ رووم کردە ئەوەی کە بڕوام هەبوو هەر ئەوخوایەو بەدیهێنەرمانە، لێی پاڕامەوە و وتم:

( پەروەردگارا، بەدیهێنەرم، هەموو دەرگاکان بەڕووما داخراون تەنها دەرگای میهرەبانی تۆ نەبێت، بێ بەشم مەکە لەزانینی راستی، هەق و راستی لەکوێیە؟ پەروەردگارا، پەروەردگارا لەم سەرگەردانیەدا مەمهێڵەرەوە، رێی هەق و راستیم نیشان بدە) .

پاشان خەوم لێکەوت، لەخەوما بەتەنها لەهۆڵێکی زۆر گەورەدا بووم، لەپێشەوەی هۆڵەکە پیاوێك دەرکەوت لەبەر رۆشنایی و درەوەشانەوەی نەمتوانی زۆر دیقەتی بدەم، پیاوەکە ئاماژەی بۆ کردم و بانگی کردم: ئیبراهیم، سەیری دەوروبەری خۆمم کرد بزانم ئیبراهیم کێیە؟ کەسم نەبینی لەهۆڵەکەدا.

پیاوەکە پێی وتم: تۆ ئیبراهیمی، ناوت ئیبراهیمە، تۆ داوات نەکرد لەخوا کە هەق و ڕاستی بناسیت؟ وتم: بەڵێ.

وتی: سەیری لای راستت بکە، سەیرم کرد، کۆمەڵێ پیاوم بینی دەڕۆیشتن و کەل و پەلیان بەکۆڵیانەوە بوو، جلی سپیان لەبەردابوو، عەمامەی سپیش بەسەریانەوە بوو! پیاوەکە وتی: دوای ئەوانە بکەوە، بۆئەوەی هەق وڕاستی بزانیت! خەبەرم بۆوە و زۆر خۆشحاڵ بووم. کەوتمە گەڕان وبێتاقەت بووم کە ئەگەڕام بەدوای ئەوکەسانەدا نەمدەبینین.

بڕیارمدا بەردەوامبم و کۆڵ نەدەم بەدوای هەقدا، هەروەك لەخەودا رێنمایی کرابووم، دڵنیاش بووم کە ئەوە هەمووی لەخواوەیە، مۆڵەتم

وەرگرت لەکارەکەم و کەوتمە گەڕان شارەو شار، هەر موسڵمانێکم دەبینی، پانتۆڵیان لەبەردابوو، عەمامەیان بەسەرەوە نەبوو. تا گەیشتمە شاری (جوهانسبرگ) و لەنووسینگەی پێشوازی لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا خۆم بینیەوە! پرسیارم لێکردن ئەو جۆرە موسڵمانانە لەکوێن، کەجلی سپیان لەبەردایە و عەمامەیان لەسەردایە؟ وایان زانی سواڵکەرم ویستیان شتێ پارەم بدەنێ! وتم: من داوای پارە ناکەم! باشە پەرستگای نزیکتان نیە لەم دەوروبەرە؟ ئەوانیش مزگەوتێکی نزیکیان پیشاندام و بۆی کشام!

ئەوەی سەیرە پیاوێکی جل سپی لەبەردەرگا بوو، عەمامەیەکیشی بەسەرەوە بوو، زۆر دڵخۆش بووم و گەشامەوە، وتم: ئەمە ئەوەیە کە من بەدوایدا ئەگەڕێم، ڕۆیشتم بەرەو رووی! بەبێ ئەوەی من هیچ بڵێم پیاوەکە دەستپێشخەری کرد و وتی: مەرحەبا ئیبراهیم! لام سەیر بوو، ئەبڵەق بووم! ئەم پیاوە چۆن ناوم دەزانێ، ئنجا وتی: لەخەوما بینیم کە بەدوامانا دەگەڕێیت و ئەتەوێ بگەیتە هەق و راستی، هەق و راستی ئەو ئاینەیە کە خوا قایلە پێی بۆ بەندەکانی کە ئەویش ئیسلامە!

وتم: بەڵێ بەدوای ئیسلامدا دەگەڕێم و پیاوێکی نوورانیم بینی لەخەوما پێی وتم: دوای کۆمەڵێك بکەوم جل و بەرگیان وەکو تۆیە. دەتوانی پێم بلێی ئەوەی بینیومە لەخەودا کێیە؟

وتی: ئەوە پێغەمبەرمان (محمد) ە (صلی الله علیه وسلم).

وتم: چۆن من پێغەمبەری خوام بینیوە؟ لەخۆشیدا باوەشم کرد بەو موسڵمانەدا وپێمووت: بەراست ئەوە پێغەمبەرەکەتان بووە، هاتۆتە خەوم تا هەق و راستیم پیشان بدات؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ ئەوە خۆیەتی!

ئیتر چووینە مزگەوتەکەوە و پێشوازی گەرمیان لێکردم و من لە سوچێکدا لەدواوە دانیشتم و ئەوانیش نوێژی نیوەڕۆیان کرد، بینیم رکوع و سجود دەبەن بۆ خوا، لەدڵی خۆمدا وتم (بەخوا ئاینی هەقە، لە زۆر پەڕاودا خوێندبوومەوە کە پێغەمبەران ناوچەوانیان بۆ خوا دەخەنە سەر زەوی و سوجدە دەبەن) .

پاشان شایەتمانم هێنا و زۆرگریام لەخۆشی ئەوەی کەخوا هیدایەتی دام، ماوەیەك لەلایان مامەوە و فێری ئیسلام بووم و ئنجا لەگەڵیان دەرچووم بۆ بانگەوازکردن و سەردانی چەندەها شار و گوندیان کرد، زۆر دڵخۆش بووم لەگەڵیاندا و فێری نوێژ و رۆژوو شەونوێژ و دوعا و راستگۆیی و ئەمانەت بووم، تێگەیشتم کە موسڵمانان ئوممەتێکن و خوا بەرپرسیاری کردوون کە ئاینەکەی بڵاوبکەنەوە، فێربووم چۆن موسڵمانێکی بانگخوازبم و بەحیکمەت و بەئارامەوە کاربکەم و خۆم بۆ خوا برەنجێنم!

پاش چەند مانگێك گەڕامەوە شارەکەی خۆم، سەیر دەکەم خزم و کەس بەدواما دەگەڕێن، هەر کە بەجل و بەرگی ئیسلامیەوە بینیانم، زۆر نارەحەت بوون و داوایان لێکردم بەزوویی لەگەڵ مەجلیسی کەنیسەدا دانیشم.

بەڵێ لەکاتی دیاری کراودا کۆبوونەوەم لەگەڵدا کردن و، زۆر سەرزەنشتیان کردم کەوازم لەگاوریێتی هێناوە و گوایە هیندییەکان (موسڵمانەکان) سەریان لێشێواندووم. منیش وتم: کەس سەری لێنەشێواندووم. لەخەوما نێرراوی خوا (محمد) (صلی الله علیه وسلم) ڕێنمایی کردووم بۆ ڕێی ڕاست و هەقیقەت، کە ئەویش ئاینی ئیسلامە، (وە ئەوەش ئاینی هیندی نیە وەك ئێوە دەڵێن)، جا من بانگتان دەکەم بۆ هەق و بۆ ئیسلام، زۆر سەرسام بوون!

ئنجا لەرێیەکی ترەوە بۆم هاتن، ویستیان بەپارە و ماڵ و پلەو پایە و کورسی لەخشتەم بەرن، وتیان: فاتیکان داوای کردووە شەش مانگ لایان بمێنیتەوە و لەسەرەتاشەوە هەموو خەرجیەکت پێدەدەن و هەروەها خانوو ئوتومبیلی تازەشت بۆ دەکڕن وپلەشت بەرز دەکەینەوە لەکەنیسەدا!

منیش وتم: بەخوا واز لەئیسلام ناهێنم ئەگەر پارچە پارچەشم بکەن. ئنجا کەوتمە ئامۆژگاریان بۆجاری دووەم، لەسایەی خواوە دوو قەشە موسڵمانبوون. جا کەزانیان سوورم لەسەر ئیسلامەتی هەرچیان پێدابووم لێیان سەندمەوە.

ئەمە چیرۆکی (ئیبراهیم سیلی) بوو، کەلە نووسینگەی خۆم لە (ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی) لەئەفەریقای خواروو بۆی گێڕامەوە بەئامادەبوونی (عبدالخالق میتر) ی سکرتێرم و دووکەسی تریش.

***

## شێخ عیساو شێخ موسای بەرزنجی

کوڕی (بابا عەلی هەمەدانی) ن کە پیـاوێکی زاناو خواناس بووە، لەساڵی ٦٧٣ی کۆچیدا وەفات دەکاو لەدێی (خەتلان) دەینێژن.شێخ عیساو شێخ موسایش پاش کۆچی باوکیان، بەهیوای حەجو زیارەتی پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم)ڕێگای حیجاز دەگرنە بەر، پاش تەواوکردنی مەناسیکی حەج، بەرێگای کوردستاندا ئەگەڕێنەوە تابچنەوە بەرەو هەمەدان. لەرێگایاندا لە (بەرزنجە) لائەدەنو ئەمێننەوە بۆ پشوودان .

ئەگێڕنەوە کەلەشەودا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)ئەچێتە خەوی شێخ موساوە فەرمانی پێئەدات کەلەبەرزنجە بمێننەوەو نەگەڕێنەوە بۆ هەمەدان و، هەر لەخەوەکەشدا جێی مزگەوتێکی بۆ دیاری دەکات. جالەبەیانیدا بەناونیشان شوێنی مزگەوتەکە ئەدۆزنەوەو بڕیار ئەدەن بەهاوکاری خەڵکەکە لەو شوێنەدا مزگەوتێك دروست بکەن.

ئەبو سعودی موفتی ئەستەمبوڵ لەنامیلکەی (روضة الجنان) دا دەڵێ: کاتێ ناوبانگی شێخ موساو شێخ عیسای برای بلاْوبۆوە، خەڵکانێکی زۆر لە دەوریان کۆبوونەوەو لەهەموولایەکەوە دەهاتن بۆ لایانو دەبوونە موریدو مەنسوبیان، جالەوکاتەدا کە مەزهەبی شیعەی نوصەیری لەوناوچانەدا بلاْوبوو ژمارەیەکی زۆریان وازیان هێناو هاتنە سەر مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە.

هەر لەو سەردەمەشدا مستەفا خانی نوصەیری فەرمانداری ناوچەی شارەزوور بوو (جاران شارەزوور بەناوچەیەکی زۆر گەورەتر دەوترا)، ئاژاوەچیو پیاوخراپان کەوتنە فیتنەیی و دووبەرەکی نانەوە، هاتنە لای مستەفا خان و پێیان وت: ئەگەر کار ئاوا بڕوات ئەوا ئەو دووشێخە دەبنە دەسەلأتداری ناوچەکە.

ئەویش لەتاو دەسەلأتو قەڵەمڕەوی خۆی بەنهێنی بەپیلانێك چوار پیاوی ناردو شێخ موسایان شەهیدکرد لەساڵی ٦٩٦ کۆچیداو هەر لەبەرزنجە بەخاك سپێردرا..

مانگێکی نەخایاند کە مستەفاخان و دەستەو دایرەکەی لەسەردەستی سوپایەکدا کە هاتنە سەریان تەفرو توونایان کردن و پاداشتی ستەمکاری خۆیان وەرگرت .

لەپاش شێخ موسا کەبراگەورە بوو، شێخ عیسا ئالأی ئیمانو ئیسلامەتی هەڵگرتو کەوتە هەوڵو تێکۆشان و خزمەتکردنی موسڵمانان، جا لەبەر ئەوەی هاوسەری نەبوو، فاتمە خانی براژنی مارەکردو خوای گەورە دوانزە کوڕی پێبەخشین، وەك (سید صادق) لەناوچەی سیدصادقو (میری سوور) کەلەدێی میری سووردا بووەو، شێخ عەباس کەلە نزیك سلێمانی لەدێی (وڵوبە) نێژراوە.

***

## وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئینگلیری

لە دەیان ساڵ لەمەوبەردا لە وڵاتی هیندستان بازرگانێکی موسوڵمان بەناوی (یوسف علی) خەو دەبینێ بە ژنەکەیەوە کە دووگیان بووە، لە خەوەکەیدا کوڕێکی دەبێت و کوڕەکەش لەباوەشی خۆشەویستدا دەبێت (صلی الله علیه وسلم)، پرسیار دەکات لەوانەی کە لەخەو دەزانن، پێی دەڵێن: کوڕێکت دەبێت و خزمەت بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و ئیسلام دەکات.. جا وەك خوا بیەوێ بەخەو ئاماژەیەکی بداتێ و ڕێنمایی بکات بۆ کارێکی مەزن .

کوڕێکیان بوو ناوی نا ( عبدالله )، یوسف عەلی زۆر گرنگیدا بە پەروەردەی منداڵەکەی و باشترین مامۆستای بۆ پەیدا کرد و ناردیشی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بەریتانیا و ئەویش بڕوانامەی هێنا و ئینگلیزیەکی باش فێربوو، خۆی و هاوسەرەکەی خزمەتێکی باشی ئیسلامیان کرد و چەند پەڕاوێکی نووسی و زۆر خەمی بوو کە مانای ئایەتەکانی قورئان بە ئینگلیزی لێك بداتەوە، پاش سی ساڵ ڕەنج و شەونخونی توانی بەو کارە هەستێ و ببێ بەیەکەم وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کە لەلایەن موسوڵمانێکەوە کرابێت.

***

## موسوڵمانبوونی زانای مەجەڕی عبدالكریم جرمانوس

ناوبراو زانایەکی گەورەی ڕۆژهەلاَتناسی بلیمەتەوساڵی١٨٨٤ لەبۆدابست لەمەجەڕ لەدایکبووەو ساڵی ١٩٧٩ لەنەوەدوپێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، نووسەری بەناوبانگ عەققاد لەبارەیەوە دەڵێ: (عبدالكریم: دە زانایە کۆبۆتەوە لەیەك کەسدا) ..

ئەم زانایە هەشت زمانی زانیوە و بە چاکی توانیویەتی پەڕاوی پێ بنووسێت، ئەو زمانانەش (فارسی، تورکی، ئوردو، ئەڵمانی، مەجەڕی، ئیتالێ، ئینگلیزی، عەرەبی) هەروەها ئەندام بووە لە(مجمع)ی زمانی عەرەبی لە دیمەشق و قاهیرەو بەغداو ریباط و، زیاتر لە(١٥٠) پەڕاوی هەیە بەو زمانانەی کە دەیزانین، وەك پەڕاوی (معاني القرآن)، (الله أكبر)، (الحركات الحديثة في الإسلام)(الاسلام كدين عالمي).

دکتۆر دەڵێت: هەرزەکار بووم، ڕۆژێکی باران لە ماڵەوە بووم سەیری وێنەی لاپەڕەکانی گۆڤارێکی کۆنم دەکرد، چاوم کەوت بەتابلۆیەك کە وێنەی کۆمەڵێ خانووی لەسەر هەڵکەندرابوو کە خانووەکان گومەزی بچوکیان هەبوو، هیلالیش بەسەر لوتکەی گومەزەکانەوە بوو، لە وێنەکەدا لەسەربانێك پیاوانێك دانیشتبوون بەڕێز و بەڕێکوپێکی و جلی سەیریان لەبەردا بوو، دیارە ئەوە وێنەی ڕۆژهەلاَت بووکە جیاواز بوو لەو وێنانەی ئێمە لە ڕۆژئاوادا دەمانبینین .

من لەوکاتەدا قوتابیەکی (١٦) ساڵ بووم و حەزێکی زۆرم لەلا دروست بوو بۆ زانینی ئەو نورەی کە لە وێنەکەدا زاڵ بووبوو بەسەر تاریکیدا .

کەوتمە دیراسەکردنی زمانی تورکی و، دواتر بۆم دەرکەوت کە زمانی تورکی وشەی فارسی وعەرەبی تیایە، بڕیارم دا هەرسێ زمانەکە بزانم.

لەپشووی هاویندا چووم بۆ بۆسنە کەنزیکترین وڵاتە لەڕۆژهەڵاتی مەجەڕەوە، لە ئوتێلێك دابەزیم بۆ ئەوەی شارەزای حاڵی موسڵمانان بم، شەوێ هاتمە سەر جادە کە بەکەمی ڕووناك کرابووەوە و لە قاوەخانەیەك دانیشتم کە دووپیاویش لەسەر مێزێك دانیشتبوون و جلی میللی خۆیانیان لەبەردا بوو، خەنجەر بەقەدیانەوە بوو .

من غەریب بووم و ئەوانیش بە سەرسامیەوە بۆیان دەڕوانیم، کابرای قاوەخانە قاوەیەکی بۆ هێنام و ئیشارەتی کرد بۆ دوو پیاوەکە، منیش سڵاوم لێکردن و زۆر دەترسام کە پیاو خراپ بن و بمدەنە بەر خەنجەر، کەچی پاش تۆزێك هاتنە لامەوەو سەلامیان لێکردم و بە ڕوویەکی خۆشەوە هەریەکەیان فەرموویان لێکردم بۆ ماڵەکانیان کە لەلایان بمێنمەوەو خزمەتم بکەن..

ئەمە یەکەم گەیشتنم بوو بە موسڵمانان..چەند ساڵێك تێپەڕی، کە پڕ بوون لە هاتوچۆو لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاتر چاوم دەکرایەوە بەسەر ئاسۆی فراوانی سەیردا ..

سەردانی هەموو وڵاتانی ئەورووپام کرد، لە زانکۆی (قسطنطينية)ش وانەم وتەوە، زۆر تام و چێژم وەرگرت لە بینینی ئەو کەلەپورانەی کە لە ئاسیای بچوك و سوریادا بینیمن ..فێری زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی بووم،

گەیشتمە پلەی مامۆستای کورسی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی (بۆدابیست)، هەزاران لاپەڕەی نوسراوی زانایانی کۆنم خوێندەوە زۆر بە وردی، کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ڕۆحم بە تینویەتی مایەوە ..

من لەو پەڕاوانەوە ڕۆشناییم بەدی کرد بۆ هەندێ قۆناغی زانست، بەڵام بەپەرۆش بووم بگەمە خۆشی هەتاهەتایی لە ژێر سێبەری دیندارییدا، عەقڵم پڕ بوو، ڕۆحیشم تینوو..

شەوێکیان لە خەومدا پێغەمبەرم بینی (صلى الله عليه وسلم)، بە ڕیشێکی درێژی خەنەکراوو جل و بەرگێکی سادەی سپۆرتی بۆن خۆشەوە، چاوەکانی ئەدرەوشانەوە، زۆر بە نەرمونیانی پێی فەرمووم: بۆ سەرسامیت؟ بەڕاستی ڕێگای ڕاست لەبەردەمتایە، ئەمین و تەختە وەك ڕووی زەوی، پیابڕۆ بە هەنگاوی ئیمانی دامەزراوەوە..

منیش لەو خەوە سەیرەدا بەعەرەبی پێمووت: بە ڕاستی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە بۆتۆ ئاسانە،کە تۆ توانیوتە زاڵ ببیت و دوژمنانت ژێر خەیت،کاتێك ڕێگات گرتەبەر بە ڕێنمایی پەروەردگارت وخواش سەرکەوتنی پێبەخشیت، بەڵام من هێشتا گیروگرفت لە ڕێما ماوە و، کێ دەزانێ کەی دڵنیاییم دەستدەکەوێ؟ ئەویش بە عەزم و جەزمەوە، پاش کەمێك بیرکردنەوە سەیری کردم و دەستی موبارەکی بە توندی خستە سەرسنگم و بە زمانی عەرەبی کە هەموو وشەکانی لە گوێما دەزرنگێتەوە

فەرمووی:﴿أَلَمۡ نَجۡعَلِ ٱلۡأَرۡضَ مِهَٰدٗا ۝٦ وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ۝٧ وَخَلَقۡنَٰكُمۡ أَزۡوَٰجٗا ۝٨﴾ النبأ.

منیش بە تەنگەنەفەسی و ئازارەوە وتم: (من ناتوانم بنووم، ناتوانم ئەو نهێنیانە ئاشکرا بکەم کە بەپەردەی ئەستوور داپۆشراون، ڕێنمایم بکە ئەی (محمد)، ڕێنمایم بکە ئەی پێغەمبەری خوا ) ..

دەنگێکی پچڕ پچڕ لەگەروم دەهاتە دەرێ، هەروەك خنکابم لە ژێر باری ئەو خەوەدا، ئەشترسام پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)زویر ببێت، ئنجا هەستم کرد هەروەك لە بەرزاییەکەوە بکەومە خوارێ، لە پڕ لەخەو خەبەرم بووەوە عەرەقم لێدەچۆڕا، خەریك بوو دڵم بوەستێ، ئنجا هێمنی و کش و ماتییەکم بەسەردا هات هەروەك کش وماتی سەر قەبران و هەستم بە تەنیایی کرد..

لە ڕۆژی جومعەی داهاتوودا چووم بۆ مزگەوتی گەورەی (دەلهی)، جلی هندیم لەبەر کردبوو، هەموو ئەو (ویسامانەی) کە سوڵتانە تورکەکان دابوویانمێ کردم بە سنگمەوە .. نزیکەی چوار هەزار کەس ئامادەی نوێژ بووبوون و بە خشوعەوە بەڕیزی ڕێکوپێك دانیشتبوون و گوێیان لەوتاری هەینی گرت و نوێژیان خوێند.

پاش نوێژ (عبدالحي)ی برادەرم دەستی گرتم بەرەو دوانگەکەو چوومە سەر پلەی حەوت و ڕووبەڕووی ئامادەبووان کە هەموو چاویان تێبڕیبوم وتم: (بەڕێزینە، من لە دوورەوڵاتەوە هاتووم بەدوای زانستێکدا کەلای

خۆمان دەستناکەوێت، هاتووم شتێکم دەستکەوێت کە ڕۆحم بەپەرۆشە بۆی، ئێوەش هاوکاریتان کردم) ئنجا باسی ئەو دەورەم کرد کە ئیسلام بینیویەتی لە مێژووی جیهاندا و باسی ئەو موعجیزانەم کرد کە خوا دابووی بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، پاشان باسی حاڵی موسڵمانان و هەستانەوەیانم کردو وتم: ئەوەش وەستاوەتە سەر ئیرادەی خوا کە دەفەرموێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ الرعد:١١. من لەسەر قسەی خۆم بەردەوام بووم و لە هەموولایەکەوە دەنگی (الله أكبر) بەرزبووەوە.

لەسەر دوانگە دابەزیم و خەڵکی باوەشیان پیادەکردم و دەیانویست سەرم ماچ بکەن و داوای دوعای خێریان لێدەکردم..من خۆم بەشەرمەزار دەزانی، دەبێ من چیبم ئەوانە ئاوا سەیری من دەکەن؟!..

ئیتر گەڕامەوە ماڵەوەو خەڵکیش لە ڕۆژی دواتردا پۆل پۆل دەهاتن بۆ پیرۆزبایی موسڵمانبوونم و ئەوەندە خۆشەویستیان دامێ کە بەشی هەموو ژیانم دەکات ..

***

## موسڵمانبوونی ملقاه فەقادو



ناوبراو لەبارەی موسڵمان بوونیەوە دەڵێت: چەند ساڵ لەسەرگەردانیدا ژیام، نەم ئەزانی قەدەر چی بۆ شاردومەتەوە، خزمەتی کەنیسەم کرد وپلە بەپلە سەرکەوتم تا بووم بەیەکێ لە سەرکردەکانی کەنیسەو بەرپرسیارێتی گەورەم هەبوو.

حەزم زۆر لە خوێندنەوە بوو، هەرچی لەبارەی ئینجیلەوە بوو خوێندمەوە، هەندێ کتێب ئەو پرسیارەی تیابوو ئایا دینی ئیسلام ئاینێکی ئاسمانیە یان نا؟ منیش ئەمەم لا دروست بوو، پاش ماوەیەك پەراوێکم دەستکەوت کە تەفسیری قورئان بوو بەزمانی (ئەمهەری)، کەوتمە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانەی پێشتر خوێندبوومەوە، تا توشی گومان بووم لەوانەی کە دەمزانی وقەناعەتم پێی بوو لە پێشتردا، تا بەتەواوی دڵنیابووم کەمن لەسەرگەردانیدام وتەنها ئیسلامە کە هەق وڕاستیە و دینی خوایە، بۆیە موسڵمان بووم وناوی خۆم کردبە (محمد سعید فەقادو)کەوتمە دیراسەی ئیسلام و پەڕاوێکم ئامادەکرد لەسەر ئەوەی کە بۆچی موسڵمان بووم و

هەڵەکان و تەحریفاتەکانی ئینجیلیشم خستە ڕوو .. ئەو نوسینەشم پێشکەش بە مەجلیسی ئیسلامی ئەعلا کرد لە ئەدیس ئەبابا.

کەنیسە هەروا نەوەستا و بێدەنگ نەبوو، چۆن بێدەنگ بن کەمن فضحم کردن، کەوتنە جم و جۆڵ و پیلان گێڕان و، لە زەمانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی (مەنگستۆ) دا بە گرتیان دام بۆ سێ مانگ لەبەر ئەوەی موسڵمان بووم .

دوای هاتنەدەرەوەم لە بەندیخانە نزیکەی سێسەد کەسم موسڵمان کرد، بۆیە جارێکی تر (کارلویوس) سەرۆکی قەشەکان بەرتیلی دا بە دەسەڵاتداران و گرتیانمەوە، زانیم ئەمجارە ڕزگار بوونم نیە. خوا کردی (د. عبدالله عمر نصیف) ئەمینی عامی رابیتەی عالەمی ئیسلامی سەردانی أثیوبیای کردو بەمەسەلەکەی زانی و هەوڵی زۆری بۆ دام لای بەرپرسیاران تا ئازاد کرام..

بەڵێ، قەشە فەقادو باوکی جولەکە و دایکی گاور بوو، لە لادێ یەکی ئەسیوبیا لە دایك بوو، هەر لە منالێیەوە وریاو لێهاتو بوو، حەزی بە شارەزابوون دەکرد لە تەورات و ئینجیلدا .. تەورات و ئینجیلی بینی تەنها کۆمەڵێ چیرۆك و بەسەر هاتەو دەستی مرۆڤ و تەحریفی پێوە دیارە، ڕقی لە ئیسلام بووکە هەردەم دڵیان کرمێ دەکرد بەرامبەری، کەچی ئەمە وای لێنەکرد کە هەروا دانیشێ و خوا بۆی ئاسان کرد کە دیراسەی ئیسلام بکات .. هەرچەند پلەو پایەی باشی هەبوو، سەیارە، ماڵ، مووچەی باش، بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، دەستی ماچ دەکرا .بۆ خوا وازی لە

هەمووی هێنا و ئەو کارەی کەلە کەنیسەدا شەش ساڵی خایاند دەست بەرداری بوو.

یەکێك لە هۆکانی موسڵمانبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەوێك لە خەویا پیاوێك لێی نزیك بووەوەو دەنگێکی گوێ لێ بوو کە شەهادەت (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) هەروەها سورەتی أخلاص ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤﴾ ی فێر دەکرد.. بەترسەوە لە خەو هەستاو نەیدەزانی ئەم خەوە چیە لە خواوە یە یان لە شەیتانەوەیە .

دوو شەوی تر خەوەکە دووبارە بووەوە، لەشەوی سێەم دا ڕووناکیەکی بینی لەبەردەمیەوە و پیاوێکی بینیەوە کە شەهادەت و سورەتی ئیخلاصی بۆ دەخوێند، زانی کە ئەوە لە خواوەیەو لە شەیتانەوە نیە.. ئەو نورەی بینی لە دلّیا جێگیر بوو بۆیە موسڵمانبوونی ڕاگەیاندو، کاتێ بە ژنەکەی وت ئەویش موسڵمان بوو هەروەها سێ منالّەکەشی .. بەلّێ .. ناوی خۆی کرد بە (محمد سعید) محمدی بەختەوەر و، ڕۆژی موسڵمان بوونەکەی دانا بە ڕۆژی لە دایك بوونی ڕاستەقینەی، هەموو ئەوانەی پێیان دابوو لێیان سەندەوە، ئاشکرایە عەقیدەو بیروباوەڕ قوربانی دانی دەوێ، هەروەك هاوەڵان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لەسەربێ.

محمد سعید دەلّێ: بەهۆی شارەزایی زۆرم لە تەورات و ئینجیلدا توانیم زۆر موعجیزەی قورئان هەست پێ بکەم و قورئانیشم زۆر لەبەر کرد.

لەبەر ئەوەی کە قەشەیەکی ناودارو چالاك بوو، شارەزایی زۆری هەبوو، هەموو ئەوانەی سوود لێوەرگرت بۆ بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و، دەڵێ: ئاواتم ئەوەبوو کە دایکو باوکم موسڵمان بن و بتوانم خزمەت بە ئیسلام بکەم .

کەنیسە وازیان لێ نەهێنا لەبەر ئەوەی زۆر چالاك بوو ترسان خەڵکی ناوچەکە هەموو موسڵمان بکات.. ویستیان بە پیلانێك لە ناوی بەرن، بۆیە مەکتەبی رابیتەی عالەمی ئیسلامی  لە ئەثیوبیا ڕزگاریان کردو هێنایان بۆ مەککە تا لە زانکۆی (أم القری) بخوێنێ و زیاتر شارەزای ئیسلام بێت . لەبەر ئەوەی زۆر بە توانا بوو لە ماوەیەکی کەم دا فێری زمانی عەرەبی بوو. پیاوێکی خواناسی لێدەرچوو کە هەردەم لە خۆشی ئیمان و ئیسلام فرمێسکی شادی ئەڕشت .

بەدوورکەوتنەوەشی هەر وازیان لێ نەهێناو بە پیلانێك کچی بەرپرسی کەنیسەی ئەسیوبیایان بۆ نارد گوایە موسڵمانبووەو لە دەست کەسوکاری هەڵهاتووە وکەس شك نابات هانای بۆ بەرێت . ئەویش پێیان خەڵەتاو هاوکاری کردو لەسەر داوای خۆشی مارەی کرد، ماوەیەکی کەم هاوسەری بوو، تومەز ئەم کچە ئایدزێتی و بۆ ئەوە نێردراوە ئەمیش توشبکات و بەوە لەناوی بەرن،بەم جۆرە ئەم پیاوە خواناسە توشی ئایدز بوو ژنەکەی خۆشی تووش بوو هەردوکیان شەهید بوون ولە مەککە ناشتیانن .

## عەمر خالید

ناوبراو دەڵێت: من پابەندنەبووم بەئیسلامەوە، تارۆژێك چووم بۆ (پۆرسەعید)، لە شەقامێكدا پیاوێكی كەم ئەندامم بینی كەلەسەر كورسی كەم ئەندامەكان بوو، خۆی بۆ نەگیرابووەوە و كورسیيەكەی دابووی بە قەراغی شۆستەكەدا و كەوتبووە خوارەوە و كەس نەدەچوو بەلایدا، من زۆر بەزەییم پیا هاتەوەو چووم باوەشم پیاكرد و هەڵم ساندەوەو خستمەوە سەر كورسيەكەی ودڵم دایەوە.

من ئەمەم بۆ خوا كرد، دیارە خواش (شاكر علیم)ە، خوا ئاگادارە پاش یەك هەفتە بەیانییەك  لەخەو هەستام ودەستنوێژم شت و نوێژی بەیانیم كرد، وە هیچ هۆكارێكیش نابینم بۆ ئەو هیدایەتە، تەنها ئەوە نەبێـت كە بەرامبەر ئەو كەم ئەندامە كردم!

بەڵێ.. عەمر خالید خوا هیدایەتی داو، كەوتە بانگەوازكردن و كاریگەری زۆری هەبوو لەسەر خەڵكی، دیارە دەسەڵاتداران ئەمەیان پێ خۆش نەبوو، بۆیە هەڕەشەیان لێكرد وداوایان لێكرد كەبەپەلە میسر بەجێ بهێڵێ ..

عەمر خالید لەم بارەیەوە دەڵێت: لە ڕەمەزانی ساڵی (٢٠٠٢) دا كە لەمیسر زۆریان بۆ هێنام و دەریان كردم، تەنها دەمتوانی بچم بۆ وڵاتی سعودیە بۆ عومرە، لەكاتی عومرەكردندا، لەتەوافی یەكەمی كەعبەی ماڵی خوادا زۆر پاڕامەوە و وتم: خوایە دڵشكاوم، فریام بكەوە و دڵشكاویەكەم

بۆ چارەسەر بکە، خوا ئاگادارە لەتەوافی دووەمدا، پیاوێك لە تەنیشتمەوە پێی وتم: ئەوە تۆ لەکوێی؟! من ژێر ئەرزت بەدوادا دەگەڕێم و تۆ لەسەر ئەرزیت؟!

وتم: بۆچی؟ وتی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتۆتە خەوم کەپێت ڕابگەیەنم کە لەسەر هەقی وئارام بگرەو بۆ ماوەی ساڵێك تووشی ناخۆشی دەبیت وپاشان دەرووت لێدەکرێتەوە! ئیتر لە خۆشیا زۆر گریام، پاش ئەوەش کە چوومە دەرەوەی حەرەم پیاوباشێکی تر تەلەفونی بۆکردم و وتی: فیزەی لوبنانمان بۆ تەرتیب کردووی دەتوانی بچیت بۆ ئەوێ ..( ل٦٢ بەناوی تۆوە دەژین /عەمر خالید ).

کە لەمیسر دەریان کردم ئەوەندە پەلەیان لێکردم بواریان نەدام تەلەفونێك بکەم بۆ باوکم، بۆیە لەمەککەوە پەیوەندیم پێوەکرد و هەواڵم دایە، باوکم گریاو زۆری پێناخۆش بوو، منیش زۆر کاری تێکردم و خەریك بوو ڕازی بم بەمەرجی حکومەت وئیتر بێ دەنگ دانیشم؟! کەچی باوکم تەلەفونی کردەوە و وتی: کوڕم سووربە لەسەر مەوقیفی خۆت، ئەوە ڕێبازی پێغەمبەرانە وئاساییە کە تووشی ئەو شتانە ببیت. لەلوبنانیش لەگەڵ برادەرێکدا لەژورێکدا دەژیاین و زۆر شەو بەیەکەوە لەتاو بێ وەزعیمان دەگریاین، زۆر دوعامان کرد تاخوا دەرگای خێری بەڕوومان دا کردەوە.

بەڵێ .. بەڕاستی هەر وایە هەرکەس بۆ خوا بێت خواش بۆ ئەوە، دەرگا لەعەمر خالید کرایەوە بەجۆرێك کەبەهۆی بەرنامەکانی کەناڵە فەزاییەکانیەوە بووە کەسایەتیەکی جیهانی، زیاتر لە ملیۆن و نیوێك لاو

لەسەرتاسەری جیهانەوە بەشداریان کرد لە (صناع الحياة)دا، کەبە هەمووان ژیان بنیات بنێنەوە و ولآت بەرەو پێش بەرن نەك هەر موسڵمان بەڵکو لاوە مەسیحیەکانیش بوون بە شوێنکەوتەی، ئەمە وای کرد کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاوکاری بکەن بۆکارە مەزنەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تلیاك وجگەرە ودیاردە نامۆکانی ناو کۆمەڵگا .

(بەداخەوە لەبەرئەوەی مەرجەعیەتی نەبوو بۆخۆی کاری دەکرد، هەرچەند ئامۆژگاریان کرد کە هەقی بەسەر سیاسەتەوە نەبێت، لەسەردەمی مورسیدا حیزبێکی دامەزراند، ئنجا پاش کودەتاکەی سیسی وەك پێویست هەڵوێستی نەبوو، بەوەش ڕەونەقی نەماو جەماوەرەکەی تەکینەوە)..

## تاقیکردنەوەکەی ئیمام ئەحمەد

بەسەدان هەزارفەرموودەی لەبەربوو، خاوەنی موسنەدێکی فەرموودەیە کە بەهەزاران فەرموودەی لەخۆی گرتووە و ناوی (موسنەدی ئەحمەد)ە.. قەدەری خوا وابوو کە تاقیکردنەوە هاتەکایەوە لە مەسەلەی (خلق القرآن) دا وزۆر لەزانایان لایەنی بێدەنگی و توقیەیان هەڵبژارد لەترسی زەبرو زەنگی خەلیفە وکاربەدەستان .

دەڵێن لەوماوەیەدا شافیعی کە هاوەڵی ئیمام ئەحمەد بوو لە میسر خەوی بینی بەپێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم)کەپێی فەرمووبوو هەواڵ بدە بە ئیمام ئەحمەد کەتووشی بەلاّو تاقیکردنەوەیەك دەبێت باخۆی ڕاگرێت . ئیمام

شافیعیش نامەیەکی بەیەکێکدا نارد بۆ ئیمام ئەحمەد لەبەغداو خەوەکەی پێڕاگەیاند، ئیمام ئەحمەدیش کەنامەکەی خوێندەوە گریا. ئیمام ئەحمەد لەبەردەم فیتنەکەدا وەستاو ئارامی گرت، ئارامگرتنێك کە هەمیشە پەندو ئامۆژگاری بێت، هەروەك ئیمام ئەحمەد خۆی دەڵێت: ( ئارامگری ئێمە ئارامگری یە بۆزۆر کەسی دیکە ).

ئیمام ئەحمەد ڕوخسەتی وەرنەگرت و وتی ( ئەگەر زانا توقیە بەکار بێنێ و خۆی بپەڕێنێتەوە و نەفامیش ڕۆبچێ لە نەفامیەکەیدا، کەی هەق وڕاستی دەردەکەوێت؟! ) هەروەها دەیووت: چی ڕزگارم دەکات لەقیامەتدا لەو جەماوەرەی کە قەڵەم و کاغەزیان بەدەستەوەیەو چاوەڕێی قسەی منن .

ئیمام ئەحمەد دووساڵ زیندانی کرا نەرم نەبوو بۆیان، چونکە دەبێ بانگخوازان هەردەم سەرمەشق بن بۆ کەسانی دیکە..

ڕۆژێك زیندانیەك کەناوی ئەبوهیثم بوو پێی وت: (من ئەبو هیثم ی جەردەم، هەژدە هەزارقامچیم لێ دراوە لەسەردزی، ئارامم گرتووە لەبەر دنیاو گوێڕایەڵی شەیتان، ئایا لە گوێڕایەڵی پەروەردگار و لەپێناوی ئاین دا ئارام ناگریت؟!)

ئیمام ئەحمەد ئەم قسانە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەری و هەمیشە دوعای خێری بۆ ناوبراودەکرد .پاش گۆڕانی باروزروفەکەو نەمانی ستەمی میری، ئیمام ئەحمەد فەرمووی: ( من لە خەلیفە موعتەسەم دەبوورم لەبەرئەوەی فەتحی عەموریەی کرد کەخزمەتە بۆئیسلام )..

## تاریق کوڕی زیاد

ئەمیش یەکێکە لەوانەی کەخزمەتێکی گەورەی بەئیسلام کرد، ئەم لاوە تەمەنی ( ٢٨) ساڵ بوو کەکرا بەسەرکردەی حامیەی شاری ( طنجة )، پاشان کرا بە سەرکردەی حەملەی فەتحی ئەندەلوس، لەبەرئەوەی لێهاتوو گیانفیدا بوو..

تاریق بەسوپاکەیەوە کە حەوت هەزار کەس بوون لەشاری( سبتە ) ەوە بەکەشتی کەوتە ڕێ بەرەو گەرووی (جبل طارق ) لە ٥ ی ڕەجەبی ساڵی (٩٢) کۆچی بەرامبەر (٧١١) زاینی..

لەناو کەشتیەکەیدا سەرخەوێکی شکاند، پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)وهاوەڵانی بینی مژدەی سەرکەوتنی دایەو ئامۆژگاری کرد کە بەنەرمی مامەڵەی سەربازەکانی بکات و بەوەفا بێت بۆ ئەوعەهدو پەیمانەی داوێتی، ئنجا بینی خۆشەویست و هاوەڵان چوونە ئەندەلوسەوە، کە خەبەری بوەوە خەوەکەی بۆ سەربازەکانی گێڕایەوە زۆر دڵیان خۆش بوو...

کاتێ گەیشتنە لای شاخەکە ڕووبەڕووی سەربازەکانی( قوط ) بوونەوە بۆیە ناچار بوو بگەڕێتەوە بەرەو (سبتە) تا تاریك داهات، ئنجا چوو بەرەو پشتی شاخەکە و هەرچەند زۆر لێژ بوو، بەگوریس و شتی تر سەرکەوتن، کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ (قوط)ەکان،سوپای دوژمن خۆی بۆنەگیرا لەبەرامبەر موسڵمانانداا، بۆیە سەرکردە کەیان نامەی نارد بۆپاشاکەیان و وتی: جەنابی

پاشا، فریا کەوە کەسانێك هاتونەتە خاکمانەوە نازانین ئەوانە ئەهلی زەوین یان ئەهلی ئاسمانن؟

بەڵێ ..ئەوانە لەڕاستیدا ئەهلی ئەم سەر زەوی یە بوون بەلاَم لەسەر مەنهەجی ئاسمان بوون ...ئنجا موسڵمانان پێنج هەزار کەسی تر هات بۆ یارمەتیان و دوژمنانیش بوونە نزیکەی سەد هەزارێك ..

هەشت ڕۆژجەنگەکە درێژەی کێشا، (قوط)ە کان مەعنەویاتیان بەرز بوو تەنانەت بە عەرەبانە گوریسیان هێنابوو گوایە ئەسیرە موسڵمانەکانی پێ ببەستنەوە... جەنگەکە لەناوچەی ( شدونە )بوو لەڕۆژی یەك شەممە ی (٢٨) ی ڕەمەزانی ساڵی (٩٢) کۆچی (١٩/٧/٧١١)ی زایینی، تا یەکشەمەکەی دوای تری خایاند، شەڕێکی زۆر گەرم بوو، موسڵمانان قارەمانانە جەنگان و ئارامیان گرت تا خوای گەورە سەرکەوتنی بۆ ناردن .

## جارێکی دیکە بەندیخانە

کچی مەودودی دەڵێت: جارێکی دیکە لە ساڵی(١٩٥٣)دا باوکم ڕاپێچی بەندیخانە کرایەوە، فلیمەکە لە ئەوڵەوە دەستی پێکردەوە، پارەیەکی کەم، هەشت منالْ لە دەوری دایکێکی نەخۆش و لاواز، جارێکی تر فرۆشتنی ئالْتون و پێداویستیەکانی خۆی، جارێکی تر نان کردن و جل شتن.. ئەم جارە تاوانەکە قورس تر بوو بەلای حکومەتەوە، چونکە باوکم پەڕاوێکی نووسی لەسەر مەترسی قادیانیەکان و ئامانجەکانیان.

لە دادگای سەربازیدا حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ باوکم دەرکرد، بڕیارێکی زۆر ستەمکارانەو نا بەجێ بوو، خەڵکی هەریەکەو بە جۆرێك، هەبوو ناحەز بوو ئەوەی بەوپەڕی عەدالەت دەزانی، ئەوەی دۆستیش بوو دنیای لێ تاریك بوو بوو.

کاتێك باوکم گوێی لە حوکمەکەی بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی (الحمد لله علی کل حال).. ئنجا ئەو ئەفسەرەی قەرارەکەی دایە دەستی پێی وت(دەتوانیت لە هەفتەیەکدا داوای لێبوردنو بەزەیی بکەیت)، پێشەوا مەودوودی تووڕە بوو فەرمووی: (داوای لێبوردن لەکەس ناکەم چونکە بڕیاری مردنو ژیان لە زەوییەوە دەرناچێت، بەڵکو لە ئاسمانەوە دەردەچێ، ئەگەر بڕیاری مردنم لە ئاسمانەوە هاتبێ، ئەوە کەس ناتوانێت رزگارم بکات لە مردن، وە ئەگەر لە ئاسمانیشەوە نەهاتبێ، ئەوا کەس ناتوانێ بەقەد تاڵە موویەك زیانم پێبگەیەنی).

دۆستانمان کە دەهاتن بە گریانەوەو ئێمەیان بەوپەڕی خۆڕاگری دەبینی ئەوانیش بە خۆیاندا دەهاتنەوەو ناچار دەبوون داخ و خەمەکانیان بشارنەوە.

ئەو ڕۆژەی بڕیارەکە دەرچوو، شەوەکەی تا بەیانی دایکم نوێژی کردو لە خوا پاڕایەوە، لە دوای نوێژی بەیانی دایکم کەوتە قورئان خوێندن و گەیشتە ئایەتی: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ ﴾ البقرە.

دایکم ئایەتەکانی دووبارە دەکردەوەو دەگریا، ئنجا بانگی کردم و وتی: سەیرکە کچم ئەم پەڕاوە چەند زیندووە، ئەها چۆن خەم و خەفەتمان دەڕەوێنێتەوەو چۆن قسەمان لەگەڵ دەکات...

دوای چواردە ڕۆژ ئەندامێکی کۆمەڵەی ئیسلامی هات و لە پشت دەرگاکەوە وتی: دایکتان بانگ بکەن بۆم، هەموو ترساین کە خەبەری ناخۆشی پێبێت،کەچی خۆشبەختانە وتی: (پیرۆزباییتان لێ دەکەم، میری بڕیارەکەی گۆڕی بە بیست و یەك ساڵ بەند کردن لەگەڵ کاری قورس).

هەر ئەوەندە کابرا قسەکەی تەواو کرد دایکم لە پشت دەرگاکەوە سوجدەی بردو وتی: خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ ﴾ البقره.

هەر ئەو ڕۆژە دایکم خەوێکی بۆ گێڕاینەوە، وتی (لە خەوما فڕۆکەیەك لە لامانەوە دابەزی و باوکیشتان دەستی هەموومانی گرت بۆ ناو فڕۆکەکەو، فڕۆکەکە بە خێرایی فڕی بەرەو ئاسمان و، منیش سەرم گێژی خواردو زۆر ترسام، لە پڕ فڕۆکەکە وەستاو باوکتان دەستی گرتم و دایبەزاندم، من زۆر دەترسام، کەچی باوکتان پێی وتم: سەیری خوارەوە بکە چەند سەرکەوتین، منیش سەیری خوارەوەم کرد، دیار بوو زۆر

سەرکەوتبووین، خەڵکیم دەبینی لە خوارەوە وەك مێروولە و بینا بەرزەکانیش ئەتووت یاری منالاّنن... ئیتر لەوێدا خەبەرم بووەوە.

بە ڕاستی خەوەکەی هاتە دی، هەرچەندە دایکم زۆر ترسا بەلاّم خوای گەورە بەو مەسەلەیە پایە بەرزی کردین.

پاش چەند ساڵێکیش لە (٢٥ی دیسەمبەری ١٩٧٥)دا ڕۆژنامەی (ئیفریشیا)ی هەفتانە کە لە لاهور دەرئەچێ، لە دەمی پیاوێکەوە لە شاری (سرجودها) کە ناوی (میان رحیم بخش) بوو بلاّوی کردەوە کە: (کاتێك دادگاحوکمی لە سێدارەدانی بۆ شێخ مەودودی دەرکرد، لە خەوما حەزرەتم بینی صلی الله علیه و سلم دەیفەرموو:

( پەروەردگارا ڕەحمان پێ بکە، پەروەردگارا، بە ڕاستی مەودودی بۆ دینەکەی تۆ بانگ دەکاو هەوڵی بەرزکردنەوەی وشەی هەق دەدات،پەروەردگارا داوات لێ دەکەم کە بە زیندوویی بیهێڵێ، پەروەردگارا ڕەحمان پێبکە ئەی کەریم ).

ئنجا لە پڕ گوێم لە دەنگێك بوو وتی: ئەی محمد، دوعاکەتمان قبوڵ کرد . ئیتر لە بانگی بەیانی خەبەرم بۆوە. دڵم لێدانی زیادی کرد، لەشم دەلەرزی، فرمێسك بە چاوانمدا دەهاتە خوارێ، خۆم بۆ نەدەگیرا، ماوەیەکی زۆر لە جێگاکەمدا مامەوەو نەمدەتوانی بجوڵێم ).دیارە تەفسیری خەوەکەش ئەوە بوو کە باوکم ڕزگاری بوو.

## دیارییەکی پیرۆز

ئاستانەکەی شێخ مارفی نۆدێ، هەرگیز بێ ئەوکەسە وەجاخ کوێرانە یا هەر هیچ مندالْ نەبووانە نەبووەو، ڕەنگە بلێین هەمیشە جمەی هاتبێ، کە بە هەموو ئومێدێکەوەو، بە بەرەکەتی دەم و نفووسی شێخ مارفی موبارەك و لەخوا نزیك وپاك، بەلْکودوعایەکی خێریان بۆبکا یا بۆ بنوسێ، تا بەلْکو هەر یەکێك لەوانە نیازی دلْی جێبەجێ بێو، خوا مندالێکی لەسایەی دوعای موبارەکی ئەو زاتە پاکەوە پێ ببەخشێ..

هەمیشە ئەو جۆرە کەسانە لە ژن و لە پیاو لە خزمەت ئەو زاتەدا ئەبوون.. دیارە ئەمیش خۆ بێدلْی نەکردوون و، دەستی نائومێدی نەناوە بەڕوویانەوەو، دوعای خێری هەر بۆ کردوون و، دلْنیاشم کە خوای میهرەبان دەستی نا ئومێدی نە نابێ بەڕووی شێخ مارفەوەو، بەهەر یەکێ لەو نیازمەندانە خوا نیازی دلْی هێنابێتەدی و، منالێکی پێبەخشی بێ، جا شێخ مارف کە خۆی بوو بوو بە مەکۆی ئەو ئومێد بڕاوانەو، هەموو ئومێدێکیان بەستبوو بە دوعاکانی ئەمەوەو، لەم لاشەوە کە خۆی و هاوسەری بەڕێزی تەمەنیان زۆر سەریش کەوتبوو، هێشتا مشەی ساوایەك لەخانەی شێخ مارف دا نەبیسترابوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو زاتە بیری لەوە نەکردبۆوە یا دلْنیام ڕەنگە ڕووی نەهاتبێ داوای منالێك لەخوا بکا، چونکە ئەو زاتێکی وەهاو زانایەکی وەهاو خواناسێکی وەهابوو، ڕەنگە بە کارێکی پەسەندی نەزانیبێ، دوعا بۆ نیازێکی وەها بۆ خۆی بکا، بەلاَم هاوسەری بەڕێزی ئاخیری خۆی

پێناگیرێ‌و، ئافرەتیش بەحوکمی فیترەت زیاتر حەز لە منالّ و مندالّبوون ئەکا وەك لە پیاو، بۆیە ڕوو لە شێخ مارفی هاوسەری ئەنێ‌و ئەلّێ: پیاوەکە ئا دوعایەکیش بۆخۆمان بکە، بەلّکو خوا مندالّێکمان بداتێ..

دیارە شێخ مارفیش دلّێ نەرم ئەبێ‌و، لە خزمەتی خوادا نیازی دلّی خۆی ئەخاتە ڕوو، خوای گەورەش دوعاکەی گیرا ئەکاو شەوێك لە خەوا، هاوسەری بەڕێزی بە خزمەت حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) ئەگات و، دوڕێکی سپی جوانی ئەداتێ‌و ئەفەرموێ: ( ئەمە دیارییەکە لە باپیرتەوە بۆ کوڕێکی پیرۆزو، ناوم نا کاك ئەحمەد)..(بنەمالّەی زانیاران/ چاپی یەکەم/ ل٣٤٥ مەلا عبدالکريم مدرس)(کاك ئەحمەد لەروانگەی مەکتوباتەکانیەوە).

## ئافرەتی ئەمریکی سەنا بان

ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەلّ کەنالّی (الشارقة) بەرنامەی(ثم اهتديت)دا باسی موسلّمانبوونی خۆی دەکات و دەلّێت: من لە منالّیمەوە مەسیحی بووم و تاقە کچی مالّەکەمان بووم، هەر لە منالّیمەوە سروشت و فیترەتم پاك و ڕەوشت بەرز بووم، بیرم دێ پێنج شەش سالّێك دەبووم، براکەم چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو قەدی درەختەکانی دەڕوشاند منیش پێم وت ئەوە درەختی خوایە، وامەکە ئەگینا خوا لێت زویردەبێت.

موسلّمانانم بینیوە بەلاّم گوێم پێنەداون، تا جارێك لە زانکۆ بووم کاتی ماجستەرەکەم، گوێم لە یەکێ بوو لەدەرەوە شتێك دەلّێ، بەو سەرمایە

قۆڵی لێ هەڵکردبوو، وتم: باشە چۆن سەرمای نابێ بەتایبەت ئۆکلاهۆما ساردبوو، تومەز بانگیدا بۆ نوێژ و چەند کەسێ لە دوایەوە وەستان ونوێژیان کرد، لە دڵی خۆم دا وتم دیارە بە ڕاستی خودا دەپەرستن، دانیشتم لەسەر کورسیەکەم و سەیری ڕکوع وسوژدە وخشوعیانم کرد لە نوێژەکەیاندا، دواتر یەکێ لەو پیاوانە هات بۆ پۆلەکەمان، وتم: ئەوە چیتان کرد؟

وتی: نوێژمان کرد بۆ خوا، وتم: خوا کێیە؟

وتی: بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی.

ئیتر بێدەنگیم لێکرد ولێرەدا قسەکانمان بڕیەوە.

کە وانەکەمان تەواو بوو پەڕاوێکم لە بارەی ئیسلامەوە لە کتێبخانەی زانکۆ وەرگرت و ئەوشەوە خوێندمەوە، بۆ بەیانی کە چوومە دەوام کتێبەکەم لەسەر مێزەکەم بوولە تاقیگە، پیاوەکە هات وتی: ئەوکتێبە بۆ دەخوێنیتەوە؟؟

وتم: بۆ؟ وتی: ئەگەر لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێنیتەوە، کتێبێك بخوێنەرەوەکە موسڵمان نوسیبێتی ودڵنیابیت کە زانستی ڕاست و دروستت ئەداتێ، بۆ ڕۆژی دوایی هەندێ پەڕاوی دامێ لە بارەی ئیسلامەوە کە بیخوێنمەوە، من نەمدەویست موسڵمان بم، بەڵام هەرلە بابی (فضولە) وە وەرمگرت.

ئەو هانیدام کەبخوێنمەوە وبزانم ئیسلام چی یە، منیش بەردەوام بووم، ئنجا ئافرەتێکم ناسی لە زانکۆ کە بەدزیەوە موسڵمان بوو بوو مێردەکەی مەسیحی بوو، نەیدەهێشت کەنوێژەکانی بکات و، ئازاری ئەدا لەسەر

نوێژکردن. جا کاتێ زانی کە لەبارەی ئیسلامەوە دەخوێنمەوە پەڕاوی چاکی دامێ، ناوی کارۆل بوو، بووە هاوڕێی گیانی بە گیانیم. دوایی زانیم کە ماڵیان نزیك ماڵی ئێمەیە، ڕۆژانە دوای زانکۆ بە پێ دەگەڕاینەوە و باسی ئیسلامیمان دەکرد. چەندم زیاتر بخوێندایەتەوە لە بارەی ئیسلامەوە هەستم دەکرد من هەر لە منالیمەوە بە فیترەت موسڵمانم.

سەرەتا وامدەزانی تەنها ئیمانم هەبێ بەسە، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە من بەرپرسیارم لە کارەکانم، دەبێ هەندێ شت هەیە لە (شعائر) ی ئیسلامی جێبەجێی بکەم. هاوڕێیەکی کاسۆلیکیم هەبوو چل ڕۆژ و چل شەو بەرۆژوو دەبوون بەڵام ڕۆژووەکەیان ئەوەبوو کەشتێك حەزی لێدەکەن نەیخۆن، بۆ نموونە کەسێك ڕۆژێك نەستەلە ناخوا، یان جگەرەناکێشێ، یان جۆرێ خواردن وازلێ دێنێ، وتم: لەگەڵ تۆ بەرۆژوو دەبم و چۆرەك ناخۆم.

لەوماوەیەدا ئەگەڕام بەدوای ڕەگوڕیشەی ئیسلام دا،شەوێکیان کتێبی زۆرم لەبەردەستا بوو کە سەعی بکەم بۆ بەیانی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی، چیم خوێندەوە هیچ حاڵی نەبووم، دڵ وهۆشم لای ئیسلام بوو، ویستم بنووم خەوم لێنەدەکەوت، سەعات یەکی شەو دوعام کرد خوایە داوات لێدەکەم دڵئارام و دڵنیام بکە، چونکە توانام نیە، ئینجا لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و دوعام کرد، خوایە ڕێی بەهەشتم  پیشان بدە، من ئەمەوێ بچم بەرەو بەهەشت، خوایە ئەگەر ڕێی بەهەشتم پیشان بدەی مەسیحیەت بێت دەبمە مەسیحیەکی تەواو، ئەگەر ئیسلامە پەیمان بێ ئەبمە موسڵمان و بەگوێت دەکەم، ئیتر سبحان اللە دڵم ئارام بوو خەوم لێکەوت.

بەیانی چووم بۆ زانکۆ بۆ تاقیکردنەوە، کارۆلم بینی لە نوسینگەکەی خۆیەوە بانگی کردم، وتم: پەلەمە دەچم بۆ تاقیکردنەوە، وتی: وەرە کارم پێتە، کەچووم وتی: ئەوە ئیمامی مزگەوتەکەیە لەوەوە زۆرشت فێربوووم لە بارەی ئیسلامەوە، ئەم بەیانیە هاتوووە بۆ زانکۆ،یەکسەر زانیم خوا وەڵامی دوعاکەی منی داوەتەوە، کەئەم ئیمامەی بۆناردوم.

وتم: ئەمەوێ موسڵمان ببم؟ وتی: هەر ئێستا شایەتمان بێنە، تازووە، کێ دەڵێت تەمەن موڵەتت ئەدا تا لەم دەرگایە دەچیتەدەرەوە.

وتم: بڵێم چی؟ وتی: بڵێ (اشهد ان لااله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) منیش وتمەوە لەدوایەوە،کە موسڵمانبووم وشایەتمانم هێنا هەستێکی سەیرم لا دروست بوو ئەتووت هەمووگیانم بەستوویەتی و لەسەرەوە بۆخوارەوە ئاوی گەرمم پیادەکەن. هەستم بەگەرم بوونەوە کردو تێگەیشتم لەو لەحزەیەوە کەهەدەفم چی یە لە ژیاندا.

کەموسڵمانبووم وامدەزانی کە ئاساییە حیجاب نەکەم بەڵام دوای سێ مانگ کە زیاتر شارەزابووم وکاتی ئەوەهات خێزانەکەم بێن بۆ ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆم، بڕیارم دا بۆئاهەنگەکە حیجاب بکەم تا تەسلیمی ئەمری واقیع بن چونکە بکەوتایەتە دوایی لەوانەبوو ڕێگریم لێبکەن .ئەوەش ئیحراجی بۆدروستکردن لای دەرودراوسێ، بەدایکم وت ئەگەر رازی دەبن باشە وەئەگەرنا بەجێتان دێڵم، من ئیسلام فەرمانی پێداوم کە خزمەتت بکەم وگوێڕایەڵت بم، ئەمەش واجیبمە وەك موسڵمانێك سوپاس بۆ خوا دوای دووهەفتە کارێکم دەستکەوت لە کالیفۆرنیا وچووم بۆئەوێ.

له كاليفۆرنيا كۆمەڵگايەكی موسڵمانی باش هەيە له موسڵمانانی ولاّتان كه هاتوونەته ئەمريكا و هەروەها له موسولّمانه ئەمريكيەكان، لەگەڵ كۆمەڵێ خوشكی موسڵماندا فێری عەرەبی وهەندێ سورەتی قورئان بووم.

دوای ساڵ و نيوێك شووم كرد بەموسڵمانێك وئێستا پێنج منالّم هەيە، ئەوەی زۆرخۆشه لەژيانمدا ئەوەيە كەسالّی پار دايكم ئيمانی هێنا، گەڕامەوە ئەمريكا و شەش مانگ له لای مامەوە، كاتێ موسڵمان بووم، داوام لێدەكرد موسڵمان بێت و دوعام بۆ دەكرد، دايكم ئافرەتێكی مەزنه و ڕەنجی زۆری لەگەڵ داوين و هەقی خۆيەتی كه موسڵمان بێت.كاتێك سەردانی دەكردين و سەردانم دەكرد زۆر خەمبار دەبووم كه هێشتا موسڵمان نەبوو بوو، سبحان الله كه پار چوومەوە بۆ ئەمريكا بۆ لای، دوو ساڵ بووو تووشی نەخۆشيەكی شێرپەنجەی دەگمەنبوو بوو له خەستەخانه دووساڵ مايەوە، ويستيان له ئازار ڕزگاری بكەن ودەرزی يەكی كيمايی لێ بدەن وبمرێت، بەلاّم خواكردی تووشی جەڵتەبوو دەرزی يەكەيان دواخست، وردە وردە زياتر شارەزا بوو له ئيسلام وموسڵمان بوو، برايەكی بچوكيشم هەيە١٥ساڵ لەمەوبەر موسڵمان بووە.

٢٥ساڵ لەمەوبەر لەم ناوچەيەدا موسڵمان نەبوو كەچی ئێستا لەسايەی خواوە موسڵمانی باشی لێيه، زانكۆيەكی بچوكی لێيه ومزگەوتيان هەيه زۆر دڵخۆش بووم، سەرەتاكەموسڵمان بووم ڕۆژوو بەلامەوە قورس بوو دواتر ڕاهاتم و بۆم دەركەوت تەنانەت پزيشكەكانيش كەموسڵمان نين باسی سوووودەكانی ڕۆژوو دەكەن لەچارەسەری نەخۆشی يەكاندا.

جابێمەوە سەرموسڵمانبوونی دایکم، من ومناڵەکانم هەمیشە دوعامان بۆ دایکم دەکرد، دایکم دووساڵ لە خەستەخانە لەژێر عیلاج دابوو، لە یادی لەدایك بوونیدا تەلەفۆنم بۆکردو وتم: چ دیاریەکت بۆبێنم، کەچی ئەوحەزی کرد لەگەڵی بچینە دەرێ بۆ چێشتخانەیەك، چووین لەگەڵیدا بۆئەو چێشتخانەیەی کەئەوحەزی پێدەکرد، ئێوارە هات وکاتی نوێژبوو.

وتم: حەز دەکەی دەتبەینەوە، تا دواتر نوێژەکەمان بکەین و نوێژەکەمان نەچێت، یان وەرە لەگەڵمان دەچین لە مزگەوتێکی نزیك نوێژدەکەین، کاتەکە بەفر و سارد و سەرما بوو، هات لەگەڵمان ئەو لە ژووری ئیمامەکە چاوەڕێمان بوو، تا ئێمە نوێژمان کرد لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکەدا کەوتبووە گفتوگۆو موسڵمان بوو شایەتمانی هێنا کە بەڕاستی ئەوە بەلای منەوە لەملیۆنێ دۆلار گرنگترە.

ڕووداوێکی تر هەیە بەڕاستی کاری تێکردم و زانیم کەلەسەر ڕێ ی ڕاستم، کاتێك لەساڵی ١٩٩٥دا تووشی شێرپەنجەی سی بووم، ماوەیەکی زۆر بەدکتۆر و نۆرینگەکاندا گەڕام تا نەخۆشیەکەم بۆ بدۆزنەوە؟ دوای سێ مانگ دکتۆرەیەك حاڵەتەکەمی دەستنیشان کرد و پێی وتم تووشی ئەو جۆرە شێرپەنجەیە بووم، منیش چەند مانگێ بوو مناڵم بوو بوو زۆرخەمم بووکە جێیان بێڵم.

یەك ڕۆژی تەواو نوێژم کرد و دوعام کرد کە خوا کارم بۆ ئاسان بکات، سبحان اللە ئەوشەوە لە خەوما پیاوێکم بینی لەبەردەما دەهەنگاوێك لێم دووربوو، خورمای دەخواردو دەنکەکەی دەخستە دەستیەوە، لام

سەیربوو بۆ من دانیشتووم و ئەم پیاوە لەبەردەممایە، هەستم کرد پیاوێکیش لە پشتمەوەیە وەستاوە کەئەویش زانیم پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم)، بەلاچاو دەمبینی، پێی فەرمووم: سەنا ئەزانی ئەو پیاوەکێیە؟ وتم: نەخێر، کێیە ئەو پیاوە؟ فەرمووی: ئەوە ئەبوبەکری صدیقە، زۆرخۆش بوو و بەلامەوە ئەبوبەکر لەبەر دەممابێت وحەزرەت درودی خوای لەسەر بێ قسەم لەگەڵ بکات.

وتم: ئەی پەروەردگارا ئەوە ئەبوبەکر و پێغەمبەری خوایە، اللەاکبر، الله اکبر. ئنجا حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) دووبارەی دەکردەوە و دەیفەرموو: ئەو بەردەوام شتی ئەدا بەخەڵك وهاوکاری خەڵکی دەکرد، لەم قسانەدا بووین وکچەکەم خەبەری کردمەوە بۆ نوێژی بەیانی، بیرم لەخەوەکە دەکردەوە، پەیوەندیم کرد بەمامۆستایەکەوە، تاخەوەکەم بۆ لێکبداتەوە، مامۆستاکە وتی: دڵنیایت کەئەبوبەکر خورمای دەخوارد، وتم: بەڵێ، وتی: زەیتون نەبوو، چونکەئەویش ناوکی هەیە، وتم: نەخێرخورمای دەخوارد، وتی: دە ئەوە هاتووە مژدەت بداتێ کە دەژیت ونامریت.

دکتۆرەکان نەخۆشیەکەمیان بەلاوە قورس بوو، شێرپەنجەکە لەقورگمەوە هاتبوو بۆسی یەکانم، کە نموونەیان لێوەرگرت و ناردیان بۆ ئەمریکا دڵنیابوون لەنەخۆشیەکە وچارەسەرم زەحمەت بوو، بەلام کە گەڕامەوە ئەمریکاو نەشتەرگەریان بۆکردم وتیان ئیتر چاك دەبیت و بۆت ناگەڕێتەوە. کە ئەمەش بەڕاستی ڕەحمی خوابوو چونکە دووجار پێشتر جەختیان کردو پێیان وتم کە ناژیم کەچی خواویستی وابووکە چاك ببمەوە.

## سوڵتان سلێمانی قانونی

لە خەویدا حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: (ئەگەرقەلاَکانی بەلگراد و ڕۆدوست فەتح کرد، دەست بکە بە ئاوەدانکردنەوەی حەرەمەین، سولتان وەسیەتی کرد لەماڵ و سامانی تایبەتی خۆی وەقفێکی خەیری بکەن کە ئاو بۆحاجیان دابین بکات.

لەدوای مردنی سولتان کچەکەی (مهرماه سولتان) وەسیەتەکەی جێ بەجێکرد وفەرمانی دا ئاوی کانی ( زوبەیدە) لەعەرەفاتەوە بۆ مەککە بێنن.

## کوردێکی تێکۆشەر:

جیهادکردن لوتکەی دینداریيە وکوردیش وەکو باقی گەلان شەرەفی جیهادی دەستکەوتووە لە کۆن و نوێدا، ئەمەش نموونەیەکە:

ناپلیۆن پۆناپارت لە ساڵی (١٧٩٨ز) دا میسری داگیرکرد و کردیانە بنکەیەك بۆ ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسی لە ڕۆژهەلاتدا، ئەوەی خراپ بوو بەرامبەر میسرییەکان کردیان، لە کوشتن و برِین و تالاَن کردن. خەڵکی میسر کەوتنە شۆڕش کردن دژی ستەمکاران و سوپای عوسمانیش خۆی ئامادەکرد بۆ دەرکردنی داگیرکەران، لەم سەرو بەندەدا، پیاوێکی خواناسی بۆخوا سولحاوی تێکۆشەر کە لە شاری ئاکرێ دەژیا، خەو بە حەزرەتەوە (صلى الله عليه وسلم) دەبینێت کە مژدەی دەداتێ ئەگەر بچێ بۆ یارمەتی سوپای

موسوڵمانان لە میسر خوای گەورە دوای سێ ڕۆژ لە جەنگ کردن سەریان دەخات بەسەر فەڕەنسییەکاندا.

ئەم پیاوە ناوی (جبرائیل کوڕی حسێنی زێباری) بوو، باپیرانی کاتی خۆی تێکۆشەر بوون و لەگەڵ (صلاح الدین) دا جیهادیان کردووە تەنانەت خوزە و زرێپۆشی جەنگی باپیرانی تا ئێستا ماوە و لەناو مەزارگەی قەبرەکەی (جبرائیل) دا دانراوە و پارێزراوە لە ئاکرێ. جبرائیل بۆ بەیانی ئەم خەوە بۆ خەڵکی باسدەکات و بیست لاوی ئاکرێ واز لە کار و پیشەیان دێنن و کەسو کارییان لەبەر خوا بەجێدەهێڵن و دەچن بەرەو شام و لەوێوە بۆ فەلەستین و پاشان بۆلای سوپای موسوڵمانان لە میسر، کە گەیشتنە ئەوێ، جبرائیل چووە لای سەرکردەی سوپای عوسمانییەکان و مژدەکەی حەزرەتی پێگەیاندن.

جبرائیل و هاوەڵانی شانبەشانی سوپای موسوڵمانان جەنگان دژی سوپای فەڕەنسی و مژدەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتە دی و دوای سێ ڕۆژ فەڕەنسییەکان شکان و سەرکردەی سوپای فەڕەنسی (مینو) قایل بوو بەخۆبەدەستەوەدان، پاشان ئەسکەندەریەیان لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٠١) دا چۆڵ کرد و بەمەش میسر گەڕایەوە باوەشی ئوممەتی ئیسلامی . پاش ئەم ڕووداوە دەنگوباسی (جبرائیل) بڵاوبۆوە و خەڵکی نازناوی (بیر) یان لێ نا کە مانای (وەلی) خوایە و ناوەکەشیان بۆ ئاسانی لەسەر زمان کورتکردەوە و لەجیاتی (جبرائیل) ئەیان وت (جب)، واتە بە (بیر جب) بانگیان دەکرد. ناوبراو خۆی و هاوەڵانی لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٨٠١) دا گەڕانەوە ئاکرێ و خەڵکی ناوچەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن ولەلایەن

عوسمانییەکانیشەوە لەخەراجی موسڵ موچەی خانەنشینییان بۆ بڕایەوە.لە ساڵی (١٨٠٣) دا (موراد پاشای کوڕی ئیسماعیل پاشا) کە ئەمیری بادینان بوو داوای لێکرد کە بچێت بۆ هاوکاری والی بەغدای ئەوکاتە دژی چەند هۆزێك کە چەتەگەرییان دەکرد و ڕێیان لە خەڵکی دەگرت و ئەمن و ئاسایشیان تێکدەدا،ناوبراو خۆی ونزیکەی شەش سەد کەس چوون بۆ هاوکاریی والی بەغدا و لەم جەنگەشدا تەنها دوانزە کەسیان لێ شەهید بوو.

جا توانای (بیر جب) بۆ کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە بێ بەرامبەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی خۆشیان دەویست و متمانەی تەواویان پێی بوو. شایانی باسە کە (جبرائیل) کۆچی دوایی کرد هەر لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئاکرێ ناشتیان و تا ئێستاش ماڵەکەی وەك مەزارگەیەك خەڵکی سەردانی دەکەن، کە لە دوو ژووری بچوك پێکهاتووە. (ل٣١٩، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث وحضارتهم، د.عماد عبد السلام. ).



وێنەی زرێی باپیرانی جبرائیل لە مەزارگەکەی

## خەوەکەی مامۆستا ڕەبیعی:

مامۆستا مەلا محمدی ڕەبیعی لە ساڵی **١٩٣٣** لە کوردستانی ئێران لەدایك بووە و هەر لە منالّییەوە قورئانی لای دایکی خوێندووە و پاشان زۆر شار و دێهاتی کوردستان گەڕاوە تا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ناوبراو یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستانی ئێران و هاوەڵی مامۆستا موفتی زادە بووە. لە ڕادێووە بەردەوام بەرنامەی هەبووە و چەندەها پەڕاوی نووسیوە و خزمەتێکی باشی بە ئیسلام و موسڵمانان کردووە، دەنگی خۆش بووە بۆیە لە ساڵی (١٩٦٦) دا دەینێرن بۆ پێشبڕکێی قورئان خوێندن لە پاکستان، لەوێ چاوی بە مامۆستا حصری و عبدالباسط دەکەوێت، عبدالباسط جلە کوردییەکانی مامۆستای لا جوان دەبێ و باسی خۆی بۆ دەکات و دەڵێت: باپیرەی کورد بووە و خەڵکی شەقلاوە بووە و بە قەدەری خوا پەڕیونەتە میسر.

مەلا محمد دەڵێ: لە پێشبڕکێکەدا حصری پلەی یەکەم و منیش دووەمم بەدەستهێنا. لەدوای ئەوەوە یەك جار نامەیەکی مامۆستا باستم بۆ هات، کە لەسەرەتای نامەکەیدا نووسیبووی: لە عبدالباسطی کوردییەوە بۆ بەهاری دڵان برام قورئانخوێنی ئێران. عبدالباسط ئەوەندەی خۆش دەویستم هەر بە (ربیع القلوب) بەهاری دڵان بانگی دەکردم، ئەم نامەیەی کۆمەڵێ وێنەشی تیابوو کە بەیەکەوە گرتبوومان لە پاکستان. لە کۆڕێکدا لە پاکستان مامۆستا عبدالباسط سورەتی (المؤمنون) ی بەجۆرێك خوێند کە خۆی و

هەندێك لە گوێگرەكان دەستمان كرد بە گریان، نزیكەی (٥٠) ڕۆژ بەیەكەوە بووین لە پاكستان.

مامۆستا ڕەبیعی دەڵێت: لە كۆتایی (١٩٦٩) دا لەدوای تەواوكردنی بەرگی پێنجەم لە كتێبی (باقيات صالحات) بەرگی یەكەم و دووەم و سێیەم ئامادەی چاپ بوون، لەبەر گرفتی دارایی توانای چاپكردنی هەر پێنج بەرگەكەمان نەبوو، تەنانەت بۆ چاپكردنی ئەو سێ بەرگەش لە نەبوونی كاغەز لە تەنگانەدا بووم. بێتاقەت بووبووم و دەترسام كتێبەكە چاپ نەكرێ و ڕەنجم بەزایە بچێ، بەردەوام دوعام دەكرد (اللهم وفقني على إتمام المطالب بشرافة رسول المشارق والمغارب) .

خوای گەورەش لە ئاسمانی عەتراویدا بە هەڵهاتنی ڕۆشنایی خۆشەویستەكەی گیانی هیوای لە مندا گەشاندەوە و بە دیداری سەروەرەكەم محمد (صلى الله عليه وسلم) شاد بووم و منی لەترس بێخەم كرد و بە بۆنی كراسەكەی چاوەكانم گەشایەوە و بە دەنگی خۆشی: ﴿قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ۝٥٨﴾ یونس، نائومێدی لەلاپەڕەی بیرمدا ڕەواندەوە، لە شەوێكی پیرۆزدا ئەم سەروەرە هاتە خەوم. شەوی یەك شەممە (١٧) ی شەوالی (١٤١٠) ی كۆچی، (١٩٩٠) ی زایینی، حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) هاتە خەوم لە نزیكی گۆڕستانی میناباد كە گۆڕستانێكی تایبەتە بە ئەهلی سوننە و جەماعەوە لە كرماشان، خەڵكی تەماشایان دەكرد و كاتی نوێژی شێوان بوو، خۆر ون

بووبوو، خۆری هیدایەت هەڵهاتوو ئاسمانی جیهانی ڕۆشنکردەوە و نەسیمی ئەو سەروەرە جیهانی خۆش کرد، باڵایەکی نوورانی و جوانی هەبوو دەستی بەرزکردبۆوە و دوعای دوای بانگی دەخوێند (اللهُمّ ربَّ هذِهِ الدَّعوَةِ التَّامة) منیش لەلای چەپی حەزرەتەوە (صلی الله علیه وسلم) کەمێك وەستام ئەم سێ دوعایەم خوێند (خوایە بۆ خاتری ئەم پێغەمبەرە من عەفوو بکەی، خوایە بۆ خاتری ئەم سەروەرە دایك و باوکم عەفوو بکەی)، لە دوعای سێیەمیشدا بە دڵێکی پڕ شەوق و خۆشی و بە چاوی گریانەوە وتم: (خوایە بۆ خاتری ئەم پێغەمبەرە سەرکەوتووم بکە بۆتەواوکردنی کتێبەکەم)، لەو کاتەدا حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) لای کردەوە بەلای مندا و تەواو روخساری دەرکەوت.



خەندەیەکی کرد و دانە پیرۆزەکانی دەرکەوتن و پووکی موبارەکی پڕبوو لە ئاوی حەیات، فەرمووی: سێ دانەی ماوە!

وتم: قوربان ئاخر هەشت بەرگە، فەرمووی: پێنج بەرگت نووسیوە و سیانی ماوە، لەوکاتەدا سەراپای گیانم وەك مۆم توایەوە، کاتێکی خۆشی بەخش بوو ئەو کاتەی کە هەرگیز لە ژیانما هەستم پێ نەکردووە، پاشان کەوتە ڕێ و ڕۆیی . شایانی باسە لەساڵی (١٩٩٦) دا لە ڕووداوێکی تەمومژاوییدا تەرمەکەی مامۆستا دۆزرایەوە کە گومان دەبرێ

هەروەك زانا سوننیەكانی تری ئێران شەهید كرابێ، خوا گیانی پاكی شاد بكا بە بەهەشت. مامۆستا محمدرەبیعی، عبدالستار ئاسەفی).

مامۆستا كە دەبێتە مەلا دەچێتەمزگەوتی دێیەك لە ئێران مامۆستاكەیان نەخۆش دەبێت تانوێژی تەراویحیان بۆ بكات، خەڵكەكە لەمامۆستا دەپرسن نیەتی تەراویح بێنن یان گێڕانەوەی نوێژە فەوتاوەكانیان، ئەویش دەڵێت: كێ قەرزارە بانوێژ بگێڕێتەوە، بۆ سبەی شەو مەلای مزگەوتەكە كە نەخۆشە دەنێرێت بەدوایداو پێی دەڵێت:خەوم بە خۆشەویستەوە(صلی الله علیەوسلم) بینیوە فەرمانت پێدەكات كەخەڵكەكە نیەتی تەراویح بهێنن.

## هیدایەت

بانگخوازشێخ عبدالقادر دەهمان دەڵێت: برادەرێكم بۆی گێرامەوەو وتی: لە بەریتانیا بووم دەمویست بگەڕێمەوە، مەوعیدی تەیارەكەم لێتێكچوو فریای تەیارەكە نەكەوتم، رەحلەیەكی ترم حیجزكردو بەداخ و خەمێكی زۆرەوە گەڕامەوە ئوتێل . كەگەیشتمەوە ئوتێلەكە بەرپرسی پرسگەكە وتی: لەخەستەخانەوە كەسێك تەلەفونی كردووەو موسڵمانێكیان دەوێت. لەبەرخوا چووین بۆ لای بەڕێوەبەری خەستەخانەكەو خۆمان پێناساند، ئەویش وتی: نەخۆشێكمان لایە ئەیەوێت موسڵمان ببێت.

كەچوینە لای نەخۆشەكە تەمەنی چل و پێنجساڵێك دەبوو لەسەردەستما موسڵمان بوو، هەندێ باسی ئیسلامم بۆكردو خۆی شت و دەستنوێژی

شت، سەرگوزەشتەی خۆی بۆگێڕامەوەو وتی: من سەربازبووم لە کەتیبەیەکی بەریتانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ولاٚتێکی رۆژهەلاٚتی ئاسیابووم، کتێبێکم لەبارەی ئیسلامەوە دەستکەوت، خوێندمەوەو پانزە ساڵ بە ئاواتی ئەوەوە بووم موسڵمان ببم، کەگەڕامەوە بەریتانیا موسڵمانی خراپم بینی ساردبوومەوەو وتم: موسڵمان نابم، بەلاٚم دوێنێ شەو لەخەوما کەسێکم بینی کە پێغەمبەری ئیسلام بوو پێی وتم: (سەیرکردنی حاڵی خەڵك سەرقاڵی کردیت لەوەی خۆت رزگاربکەیت و شوێن ئاینەکەم بکەویت) .

کەلەخەو هەستام وتم: ئەبێ بەزوویی موسڵمان ببم، وا خوا ئێوەی بۆناردم. ئەم پیاوە لای ماینەوە دوای دووسەعاتێك باری تەندروستی خراپتر بوو، ئێمەش دڵمان نەهات بەجێی بهێڵین، تاوەفاتی کردو بردمان شتمان وکفنمان کردو لە قەبرسانی موسڵمانان‌اندا ناشتمان.

***

## حاجی عەبدولڵای عەلی شەل

خەڵکی پێنجوین بوو دۆستێکی خۆشەویستم بوو، من و خێزانم سەردانمان دەکردوو ڕێزو خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبوو. ئەم حاجی یە قورحەی گەدەی هەبوو،هەموو ڕەمەزانێك بەیانیان پارشێوی دەکردو تا ئێوارە ئازاری زۆر هەراسانی نەکردایە نەیدەشکاند، ناوبراو ئەچێ بۆ حەج لە هەشتاکاندا، لەمزگەوتی ڕەسولی نازدار خەوی لێدەکەوێت و لەخەویا حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) پارچەیەك نانی تیری بەدەمی موبارەکی تەڕدەکات و ئەیدا بەحاجی عبدالله و ئەویش دەیخوات و، پاشان کە خەبەری دەبێتەوە خوا شیفای ئەدات.

## شێخ محمد حەسان

لە ساڵی ٢٠٠٩ کەترسی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا هەبوو، سەرۆکی توونسی (زین العابدین) ڕێی نەدا تونسیەکان بچن بۆ حەج، بۆیە هەندێك لە تونسیەکان چوونە ئەورووپاو لەوێوە چوون بۆ حەج. خوا کردی ئەو نەخۆشیە لەناو حاجیاندا بڵاونەبۆوە، کەچی جەنابی سەرۆك لە کۆشکی کۆماریدا تووشی ئەو ئەنفلۆنزایە بوو بەهۆی کچەزاکەیەوە، ڕۆژنامەی البایيس و (ئی بی سی) ئیسپانی بڵاویان کردەوە کە پاشای ئیسپانیاسەردانی فەرمی تونسی دواخست بەهۆی تووشبوونی (زین العابدین) ەوە بە نەخۆشی ئەنفلۆنزا. ﴿ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ وَيَمُدُّهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ﴾ البقرة:١٥.

ئەو ساڵە شێخ محمد حەسان لەگەڵ حاجیانی میسردا لەحەج بوو، ژنێکی میسری لە حەوشی کەعبەدا بۆماوەیەکی کورت خەوی لێدەکەوێت و لە خەوەکەیدا حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) دەبینێت کە پاڵی داوە بەدیواری لای دەرگای کەعبەوەو بە محمد حەسان دەفەرموێ: (ئەی محمد ئەی حەسان مژدەی قبوڵ بوون بدە بە حاجیان). ژنەکەش خەوەکەی بۆناوبراو گێڕایەوە وئەویش لە هەرکوێ وتاری ئەدا لە مەککە و مەدینەو عەرەفات وەسیەتەکەی گەیاندو مژدەی دا بەحاجیان کە حەجەکەیان قبوڵە.

## داپیرەیەکی خواناس

شێخ محمد حەسان دەڵێت: لە شاری منصورە لە میسر لاوێك ئامادەی وانەکانم دەبوو، رۆژێك وتی: دایکم سەلامت لێدەکات و حەزدەکات سەردانی بکەیت، منیش دوای دەرسەکە چووم بۆماڵیان کە لە قەراغ شاربوو، چوومە خزمەت دایکی کەداپیرەیەکی بۆ خوا سوڵحاو بوو، بینیم بێتاقەتە، وتم: دایەگیان لەوە دەچێت ناساغ بیت؟ چیتە تا پزیشکت بۆ بهێنم چارەسەرت بکات، وتی: کوڕم هیچ نیە خۆم ئەزانم چیمە، پزیشکم ناوێ. وتم: دایەگیان چیتە؟ وتی: سێ شەوە خەوم بە رەسول الله وە نەبینیوە، وتم: بۆ تۆ هەموو شەوێك بەخزمەتی دەگەیت، تا کە بوو بە دوو سێ رۆژ ئاوا بێتاقەت ببیت؟؟ وتی: بەڵێ!!

## شێخ محمد زوغبی



ناوبراو ئەڵێت: باوك وبابیرم زانای ئاینی بوون، منالّ بووم کەسێك تووشی زەرەرێکی کردین، لەداخا وتم نوێژ ناکەم وناخوێنم، کەچی شەویّ لە خەوما حەزرەتم بینی (صلی الله علیه وسلم) دەستی هێنا بەسەرم و بەپشتماو روقیەی بۆکردم، خەبەرم بۆوەو خەوتمەوە وهەمان خەوم بینیەوە کە دەستی پیرۆزی هێنا بەسەرم و بەپشتماو دوعای خێری بۆکردم.

سیانزە سالّ بووم لە دێیەکەی خۆمان کەسەد هەزار کەس دەبوو، ئیمامی مزگەوتەکەمان چوو بۆ حەج، وتی: تۆ لە جێی من وتار بدە، تومەز لە ژێرەوە باوکم رایسپارد بوو، رۆژی هەینی چوومە سەر مینبەر و سەرەتا ئەلەرزیم، دوای تۆزێك ترسەکەم شکا و یەك سەعات بەردەوام قسەم کرد.

لە وتارەکەمدا باسی پەیڕەوی کرنی شەریعەتم کردو دابەزیمە سەر حکومەت، پاش وتارەکە هەندیّ لە خالّ و خزمانم هاتن و وتیان: لەسەرئەو قسانە دێن دەتگرن و هەندیّ کتێب و شتیان بۆ شاردمەوە.

باوکم وتی: کوڕم ئەوەی وتووتە بۆ خوا نەبووە؟ وتم: با لەبەرخوا وتوومە. وتی: مەترسە من بەرپرسیارم. شەو لەخەوما حەزرەتم بینی (صلی

الله عليه وسلم) لەژوورەکەی خۆمدا لەسەر جێگاکەم دانیشتبوو، منیش لەسەر کورسی و مێزەکەم بووم.

فەرمووی: من کێم؟

وتم: جەنابت (محمد) پێغەمبەریت.

ئنجا پرسیاری لێدەکردم لەبارەی وتارەکەوەو وەڵامم ئەدایەوە. پاشان دەستی موبارەکی هێنا بە سەرو پشتماو فەرمووی: ﴿ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ﴾ آل عمران:٣٤. بەیانی خەوەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش وتی: مژدە بێت تا قیامەت (ان شاء الله) پشتاو پشت باش دەبین. ناوبراو دەیان جار خەوی بەو زاتە پایەبەرزەوە بینیوەوئەمە بێجگە لەوەی خەوییان پێوە دیوە.

## محمد ئەسەد

ئەم کەسایەتیە ناوی (لیوبۆڵد ڤایس) ەو، جوولەکەیەکی نەمساوی بوو، ڕۆژنامەنووسێکی گەورەی فەیلەسوف بوو، خەوی بە حەزرەتەوە بینی (صلی الله علیه وسلم) کە بەسواری حوشترەوە بوو جبەیەکی سووری لەبەردابوو، لە بیاباندا دەستی گرت و ڕێنمایی کردو رزگاری کرد .. بۆیە پەیوەندی کرد بە بنکەی ئیسلامیەوە لە بەرلین و لەوێ خۆی و ژنەکەی موسڵمانبوون. چوو بۆ وڵاتی سعودیەو پاشای سعودیەی بینی. لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێ: هەستم کرد وەك لە ئاگر رزگارم بووبێت. ئنجا

پەڕاوێکی نووسی بەناوی (الطريق الى مكة) و خزمەتێکی گەورەی بە ئیسلام کرد.






## هاوڕێی حەزرەت (صلى اللّٰه عليه وسلم)

پیاوێك لە وڵاتی سعودیە سێ شەو لەسەریەك خەو دەبینێت بە حەزرەتەوە(صلى الله عليه وسلم) کە پێی دەفەرموێ: بڕۆ بۆلای فلانی کوڕی فلان لە فلانە شوێن و مژدەی بدەرێ کە هاوەڵی منە لە بەهەشتا. ئەمیش دەچێ بە پرسیارکردن ماڵی ئەو کەسە ئەدۆزێتەوەو کابرا دەبینێ کەسێکی ئاساییە و زۆر لێی ورد دەبێتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: تۆ بڵێی ئەمە ئەو کەسە خۆی بێت؟ بۆیە دووبارە لێی دەپرسێتەوە، بە ڕاست تۆ فلانی کوڕی فلانی؟

دەڵێت: بەڵێ من ئەوم بۆچی؟ دەڵێت: تۆ چیت کردووە واحەزرەت هاتەخەوم و فەرمانی پێدام کە بێم بۆ لات و مژدەت بدەمێ کە هاوەڵی ئەویت لە بەهەشتا. کابراش لە خۆشی مژدەکە گریا و وتی:ماڵێکی دراوسێمان پیاوەکەیان مردووە و چەند منالێکی لەپاش بەجێماوەو خوا نەبێت کەسیان نیە لایان لێبکاتەوە، بۆیە من بڕیارم دا مانگانە چیم دەست بکەوێت نیوەی بدەم بەوان.

وتی: دیارە ئەوە گەیاندووتی بەو پلەیە. لە فەرمووده هاتووە: ئەوەی کەفالەتی منالێکی بێباوك بکات هاوەڵی رسول اللە یە لە بەهەشتا جا وەرە ئەم نیوەی دەستکەوتی مانگانەی ئەدا بەو منالآنە.

## سارەخان:

ئافرەتێك لەسلێمانی ناوی سارەیە شووی کردبوو بەپیاوێك منالی نەدەبوو، کابرا هەژار بوو وردە وردە دەوڵەمەند بوو، کابرا ژنێکی تری هێناو منالی نەبوو، دووەمی تەلآقداو، وتی: ژنی دیکە دێنم، پێیانووت: باشە فەحسێکی خۆت بکە کێ دەڵێ خەتا لە خۆتەوە نیە؟

فەحسی نەکردو بەیەکەمی وت: مەکینەیەکی بەرگدروونت بۆ دەکڕم خۆت بژێنە و ئەمیشی تەلآقدا،ژنی یەکەم  سارەخان زۆربێتاقەت بوو زۆر دەگریا، دیارە خوا ستەم لەکەس قبوڵ ناکات، پیاوەکە دووژنی دیکەی هێناوهەر منالی نەبوو، لەم لاشەوە سارە خان لە جۆگەیەك دەپەڕیەوە

لەخەویا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەستی گرت و گوڵێکی جوانیشی دایە، لە خەوەکەدا بەخەڵکی دەوت: ئەها گوڵەکەی من چونکە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)پێی داوم لە گوڵەکانی ئێوە جوانتر وگەشترە، بەقەدەری خوا شووی کردەوە بە پیاوێکی باش و ئێستا دووومناڵیشی هەیە، بۆیە بەڕاستی ئەبێ بڕوادار بێهیوا نەبێت و هەمیشە لەیادی بێت کە ئەم دنیایە بێ خاوەن نیە .

## شیفا لای خوایە



بانگخواز دکتۆر خالید جوبەیر کە پزیشکەو نەشتەرگەری دڵ دەکات لە سعودیە دەڵێت: برادەرێکی خواناسم کە ئەهلی رۆژوو شەونوێژە بۆی گێڕامەوەو وتی: لە رووداوێکی ئۆتۆمبیلدا زۆر بەخراپی قاچم شکاو چوومە خەستەخانەی مەدینەو پزیشکەکان وتیان ئەبێ قاچت ببڕینەوە، زۆر داوای لێبوردنم لە خوا کردو زۆر پاڕامەوە ( من لزِمَ الاستغفارَ جعلَ اللَّهُ لهُ من كلِّ ضيقٍ مخرجًا ومن كلِّ هم فرجًا ورزقَه من حيثُ لا يحتسِبُ )الراوي: عبدالله بن عباس -صحيح،

شەو لە خەودا کەسێك پێی وتم: قاچت مەبڕەوە، بە ئیزنی خوا چاك دەبێت و بە پێی خۆت دەڕۆیت . وتم: تۆ کێیت؟ ؟

وتی: من (محمد) م پێغەمبەری خوا. بۆبەیانی دکتۆر وتی: ها چی دەڵێیت؟ وتم: لەسەرخوا نایبڕمەوە. سبحان الله دوای سێ ڕۆژ بە فڕۆکە بردیانم بۆ خەستەخانەی عەسکەری و دکتۆر موسەدید پێنج نەشتەرگەری بۆکردم و لەسایەی خواوە چاك بووم. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ قَدۡ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا ۝٣﴾ الطلاق:٣.

هەرکەس لەخوا بترسێ دەرووی لێدەکاتەوەولە شوێنێکەوە بژێوی بۆ دەنێرێ کە بەخەیاڵیدا نایە و،هەرکێ خۆی بەخوا بسپێرێ، ئەوی بەسە، خوا بەمەبەستی خۆی دەگاو هەرچی بوێ دەیکا،دیارە خوا بۆ هەرشتێ ئەندازەیەکی داناوە .

***

## هەقی ئافرەت و منالّی بێباوک:

ئیسلام داکۆکی دەکات لەهەقی ئافرەت و منالّی بێباوك، چونکە لە دێرزەمانەوە تا ئێستاش هەقیان دەخورێت وناتوانن وەك پێویست بەرگری لەخۆیان بکەن، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمویت: (إِنِّي أُحَرِّجُ عليكم حقَّ الضعيفينِ: اليتيمُ، والمرأةُ ) الراوي: أبو هريرة/ المحدث: الألباني - المصدر: صحيح الجامع/حسن

مامۆستا مەلا موسای بیارەیی وتی: لەسالّی ١٩٨٢ لە دێیەکی شارەزوور ئیمام بووم، ئافرەتێك پێی وتم: مێردەکەم هەرچەند حاجیشە زۆر خراپە لەگەڵمداو زۆر لیّم ئەدات، ئەمشەو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)هاتۆتە خەوم و فەرموویەتی: پێی بلّێ ئەمجارە لەڕووتا دەست بەرزبکاتەوە هەردووچاوی دەردێنم، ئەم دوو ناونیشانەشی بدەرێ:

یەکەم: کاتی حەج لەمزگەوتەکەی مندا پالّی دابوو بە پایەیەکەوەو بۆماوەیەکی کورت خەوی لێکەوت و لەززەتێکی رۆحی وەرگرت .

دووەم: کە لە کلکەی باخ لای خورمالّ توتنی کردبوو چوار چەپك تووتنی لە زەرعاتی دراوسێیەکەی دزیبوو!

جا ئەگەر من پێی بلّێم ئەترسم زیاتر لیّم بدات. مامۆستا موساش مەلایەکی هاوکاری ئەبێت لەمزگەوتەکەد ئەو ئەنێرێت بۆلای کابراو پێی دەلّێت: رەسول الله (صلی الله علیه وسلم)دەفەرمویّت: ئەمجارە لە ژنەکەت بدەیت کوێرت دەکات بەم دووناونیشانە کەخوا نەبێ کەس نایزانێ، کابرا لە ترسا یەکسەر چووە سوجدەوەو ئیتر دەستی بۆ ژنەکەی نەبرد .

## عیززەتی نەفس:

حاجی ئیبراهیم ئاغا، لەشاری سلێمانی پیاوێکی پیاوانە و پارێزکار و بەخشندە بووە، یەکێك لەحەماڵەکانی دەڵێ: شەو درەنگ بوو و خەوم لێ کەوتبوو، دایان لەدەرگا و کاتێ کردمەوە، دەبینم حاجی ئیبراهیمە، زۆرم پێ سەیر بوو کەبەو نیوە شەوە هاتووە بەشوێنمدا، واقم وڕمابوو .. ئەویش کە حاڵی منی زانی وتی: هیچ نارەحەت مەبە، خۆت گورج بکەرەوە بابڕۆین .

ئەم پیاوە زۆر قورس و سەنگین و پیاو چاك بوو، لەبەرئەوە ڕووم نەهات دەست بنێم بەڕوویەوە و بڵێم: جا ئەمە کەی وەختی کارە؟ من خەوم دێت و نایەم!! لەبەرئەوە خۆم گورج کردەوە و لەتەکیا ڕۆشتم سێ کەسی تریشی لەحەماڵەکانی هاوەڵم خەبەرکردەوە، پێکەوە ڕۆشتین بۆ عەمارەکەی، دەرگای عەمارەکەی کردەوە و هەریەکەو شتێکی پێ هەڵگرتین، لەڕۆن و برنج و ئارد و زەخیرە.

ڕۆیشتینە خوارەوە بۆ گەڕەکی سەرشەقام، لەوێشەوە کۆڵان بەکۆڵان ڕۆیشتین، تانزیکی گەڕەکی جولەکان بووینەوە و لەبەردەم ماڵی مەلایەکدا وەستاین، دای لەدەرگای ماڵەکەو پاش ماوەیەك، پیاوێکی نورانی دەرگای کردەوە، کەچاوی کەوت بەئێمە بورایەوە .

حاجی ئیبراهیم باوەشی پیاکرد و لە بەلووعەی ئاوەکەی نزیك کردەوە و هەندێ ئاوی لەسەرو چاوی پرژاند، ئەویش هۆشی بەخۆیا هاتەوە و

هەستایەوە. ئنجا حاجی گلەیی لێکرد و وتی: قوربان! گلەیی بیٚ لیٚت، چۆن جەنابت حەوت ڕۆژە نانتان نیە و منت ئاگادار نەکردۆتەوە؟ مالّی منیش هی ئێوەیە، با تۆ بەم برایەی خۆتت بووتایە.

مامۆستا وتی: ئەی ئێستا چۆنت زانیوە؟

حاجی وتی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)هاتە خەوم و فەرمووی: ئەوە حاجی ئیبراهیم ئاغا چۆن ویژدانت قبولّ ئەکا، مەلا فلان خۆی و مالّ و منالّی حەوت ڕۆژە نانیان نەخواردووە؟! چۆن تۆ هەوالّی نازانیت؟ هەرئێستا دەچیت بۆلای و بەئەندازەی پێویست خواردن و خۆراکی بۆ دەبەیت، منیش لەتاوا خەبەرم بۆوە، یەکسەر چووم بۆ عەمارەکە و ئەوەی پێویست بیٚ هێناومە .

ئەویش وتی: خوا پاداشتت بداتەوە لەسەر ئەو زەحمەتەی کێشاوتە .

حاجی وتی: خوا پاداشتی تۆیش بداتەوە، باقسەت بکردایە خۆ من غەیب زان نییم، چووزانم حالّی جەنابتان وایە!

حەمالّەکە دەلّیٚ: ئێمە شتەکانمان دانا و سەیری مالّ و منالّیمان کرد حالّیان زۆر شپرز بوو، قرچە لەجەرگمان هات بۆیان .

هەر لەویا حاجی ئیبراهیم ئاگری پیٚ کردینەوە و ڕۆنمان قرچاند و ئارد و شەکرمان تێکرد و حەلّوا پێگەیشت، تا حەلّواکەی دەرخوارد نەدان بەجێی نەهێشتن، پاش ئەوەی ماوەیەك لایان دانیشتین ئنجا هاتینەوە .

## ئاصف ئەبو یونس:

مامۆستای زمانی عەرەبی یە و ماوەیەك ئیمامی مزگەوت بووە لەبەریتانیا و بەئەسڵ بەریتانیەوەدەڵێ: دایکم جولەکە بوو، چیرۆکی پێغەمبەرانی بۆباس دەکردم، لە١٢ساڵیدا چووم بۆ فەلەستین باوکم کە بڕوانامەی ماستەری هەبوو لەوێ ئیشی دەکرد، لەفەلەستین سەردانی شوێنەواری ئاینەکان و سەردانی دەریای مردووم کرد، دایکم دەیووت: تۆ وەکو هاوەڵانت نیت کەلەدەرەوەن، لەگوێ نەدان و بەرەڵایی .

لەفەڵەستین دەسەڵاتی خوام بینی کەئایەتەکانی دیارن لە دەریای مردوودا، هەستم بەجێ ورێی پێغەمبەران دەکرد. کەگەڕامەوە لەندەن هاوەڵەکانم بانگیان دەکردم بۆ بێخوایی، منیش موناقەشەی تەوحیدم لەگەڵ دەکردن و کە دەگەڕامەوەماڵەوە لۆمەی خۆم دەکرد.

سیانزە ساڵان بووم بۆ سێ ساڵ موناقەشەی هاوەڵانم دەکرد، زانیم خۆشم و ئەوانیش لەسەر ناهەقین. برادەرێکم کتێبی (ارسطو) ی دامێ، سوودم لە شێوازەکەی وەرگرت کە پرسیار دەکەیت و بەدوایدا دەگەڕێیت، ئەو پرسیارانە جولاّنیانم، جولەکە بەلایانەوە دینەکەیان بۆخۆیانە، سەرەنجام بیرم کردەوە و قەناعەتم بەوە نەبوو کەخوا تەنها بۆ ئەوان بێت، چونکە خوا پەروەردگاری هەموانە، ئەموت: دادپەروەری وایە کەخوا بۆ هەموان بێت . ئەگەر غەیری یەهوود لەخواردنێکی یەهود بخوات خواردنەکەیان پیس دەبێت، لام سەیر بوو چۆن شتی وا دەبێت .

لەنۆ ساڵێدا باوکم بردمی بۆ مزگەوت و، قسەی لەگەڵ ئیمامدا دەکرد، قوتابیم دی لەتەمەنی خۆمدا حەرەکەتیان دەکرد، کە گەیشتمە ١٥ ساڵی، لەلادێ لەسەر بەرزایی دائەنیشتین و بیرمان لەوە دەکردەوە کێ ئاسمانەکانی دروستکردووە کێ یاساکانی فیزیای داناوە و مناقەشەمان دەکرد . باوکم بێ دین بوو، هەرچەند خۆم بەهەڵە دەزانی بەڵام نەمدەویست لەسەر ئیسلام بخوێنمەوە.



من پرسیارم هەبوو، دەمزانی کەخوا زیندووم دەکاتەوە و حسابم لەگەڵ دەکات لەتەوراتدا ئەمەم نەدۆزیەوە، بەهەمان شێوە زانیم کە مەسیحیەتیش تەحریف کراوە و عیساش پێغەمبەرێکە، گوایە خەڵك بەگوناهەوە لەدایك دەبن بەهۆی هەڵەی ئادەمەوە، وتم: چۆن وادەبێت من بۆ گوناهی ئەو هەڵگرم. دوای ئەو هەموو گەڕانە هیچم دەستنەکەوت، گوێم لەمۆسیقای شەیتان پەرستەکان دەگرت بەتەمابووم لەوێوە شتم دەستکەوێت وهیچم دەستنەکەوت.

جارێك لەماڵی برادەرێك بووم، کەباسی مردن و شتی دەکرد، وتم: من دەمرم؟!، ترسام و گەڕامەوە ماڵەوە، دراوسیێ و خزمان کتێبیان دابوو بەباوکم بەس نەیدەخوێندەوە، من وتم: دەیخوێنمەوە، کتێبی عەقیدەم خوێندەوە پێش ١٨ساڵ، کەهەمووی خاڵ بەندی بوو.

سەیرم کرد هەمووی ئەوانەبووکە لەدڵی مندایە، کە خوا لەکەس نەبووە و کەسی لێ نابێت و تا لە کۆتایی کتێبەکەدا باسی شایەتمانی دەکرد کە هەموویم بەیەکجار خوێندەوە شایەتمانەکەشم هێنا.

ئنجا کتێبێکی ترم خوێندەوە لەسەر ڕەوشتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، بەوەش زیاتر ئیمانم هێنا بە ئیسلام . لەشانزە ساڵیدا خەوم بەپێغەمبەرەوە بینی و وتم: من موسوڵمانم، دوای ئەوەجارێکی تریش بینیمەوە.

## خەوەکەی قطز

(قطز) ناوی محمودە و خوشکەزای خوارەزم شایە و لە شەڕا بەدیل دەگیرێ ودەیکەن بەکۆیلە و دەیهێنن بۆ شام، ڕەسول الله صلی اللـه علیه وسلم ئەچێتە خەویەوە و مژدەی ئەداتێ کە کاروباری میسر ئەگرێتە دەست و تەتار تێك دەشکێنێت، ناوبراو ئەم خەوەی بۆ شێخ (العز بن عبد السلام) دەگێڕێتەوە و هەمیشە دوور دەیڕوانی و دەیزانی کە ئەرکێکی گەورە وا لەسەر شانی، خوا بۆی ڕێکدەخات و دەچێتە میسر بە پلەکانی سەربازیدا

سەردەکەوێت تا حوکمی میسر دەگرێتە دەست، ئەمانە پێیان دەوترێت (پیاوی قەدەر) .

هەروەك موسا سەلامی خوای لیبێت کە خوای گەورە لە ساعەی صفردا هێنای بۆ لەناوبردنی فیرعەون و رزگارکردنی نەوەی ئیسرائیل. ﴿إِذۡ تَمۡشِيٓ أُخۡتُكَ فَتَقُولُ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ مَن يَكۡفُلُهُۥۖ فَرَجَعۡنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَۚ وَقَتَلۡتَ نَفۡسٗا فَنَجَّيۡنَٰكَ مِنَ ٱلۡغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونٗاۚ فَلَبِثۡتَ سِنِينَ فِيٓ أَهۡلِ مَدۡيَنَ ثُمَّ جِئۡتَ عَلَىٰ قَدَرٖ يَٰمُوسَىٰ ٤٠﴾ طه: ٤٠.

***

## قەدەری شێخ عبدالحمید کشک:

ناوبراو ساڵی ١٩٣٣ لە میسر لەدایکبووەو ساڵی ١٩٩٦ لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە لەسوژدەدا کەهەمیشە دوعای ئەوەبوو لەسوژدەدا کۆچ بکات و دەیووت: خوایە بەئیمامی بمژێنەو بە ئیمامی بمرێنەولەسوژدەدا گیانم بکێشە.

لەتەمەنی ٦ ساڵیدا چاوی چەپی لەدەست دەدات و لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا چاوەکەی تریشی لەدەست دەدات و هەرچیان دەبێت دەیفرۆشن ودەیدەن بەپزیشکەکان و پاش چەند نەشتەرگەری هەربەنابینایی دەمێنێتەوە،دەڵێن: سەروەرمان لەخەودایێی دەفەرمویێت: تۆ ئاوا بەخوادەگەیتەوەوئەوە قەدەرتە.

بەوحاڵەشەوە کۆلێژی ئسولی دین بەپلەی یەکەم تەواودەکات، لە ١٦ ساڵیەوە وتاری دەدا لەمزگەوتەکاندا، چوو دابمەزرێت لەقاهیرە، سکرتێری بەڕێوەبەری بەشی دەعوە پێی وت: ئەستەمە لەقاهیرە دابمەزرێیت، ئەمیش ماڵی باوکی لەقاهیرەبوو، نەیدەتوانی لەهیچ کوێیەکی تر بژی، گەڕایەوە بۆماڵەوە زۆر نائومێدبوو، لەرێگا شێخ حەسەن کە کارمەندێکی بەریدی وەزارەت بوو بینی، بەهۆی هاتووچۆی مزگەوتەکان و وتارەکانی جەمعیەی شەرعیەوە دەیناسی، وتی: ئەوەچی دەکەیت، بۆی باسکرد، وتی: بڕۆرەوە لەماڵەوە بەدڵ دوعا بکەو بەیانی پێش ئەوەی بچیتە لای بەرپرسەکە وەرە لای من، ئەو شەوە زۆر بەکەساسی لەخوا پاڕایەوە، بۆبەیانی کەچوو بۆلای

شێخ حەسەن، وتی: ئەوەی راوێژکاری تەعیناتە نەخۆش کەوتووە وچۆتە لای بەشی تەندروستی وەزارەت  کەمن باسی تۆم بۆکردبوو داوو دەرمانی بداتێ: ئەویش وتوویەتی: نابینایەکم هەیە تابۆم دانەمەزرێنی لەقاهیرە عیلاجت نادەمێ، ئەویش وتبووی: حەزدەکەی سەدکەست بۆدادەمەزرێنم..

شێخ کشك دەڵێت:

سوپاس بۆخوا کەچوومە لای بەڕێوەبەرو حاڵەکەی خۆم باسکرد کارەکەیان بۆکردم ودووساڵ لەمزگەوتی (طیبی)وتاربێژبووم، یەکەم وتارم لەسەر بەرتیل وەرگرتن بوو، لەسەر ئەوە لە پۆلیسەوە بانگیان کردم وئیتر تێگەیشتم کەململانێیەکی قورس چاوەڕێم دەکات و پەیامداری وهەق وتن زۆر قورسە.

ساڵی ١٩٦٦ داوایان لێکردم فەتوایان بۆبدەم کە کوشتنی سەید قوتب رەوایە، منیش فەتوام نەداو ئەوەشم ئیدانە کرد، سەعات دوونیوی شەو جەندرمەکانی عەبدولناصر بردیانم بۆ بەندیخانە، منیش نابیناو بێکەس و بێدەر لەژووری تاکەکەسی رەق وتەقدا  جبەکەم داخست و خەوتم: حەزرەتی ئەبوبەکری سدیقم بینی لای مینبەری سەروەرمان (صلى الله علیه وسلم) وەستابوو، وتم: ئەی سددیقتۆ بەمە رازیت؟ وتی: ئەم ئایەتەت نەخوێندووە:

﴿ وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٤٨﴾ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡهُ وَإِدۡبَٰرَ ٱلنُّجُومِ ﴿٤٩﴾ ﴾ الطور.

ئیتر دڵنیا بووم کەوام لەژێرچاودیری خوادام و دووساڵم تەواوکرد ئنجا ئازادکرام بەبێ ئەوەی هیچم کردبێت. ئەمەندەیان ئازاردایین مەگەر خوا بۆخۆی بزانیێت، من بۆخۆم زۆربەی شەو خەوم بەباوکمەوە ئەبینی تا هەڵدەستام بۆنوێژی بەیانی، هەروەك ئەوەی مردووەکان بەزەییان بەحاڵماندا بێتەوەو بیانەوێت هاودەممان بن و سەبوریمان بدەن (قصة أيامي لا١٠٦ – لا١١٩ ).

## خوا ئەتبینێت و تاقیت ئەکاتەوە:

شێخ عبدالحمید کشك دەڵێت: لەپۆلی سێی سانەوی  بووم زۆردوعام کرد یەکەم بم و نمرەکانم سەد بن، ئەوساڵە یەکەم بووم، لەپۆلی چواردا نەخۆش کەوتم وهێزم لێبڕا، پزیشك دەرمانی بۆنووسیم و پارەم نەبوو بیکڕم، داوام لەبرادەرێکم کرد جونەیهێکم بەقەرز بداتێ، هەرچەند حاڵیشی باش بوو دەستی نا بەڕوومەوە، زۆر پێم ناخۆش بوو، سەوزە فرۆشێك کەناوی عبدالقادربوو هاتووچۆی مزگەوتی ئەکرد منی بینی و تەوقەی لەگەڵ کردم و وتی: بۆ وا بێتاقەتی؟ منیش وتم: داوای قەرزم لەو برادەرەم کرد بۆدەرمان نەیدامێ، جزدانەکەی دەرهێناو سوێندی خوارد چەندت ئەوێ بیبە.. ئیتر ئەمە ژیانە خوا تاقیتدەکاتەوەو هەرخۆشی دەرگات لێدەکاتەوە، ژیانیش بۆخۆی مەدرەسەیە بەردەوام تیایدا فێردەبین. (قصة أيامي لا٣٤).

رۆژێك محمدكوڕی شێخ محمد مستەفا جاد کەقوتابی بوو لە کۆلێژی ئسولّی دین سەردانی کردم لەسەر وەسیەتی باوکی کەپێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات پێی وتبوو سەردانم بکات و هەرکارێکی بوو راوێژم پێبکات.

وتم: حەزدەکەم باسی جەنابی باوکتم بۆبکەی، چونکە من حەزم لەباسی پیاوچاکانە، کەبەباسکردنیان رەحمەت دەبارێ.

ئەویش وتی: باوکم پاش وانەوتنەوە لە پەیمانگای ئیسلامی و لە مزگەوتەکەی نزیك ماڵمان پێش نوێژی ئەکرد و وانەی تەفسیری دەوتەوە، شەو دوای نوێژی خەوتنانیش کەمزگەوت چۆڵ دەبوو دەکەوتە پاکردنەوەو خزمەتی مزگەوت، تەنانەت ئاودەستەکانیشی لەبەرخوا پاك دەکردەوە، شەوێك لەسەر پەیژە کەوتە خوارەوەو قۆڵی راستی شکا وبۆیان گرتە گەچ، زۆری پێناخۆش بوو کە ئیتر نەیدەتوانی خزمەتی مزگەوت بکات.

شەو لەخەویا خۆشەویست و نووری چاومان ئەبینێ (صلی اللہ علیه وسلم) تەوقەی لەگەڵ دەکات و دەستی موبارەکی دەهێنێ بە قۆڵیا، بەیانی کەهەستا لەخەو قۆڵی چاك بووبۆوە.

جا بەڕاستی کەسایەتی ئەوزانایە زۆر کاری تێکردم، هەمیشە شانازی پێوە دەکەم و وای لێکردم کەزانستم خۆش بوێت.لا٢٠ (چیرۆکی ژیانم. عبدالحمید کشك).

## قوتابیەکی شێخ کوشک بەناوی شێخ ئەحمەد نەشئەت دەڵێت:



دوو مانگ پێش ئەوەی بمرێت عبدالمنعم ی کوڕی وەسیەتەکەی بۆ نووسی، پێش هەفتەیەك لە مردنیشی وەسیەتەکەی وچی ئەمانات لابوو دای بە عبدالسلامی کوڕی..

دواهەمین شەوی ژیانی وەسیەتی کردەوە بۆ عبدالسلامی کوڕی و پێی وت: خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) لەتەمەنی چەندا کۆچی دوایی کرد؟؟ ئەویش وتی: شەست و سێ ساڵ. شێخ وتی: ئەمشەو منیش شەست و سێ ساڵم تەواوکرد.

ئەو بەیانیە کە هەینی بوو بەخێزانی وت: ئەمشەو لەخەوما پێغەمبەرم بینی (صلی الله علیه وسلم) حەزرەتی عومەری لەگەڵ بوو، فەرمووی سەلام لەعومەربکە، کەویستم سەلامی لێبکەم مردم و خۆشەویست درودی خوای لەسەر شتمی! ژنەکەی وتی: خۆشەویست درودی خوای لەسەر نافەرموێت: خەوی ناخۆش مەگێڕنەوە؟

شێخ وتی: جائەوە کەی ناخۆشە من ئەوە ئاواتمە.دوای ئەوە بەپەلە خۆی شت ولەڕکاتی دووەمی سوونەتەکەی کە کردی لە سوجدەدا گیانی سپارد ئەو دوعایەی هاتە دی کە بەئیمانی بژی و بەئیمانی بمرێت و لە سوجدەدا

گیانی دەرچێت. مەراسیمی کفن ودفنەکەی کەم وێنەبوو، هەر لە عەسرەوە خایاندی تا دوانزەی شەو حکومەت خەمی لێهاتبوو، دەسەڵاتداران وتبوویان: شێخ لەژیان و لەمردنیا مایەی سەریەشە بوو بۆمان.

شێخ ئەحمەد ئەڵێت: موفتی سعودیە لە پرسەکەیدا پێی وتم: چوارڕۆژ پێش مردنی تەلەفونم بۆکرد وتم: ئەمەوێ بتبینم، وتی: باشە ئەگەر مام!

پاش سیانزە ساڵ کە برای کوشك مرد و ویستیان بینێژن و سەری قەبرەکەی کوشکیان هەڵدایەوە بینیان تەرمەکەی شێخ کوشك وەك خۆیەتی و بۆنی میسکی لێدێت! هەروەها شێخ کشك دەڵێت: زۆر دوعام دەکرد کە نەمرم و بەدیداری حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) شاد ببم، شەوێکیان لەخەوما لەدوای رەسول الله وە نوێژم دەکرد، کە لە نوێژەکەی تەواوبوو، ئاوڕی دایەوەو بەدەستی موبارەکی عەمامەکەی بۆ بەستم، بۆیە تاماوم سەر بۆکەس دانانەوێنم.

## پێشەوا عەلی:

زۆر ماندوو بووبوو بە دەست خەلافەتەوە، دەگێڕێتەوە کە شەوێك لە خەودا بە خزمەت خۆشەویست دەگات (صلی الله علیه وسلم)و شکاتی حاڵی خۆی دەکات بە دەست عێراقیەکانەوە و ئەویش دەفەرمویت: بەم زووانە لەدەستییان دەحەسێیتەوە..دوای ئەم خەوە بە سێ ڕۆژ لەلایەن دوو کەسی خەواریجەوە لە کاتی چوون بۆ نوێژی بەیانی شەهید کرا، دیارە پێشتر خۆشەویست مژدەی بەهەشت و شەهیدی دابوویە.

## سەید قوتب:

ناوبراو لەسەر نووسین و بانگەوازکردن چەند ساڵ لە بەندیخانەو ژووری تاکەکەسیدا سزا درا، بەوەشەوە مەزنترین تەفسیری نووسی، دووساڵ ئازادکراو لەسەر کتێبی (معالم فی الطریق) گیرایەوە، سەید تەمەنی شەست ساڵ بوو ئەوەندەیان تەعزیب دابوو تەنها یەك سی ئیشی دەکردو چەند نەخۆشی هەبوو، عبدالسلام عارفی سەرۆکی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦دا چووە لای، کەزۆر سەرسام بوو بەنووسینەکانی و تکای لێکرد کە لەگەڵیا بچێتە عێراق و هەموو سەلاحیاتێکی ئەداتێ، ئەویش رازی نەبوو ساحەکە بەجێ بهێڵێ و وتی: هەیە لەتەمەنی شەست ساڵیدا شەهادەتی بۆ بێت و نەیەوێت؟

سەید لە بەندیخانەدا خەوی دیبوو گۆزەیەك هەنگوین شکابوو هەنگوینەکەی بە ناو ژووری سجنەکەو دەرەوەدا بڵاوبوەوە، زۆر دڵی خۆش بوو بەو خەوەو بەوە لێکی دایەوە کە ئەوەی نووسیویەتی بەدونیادا بڵاو دەبێتەوە، کەهاتن بردیان لە سێدارەی بدەن، وتیان: ئەتبەین بۆ شوێنێکی تر پشوو بدەی .

وتی: ئەزانم ئەچم بۆ بەهەشت پشوو ئەدەم، وتیان: چۆن دەزانی؟

وتی: تۆزێ لەمەوپێش خۆشەویستم بینی (صلی الله علیه وسلم) لە خەوما لە ئەسپێکی سپی دابەزی و تەوقەی لەگەڵ کردم و دەستی گوشیم و فەرمووی: مژدەت لێبێت شەهید دەبیت .

## حسێن عەبدەلی:

لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی قورئان لەدوبەی ساڵی ٢٠١٣ کوڕێك بەناوی حسێن عەدنان عەبدەلی بەشداری کرد کە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، مامی لەگەڵی هاتبوو، مامۆستای قورئانخوێن شێرزاد عبدالرحمان ئیمتحانی کرد، کەبووە مایەی سەرسامبوونی هەموو ئامادەبووان .

مامی وتی: کاتێك حسێن لەدایك بوو ساڵی ١٩٨٣ لە فەلوجە، هەستیان کرد جووڵەی نیەو ناگری، بردیانە لای دکتۆر کمال الطویل و چەند دکتۆرێکی پسپۆڕو هەموو وتیان: حسێن شەلەلی دەماغی هەیەو ئەگەر لەداهاتووشدا ناوی خۆی فێربێت موعجیزەیە . ئیتر باوکی و کەسو کاری بێ ئومێد دەبن لە دکتۆرو دەرمان هەموو هیوایان قاپی ڕەحمەتی خوادەبێت .

شەوێکیان خۆشەویست صلی الله علیەوسلم لەخەودا بەباوکی دەڵێت: ئەوە بۆ بێتاقەتی؟ ئەویش دەڵێت: حسێن شەلەلی دەماخێتی و دکتۆر ئیزنی داوین . ئەویش دەفەرموێت: ئادەی بۆم بهێنە . باوکی لەخەوەکەدا دەزانێ خەوەو دەترسێت خەبەری بێتەوە، بەخێرایی حسێن دەباتە بەردەستی، ئەویش دەستی موبارەکی دەهێنێ بەسنگیاو هەندێ دوعای بۆ دەکاو دەفەرموێت: حسێن چاکیش دەبێت و (شـأن)ێکیشی دەبێت .

دوای ئەم خەوە وردە وردە حسێن جووڵەی تێکەوت و گەورەبوو، ئەمانیش کەم کەم شتیان فێردەکرد، هەموو ڕۆژێك بەومناڵیە قورئانی

دەگرت بەدەستەوەو ئەمەندە پەڕەکانی هەڵدەدایەوەو سەیری دەکرد قورئانەکە ئەدرا بەدەستیەوەو کەدەشنوست قورئانەکە بەسەر سنگیەوە بوو.

لەتەمەنی پێنج ساڵ و نیودا لە نوێژی هەینیدا وتاربێژ ئایەتێك دەخوێنێ و دەڵێ (سورەتی بەقەرە ئایەتی ١٠٠) ئەمیش لەلاوە دەڵێت: باوکە ئەو ئایەتە سوورەتی (ئال عیمرانە ئایەتی ١٠٠)، باوکیشی دەڵێت: چوزانیت؟ ؟ دەڵێ: هەموویم لەبەرە .

مامۆستا شێرزاد کۆمەڵێك پرسیاری لێدەکات وئەویش کەوەك کۆمپیوتەر هەمووی لەمێشکیدا خەزنەو یەکسەر وەڵام ئەداتەوە وئەمەش هەموو ئامادەبوانی سەرسام کرد .



## خەوێکی بەندیخانە:

مامۆستایەکی کورد لەبەندیخانە شەوێکیان لەخەویا خۆشەویست و چوار خەلیفەکەی بینی بوو سەرقاڵ و شپرزەبوون و ئاسمان مشەوەش بوو، لە خۆشەویستی پرسی بوو (صلی الله علیه وسلم) سەرقاڵی چین؟ فەرمووبووی: سەرقاڵی پێشوازی ئەحمەد یاسینین!! سبحان الله ئەو بەیانیە لەنوێژی بەیانیدا شێخ ئەحمەد یاسین بە موشەکێك لە فڕۆکەیەکەوە لە ڕێی مزگەوت شەهید کرا..




***

## خەوێکی لاوێک بەخۆشەویستەوە:



دکتۆر عومەر عەبدولکافی دەڵێت: لە پێشبڕکێی قورئاندا لەجەزائیر کە بەرپرسانیش ئامادەبووبوون، شێخ ئیبراهیم ئەلئەخزەر لە وتەیەکیدا وتی: ژنێکی هەژار کوڕەکەی دەنێرێت بۆ لای زانایەك کە سێ ڕۆژ لەناوچەکەیانەوە دووردەبێت، تا قورئان لەبەر بکات، کەلاوەکە دەچێتە لای و داوادەکات کەقورئانی فێربکات زاناکە دەڵێت: جارێ جێمان نیە و دەبێت لێرە چاوەڕێ بکەیت و خزمەت بە مزگەوت وقوتابیان بکەیت تا یەکێك دەردەچێت و بێیتە جێی .ئەڵێ: ئەی ئەگەر ئەوە نەکەم؟ ئەڵێ: جونەیهێکی ئاڵتون ئەبێ بدەی!

ئەویش دەڵێت: باوکم و باپیریشم جونەیهی ئاڵتونیان نەدیوە تامن بۆتی بهێنم. بەدڵشکاوی دەگەڕێتەوە شەوێ لەڕێ نوێژی عیشادەکات و لەژێردرەختێکدا دەخەوێت ولەخەویا خۆشەویستمان دەبینێت (صلی الله علیەوسلم) پێی دەفەرموێت: کوڕم بەیانی بچۆرەوە بۆلای زاناکەو بلێ ڕەسولی خوا دەفەرموێت قورئانت فێربکات، دەڵێ: ناونیشانێکم بدەرێ . پێی بلێ بەناونیشانی (زمرا زمرا).

کەبەیانی دێتەوە لای زاناکەو بۆی دەگێڕێتەوە، باوەشی پیادەکات و لای خۆیەوە دایئەنێت. لێی دەپرسێت: ئەوە مانای چیە؟؟ زاناکە دەڵێت: چەند

ساڵێك لەمەوبەر لەخەوما خۆشەویستم بینی (صلی الله علیه وسلم)و لێم پرسی ئەوانەی قورئان لەبەردەکەن و کاری پێدەکەن چۆن دەچنە بەهەشتەوە؟؟ فەرمووی: زُمَرا زُمَرا!

سەرۆکی جەزائیری کەئەمەی بیست هەستاو وتی: ئەم پێشبڕکێیە کە سێ ساڵ جارێکە با هەموو ساڵێك بێت و هەر بەشداربوویەکی ئەمساڵیش (٥٠) هەزار دیناری بدەنێ .

شایانی باسە کەئەم باسەم بڵاوکردەوە مامۆستا شێرزاد عبدالوهاب کۆتایی مانگی دووی٢٠١٥ لە سۆدان بوو بۆ دکتۆراکەی، کەئەم باسە دەبینێت لەفەیس بوکدا لەدارفۆر کەبەملیۆنەهاحافزی قورئانیان هەیە لە وتارێکدا ئاماژەی بۆدەکات و زۆریان دەگرین.

## لەخەوە سەیرەکان:

خێرخوازێك لەهەولێر مانگانە هاوکاری دەبات بۆ کەسێك کە چاوی نیەو دەستی نیەو قاچیشی نیە، کەچی خۆشەویستمان دەچێتە خەوی دۆستیەکیەوەو دەفەرموێت بەفلان کەس بڵێ: با بەمەسەلەی ئەو پیاوەدا بچێتەوە، ئەوە کڕین و فرۆشتنی چەك و ئوتومبیل دەکات.

کاتێك خێرخوازەکە لەحاڵی ئەو زەلامە دەکۆڵێتەوە، دەردەکەوێت کەهەرچەند نوقسانە بەڵام هەژار نیەو خەریکی کڕین و فرۆشتنی ئوتومبیل و چەکە، ئیتر ئەمیش هاوکاریەکەی لێدەبڕێت .

## خەوەکەی شێخ سەلمان فەهد عۆدە:



من وائەزانم کەئەمڕۆ هەموو ڕۆژئاواو کاربەدەستە عەرەبەکان وئیسرائیل موسڵمانان سەردەبڕن و بەئاشکرا تەنسیق دەکەن، ڕۆژەکانی تائیف دووبارە دەبێتەوە، دیارە تا ستەمەکە ئەستوورتربێت زووتر دەپچڕێت و سەرکەوتنی ئیسلام وەعدی خواو پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، ئەوەتا بانگخوازی بەناوبانگ سەلمان عۆدە دەڵێت پیش نوێژی بەیانی شەممە (٢٠-١٢-٢٠١٦) خەوم بە ڕەسولی نازدارو هاوەڵانەوە بینی وزۆر دڵم خۆش بوو،خەوەکەم مژدەی تیاچوونی جوولەکەوکۆتایی هاتنی ناخۆشیەکانە.

## شێخ محمدغەزالی

بەقوتابیەکی کەناوی زوفەرە دەڵێت: هەرکاتێك سەرسام بوویت بەخۆت وتارمەدە، چونکەمن لەبەسرە لەوانەی کە ئامادەی وانەکەم دەبوون پێنج سەد زانای وای تیابوو ئەگەر زانستی یەکێکیان بەسەر خەڵکی زەویدا دابەش بکرایە نەفامیان تیانەدەما، خەریك بوو شتیٚ لەدڵما دروست بێت، وەك خوا بیەویٚ دەرسم دابدات، یەکێك پرسیاری کرد و وتی: خوادەفەرموێت(کل

يوم هو في شأن)الرحمان.. شەئنى خوا وكارى خوا ئەمڕۆ چيە؟ وتم: سبەينێ وەلآمت دەدەمەوە .چى بيرم لێكردەوەوگەڕام وەلآمم دەستنەكەوت .بۆ سبەينێ ودووسبەى و سێ سبەى هەمان پرسيارى كردەوەو وەلآمم پێنەبوو.شەوێ ناچار دووڕكات نوێژم كردو پاڕامەوە لەخوا بتوانم وەلآم بدەمەوەو پاشان خەوتم .

لەخەوما خۆشەويستم بينى (صلى الله عليه وسلم) فەرمووى ئەبوحاميد ئەگەر پرسياركەرەكە پرسيارەكەى لێكردى بلێ (ان الله يبدى أمورا ولايبتديها يرفع أقواما ويضع آخرين)واتە: خوا ڕۆژانە كارەكان دەردەخا ودەستى پێناكات، كەسانێك بەرزدەكاتەوەو كەسانێكى تريش نزم دەكاتەوە.

بۆبەيانى كەچوومەوە بۆ وانەوتنەوە، وتم: كێ بوو پرسيارەكەى كرد، پرسياركەرەكە هەستاو وتى: من بووم، وتم: ئەوە وەلآمەكەتە. وتى: ئەبوحاميد زۆر سەلآوات بدە لەسەر ئەو خۆشەويستەى وەلآمەكەى فێركرديت!!

## نيشانەيەكى فيقهى

بانگخوازێك دەڵێت: پياوباشێك لەگەڵما بەندكرابوو، بەيانيەك وتى: لەخەوما خۆشەويستم بينى (صلى الله عليه وسلم) پێموت: ئەى پێغەمبەرى خوا، فلآن وفلآن دەستگيركراون، ئەويش فەرمووى: بەڵێ فلآن كەسيش گيراوە (بەمەرجێ ئەم ئەوكەسەى نەدەناسى وئاگادارنەبوو دەستگيركراوە) .

ئنجا پیرەژنێك هات وكەوتە پرسیاركردن لێی ئەویش وەڵامی ئەدایەوە، زۆرم خەم بوو ئەو پیرێژنە بڕواو هەندێ پرسیاری تری لێبکەم پاش ماوەیەكی زۆر ڕۆیشت و لێم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا كەی بەردەبم؟ نیشانەیەكی فیقهی دامێ ( كەماوەی عیدەیە سێ مانگ و دەرۆژ، كەدەكاتە سەد ڕۆژ).

بانگخوازەكە دەڵێت: خوا شایەتە لە نەوەدونۆهەمین ڕۆژدا بانگیان كرد وتیان: تەلەفون بكە خزمێكت بێت ببێت بەكەفیلت ئازادت دەكەین، چی تەلەفونی بۆ براوئامۆزای كرد كەس وەڵامی نەدایەوە، زۆرخەماربوو، پێموت: خەمبارمەبە ئەبێ سەدرۆژەكە تەواو بكەیت، بۆ سبەینێ كەس وكاری هاتن و بوون بەكەفیلی و پاش سەدرۆژی تەواو ئازادكرا.(ئەمە پیاوێكە ئەوەندەچەرمەسەری‌و ئازاری چەشتووە لەبەرخوا، سوێند لەسەر خوا بخوا بۆ كارێك خوادڵی ناشكێنێت ).

## خەوێكی پڕمانا:

شێخ محمد الهاجری كە ئیمامی مزگەوتە لە شاری ریاض دەڵێت: پیاوێكی دراوسێی مزگەوت كەتەمەنی سەد ساڵێك دەبوو بەناوی (سالم العمری) ڕۆژێك ناردی بەدواما، چونكە لەبەرنەخۆشی و پیری نەیدەتوانی بێتە مزگەوت. كەچووم وتی: كوڕەكانم لەشاری جەددەن و تۆش وەك كوڕم وایت نهێنیەكت لا باس دەكەم كەمردم ئنجا باسی بكە. وتم: فەرموو.

وتی: شەویَ لەخەوما لە شوێنێکدا بووم نەمئەزانی کوێیە وبیابان بوو، پیاوێکی پیرم بینی پێی وتم: تۆ سالمی العمری یت؟

وتم: بەڵێ. وتی: ئەتەویَ سڵاوبکەیت لەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)؟

وتم: بۆهەیە حەزنەکات؟ کوا لەکوێیە بابچمە خزمەتی؟ وتی: چاوەڕێ بکە ئەو لەو دەرگایەی تەنیشتتەوە دێت بۆلات.

سەیری ئەولام کرد دەرگایەك بوو، خۆشەویست وپیاوێك هاتن دیاربوو حەزرەتی ئەبوبەکربوو، ویستم سڵاوی لێبکەم، پشتی تێکردم وماوەیەکی زۆر ڕۆیشت، منیش بەجیَ پێکانیدا ڕۆیشتم، لەپڕ وەستاو ڕووی تێکردم و فەرمووی: تۆ سالم العمری یت؟

وتم: بەڵێ، سڵاوی لێکردم وباوەشم پیاکرد و دواتر سەلامم لە حەزرەتی ئەبوبەکریش کرد، ئنجا خۆشەویست دەستی ڕاستی گرتم و بەدەستەکەی تریشی دەستی ئەبوبەکری گرت و ڕۆیشتین .

منیش پێم وت: مژدەت لێبێت، ئەو شوێنەی کەدەڵێیت ئەوە دونیایەو ئەو پیاوە پیرەش کردەوەکانتەو ئەو ڕێگا دوورەش تەمەنتە کەشوێن پێی خۆشەویستت هەڵگرتووەو پشت بەخوا لەگەڵ خۆشەویستا ئەچیتە بەهەشتەوە .دیارە شتێکت کردووە بۆخوا!گریا وتی: من هیچم نەکردووە شایانی ئەوەبم، دوعام بۆبکە! وتم: تۆ دوعا بۆمن بکە.

خەوەکەی لەرەمەزاندابوو، من دڵم نەهات پێی بڵێم خۆشەویست هاتووە بەدواتاو دەمریت. دوای ماوەیەك لەسەرەمەرگدا بەکوڕەکانی دەڵێت: ئەگەرمردم بچنە لای مامۆستا محمدی هاجری.

کەوەفاتی کرد، خوا ئاگادارە بە حەوت خولەك لە ناشتنی بوینەوە لەکاتێکدا بەئاسانی زیاتر لە نیوکاتژمێرمان پێدەچێت بۆ خەڵکی تر.

دوایی خەوەکەم بۆ کوڕەکانی گێڕایەوەوئەوانیش وتیان: باوکمان زۆرکاری چاکەی کردووە، ئێمە هەر ئاگامان لێنەبووە. ئەم پلەیەشی بەوە دەستکەوتبوو، کە ئافرەتێکی خزمیان مێردەکەی دەمرێت و شەش منالی دەبێت وکەس نابێت بیانژێنێت، ئەم لەبەر خوا دەیخوازێت و بەخێویان دەکات.




گەنجێك تەلەفون بۆ کوڕەکەی دەکات لەکاتی حەجداو پێی دەڵێت: باوکت ناوی چیەئەمەوێ حەجی بۆبکەم، ئەویش دەڵێت: ماڵت ئاوا بێت باوکم ٤٧ حەجی کردووە، دەڵێ: قەیناکە مردوو پێویستی بە چاکەیە بۆی بنێرین، ناوەکەی پێدەڵێت وئەو گەنجە حەجی بۆدەکات.

## لەکەراماتەکانی شێخ شەعراوی:

زۆر کەسی متمانەدار کەراماتی شێخ شەعراویان باس کردووەو ئەمەش ئاساییە کە خوا بیدا بە ساڵحان، ئەمەش نموونەیەکە لەوبارەیەوە، شەعراوی بەشداری ئەکات لەکۆنفرانسێکی ئیسلامیدا کە بۆ هەفتەیەك بووە، هەرلەسەرەتاوە شێخ شەعراوی هەست ئەکات سەرۆکی کۆنفرانسەکە زۆر لەخۆی رازیە، بۆیە لەسەرەی قسەی شەعراویدا پرسیارێك دەکات لەئامادەبووان و کەس وەڵامی پێنابێت، سەرۆکی کۆنفرانسەکەش ئەڵێت: قوربان مۆڵەتمان بدە تاسبەی وەڵامت ئەدەینەوە، ئەوشەوە چی بەدوای سەرچاوەدا ئەگەڕێت وەڵامی دەستناکەوێت، بۆیە بەوداخەوە ئەخەوێت، لەخەویا پێغەمبەری خوا ئەبینێت (صلی الله علیه وسلم) کە پیاوێکی لەگەڵ ئەبێت چرایەکی هەڵگرتووە، خێرا ئەچێتە خزمەتی و ئەوپرسیارەی لێدەکات، ئەویش ئاماژە بۆ ئەوەی تەنیشتی ئەکات وەڵامی بداتەوە، هەڵگری چراکەش وەڵامەکەی ئەداتەوە.

بۆبەیانی بەخۆشیەوە دێتەوە کۆنفرانسەکەو خواخوای ئەبێت شێخ پرسیارەکە بکاتەوە، شێخیش قسە ناکات، ناچارخۆی ئەچێتە لای و ئەڵێت: یاشێخ لە پرسیارەکەت نەپرسیەوە؟ ئەویش وتی: بۆ وەڵامەکەی ئەزانیت؟ وتی: بەڵێ: ئەمشەو پێغەمبەری خوا لەخەودا پێی وتم. شێخ شەعراوی وتی: نەخێر پێغەمبەری خوا وەڵامی نەدایتەوە، من وەڵامم دایتەوە کەهەڵگری چراکە بووم.

جا کەرامات بۆ خۆبردنەپێش و لەخۆبایی بوون نیە، تەنانەت پیاوباشان حەزیشی پێناکەن نەوەکو پاداشتیان کەمبێتەوە یان شەیتان بەوە لەخشتەیان ببات و حەزناکەن باسیش بکرێت .

## شۆفێری تەکسیەک

دەولەمەندێکی هەولێری هەمووساڵێك پارەی زەکاتەکەی دەکات بەخانوویەك و دەیدات بەهەژارێك، ئەمساڵ هەندێ پارە ئەدا بەچەند هەژارێك و شەیتان ئەچێتە بن کلێشەی کە زرووفەکە باش نیەو پێویست ناکا خانوو بۆکەس بکات و لەجیاتی ئەوە پارە بەسەر هەندێ هەژاری تردا دابەش بکات کافیە!

شەوێ خەو بەخۆشەویستەوە دەبینێ (صلى الله عليه وسلم) کەلەگەڵ هاوەڵاندا دانیشتووەو بەم دەفەرموێ: برۆ لەماڵی ئێمە بەتانیەك بهێنە، ئەچێ لەماڵیان بەتانیەك دەهێنێ و هەموو سەحابە سبحان الله یان کرد کەئەوەیان بینی، ئنجا پێی  فەرموو: برۆ لەو ماڵەی ئەودیو بیدە بەو دوومناڵەدا. کەچووکورو کچێکی مناڵی دوانەبوون ودایپۆشین .

بۆ بەیانی کەچوو بۆنوێژ شۆفێری تەکسیەکی بینی کەپێشتر ئەوی لەخەیاڵدا بووخانووی بۆبکات، وتی: فریام کەوە وەزعمان زۆر خراپە کرێچی پیرەژنێکم کە موەلیدە بێت نایەڵێت موبەرِیدە دابگرسێنین چونکە بەش ناکاو هەڵدەستێتەوە و ئەمشەو من ودایکیان هێناومانن وبردوومانن

لەگەرمادا خەویان لێنەدەکەوت، ناچارم بچمە دەرەوەی شار دووهۆدەی هەرزان بگرم! دەوڵەمەندەکەش سەردانیان دەکات و دەڵێت: خەمت نەبێت، منالەکانت دوانەن و کوڕوکچن؟ دەڵێت: بەڵێ .

کەسەردانیان دەکاو دەیانبینێ ڕێك ئەوانە بوون کەلەخەوەکەدا بینیونی!

دەوڵەمەندەکە دەڵێت: چیت کردووە وا خەوێکی وام دیوە پێتەوە؟

وتی: ئەمشەو تابەیانی لەخوا پاڕامەوە دەرگایەکمان لێبکاتەوە. ئیتر خانوویەکی لەسەر فەرمانی خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) بۆدروست دەکاو رزگاری دەکات لەو وەزعە. لەو بەسەرهاتانە زۆرن و بۆ پەند وەرگرتن ئەوەشم بۆتۆمارکردن لەدەمی ( مامۆستا فاتیح شارستێنی )یەوە ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجۡعَلُكُمۡ خُلَفَآءَ ٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٦٢﴾ النمل.

***

## بەداخەوە لێی شێواوە:

دکتۆر ئەحمەد عومەر هاشم ساڵی ١٩٤١ لەمیسر لەدایکبووەو ساڵی ١٩٦١ لە پۆلی چواری کۆلیژی ئوصولی دینی زانکۆی ئەزهەر ئەبێت خەو ئەبینێت بەسەروەرمانەوە دروودی خوای لەسەر کە تەواف ئەکات بەدەوری کەعبەداو ئەمیش بەدوایەوە ئەبێت، خەوەکە بۆباوکی ئەگێڕێتەوە ئەویش ئەڵێت: یان ئەوەتا حەج ئەکەیت کەئەوەش زەحمەتە چونکە هێشتا قوتابیت و ئیمکانیاتت نیە، یان پارێزگاری لەفەرموودە ئەکەیت، ئەوەبوو خوا دەستی قودرەتی خۆی پیشاندا بەم خەوەو بەبێ ئەوەی بەتەما بووبێت سەرۆکی زانکۆ ئەنێرێت بەدوایداو ئەڵێت: بڕیارمانداوە قوتابیەکی نموونەیی بنێرین بۆحەج، بۆئەمەش تۆمان هەڵبژاردووە، ئەوەبوو حەجی کرد..ئنجا ماستەرو دکتۆراکەشی لە زانستی فەرموودەدا هێناو سەدو پەنجا کتێبی هەیەو شەرحی بوخاری کردووە لەحەقدە ساڵدا کە شانزە موجەڵەدە.

شەعراوی پێی خۆش بوو ئەم تەحقیقی فەرموودەکانی تەفسیرەکەی بکات، کەچی بەداخەوە بووە ئەندامی حیزبەکەی حوسنی ناموبارەك تا گەیشتە پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، باشە ئەو هەموو زانستە ئیسلامیە ئەوەندە وشیاری سیاسی نەدایە کەئەوانە عەلمانین و ئەم ئەبێتە شەریکی ئەو هەمووستەمەی لەگەڵی میسریان کردووە.

پۆست و پارە و سەلامەتی ئەوە ئەهێنێت قیامەتی خۆت بفرۆشی بۆدونیای دەسەڵاتداران، ئەگەر دووربوایە لەوستەمکارانە راستە ئیمتیازات

ودەستکەوتی زۆری نەدەبوو، بەلاَم خۆ قیامەتی سەلامەت ئەبوو، خوایە نەمانکەیتە زوورِناژەنی دەسەلاَتداران، هەموو مووی جەستەم راست بۆوە کە لە لیّدوانیّکیدا ئەلیّت کۆبوونەوەی جەماوەر  بۆ پشتیوانی سیسی بەلگەیە لەسەر رەزامەندی خوا، ئاخر بۆخاتری خوا جوولەکە بەئاشکرا ئەلیّن: سیسی پالەوانی نەتەوەیی ئیّمەیە لەبەر ئەوخزمەتە گەورانەی کەپیّی کردووین، ئاخررەزامەندی خوا لەکویّدایە وچووزانی خوا لەسیسی رازیە؟

﴿ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٌۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ ﴿٤١﴾ المائدة.

دکتۆرە عەبلە کەحلاوی کەلەمانگی یەکی ٢٠٢١ دا کۆچی دوایی کرد بەکرۆنا ومامۆستای کۆلیّژی شەریعە بوو لەمیسر شەویّك خەو بەسەرووەرمانەوە دەبینیّ (صلی الله علیە وسلم) کە عەمامەیەکی سەوزی لەسەردابووەو هەر هاتووەو چووەو بەمی فەرمووە بەعومەر بلّیّ: دیلەکان سەرنەبرِیّت..

ئەمیش نازانیّ ئەو عومەرە کیّیە، پرس بەشیّخ شەعراوی دەکات، ئەویش دەلّیّت نزیکترین عومەر بەتۆ دکتۆر ئەحمەد عومەر هاشم سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر، کەخەوەکەی پیّدەلّیّت، سەرۆکی زانکۆ دەلّیّت: (وجبت) واتە: فەرمایشتەکەی فەرزە جیّبەجیّ بکریّت.. تومەز زانکۆ بریاری دابوو کۆمەلّیك کەس کەدکتۆرایان هیّنابوو لیّیان بسەنریّتەوەو کۆمەلّیك کەپلەی

وەزیفیان بەرزکرابۆوە بخرێنەوە پلەکانی خۆیان، بەو موبەشیراتە هەموو ئەوانە رزگاریان بوو لەدەست سەرۆکی زانکۆ..





## مامۆستا فاروق رەسول:

مامۆستا فاروق رەسول ئەڵێت: زۆر تامەزرۆی نوورسی و پەیامەکانی بووم، خۆم گەیاندە مامۆستا ئیحسان ساڵح قاسمی کە پەیامەکانی نووری لەتورکیەوە ئەکرد بەعەرەبی، یەکەم کەس من پیادەچوومەوەو دواتر چەند زمانزانێکی تر پیادەچوونەوەو چاپ دەکران. ساڵی ١٩٨٤ نامیلکەیەکی نوورم کرد بەکوردی و چاپم کرد. زۆرکەس ئەچوونە لای مامۆستا ئیحسان کەبەکوردی کردنەکەیان پێبسپێرێت ئەویش قایل نەدەبوو.



لەوماوەیەدا مستەفا صونگور کە بەکوڕی مەعنەوی نوورسی دائەنرێت (کاتی خۆی نوورسی داوای لەدایك وباوکی مستەفا کرد کەئەوکوڕەبدەن بەو ئەوانیش پێشکەشیان کرد کەخزمەتی خۆی و پەیامەکانی بکات)، ناوبراو خەوئەبینێت بە سەرووەرمانەوە کەپێی دەفەرموێت: بچن بۆلای مامۆستا فاروق لەسلێمانی و

سلاّوی لێبکەن با پەیامەکانی نووربکات بە کوردی، ئەویش بە حافز عەلی ئەڵێت ئەو پەیامە بگەیەنێت ( ئەم حافز عەلیەش کاتیَ لاو بوو سیَ جار نوورسی چووە خەوی وپێی فەرموو مەچۆ بۆ ئەوروپا، هەرچوو،گرتیان و ئاودیویان کردەوەو بردیانە ئیسپارتە لەویَ داسەکناو بووە قوتابی نوورو هەموو قورئانی لەبەرکردو ئێستا لەدیاربەکر ئیمام و خەتیبەوجاروبار دێت بۆکوردوستان).ئەوقاف رێی نادەن سەفەربکات بۆعێراق تا کەسێك نەخاتە جێی خۆی، کەسێك دەخاتە جێی خۆی و بەفڕۆکەدێتە بەغدا و دوایی بە ئوتومبیل دێت بۆ سلێمانی و ئەچێتە مزگەوتی گەورە، لە کەسێك دەپرسێت: برا مەلا فاروق ناناسیت؟ ؟

ئەویش ئەڵێت: مەلا فاروق کێیە؟ ئەڵێت: خەریکی پەیامەکانی نوورە ئەیکات بەکوردی. ئەڵێت: خۆمم بۆچیتە؟ پەیامەکەی خۆشەویستی پێدەڵێت،باوەش دەکەن بەیەکدا وتێر بەسەریەکدا ئەگرین..

دیارە ئەمەش قەدەرێکی ئاشکرای خوابوو لەو کات وساتەدابەیەك بگەن..لەوساوە تائەمڕۆ ٣٥ ساڵە مامۆستا فاروق هەموو تەمەنی بەخت کرد بۆ ئەوکارە مەزنەو سوپاس بۆخوا تەواوی کردن وهەمووشیانی بەچاپ گەیاند.. جابەڕاستی ئەم بانگەوازەی دەیکەین بۆخوا زۆرمەزنەو با لەبچووکی و نابووتی خۆمانەوە سەیری نەکەین و هەوڵبدەین خۆمان پێبگەیەنین و بزانین بانگخوازی شەرەفێکی گەورەیە خوا بەهەمووکەسێکی نادات..وێنەکە حافز عەلی یەکە لەزەڕایەن وتاری دابوو وەئەم بەسەرهاتەی گێڕابۆوە..

***

## توخوا هەقی چییەتی؟؟

بەداخەوە هەندێك هەن وەك قورئان ئەفەرموێت: ئەگەر دەرگایەکیان لەئاسمان بۆبکەینەوەو پیاسەربکەون، ئەڵێن: ئەوە جادووەو چاوبەستمان لێکراوە،خوای گەورە بەردەوام ئاگادارکردنەوە ئەنێرێت چونکە رازی نیە بەندەکانی سەرەرۆیی بکەن.



کاك سامان عبدالصمد وتی: ساڵی ٢٠٠٩ لەخەوما لەمەککەبووم، ژنێك نانی دەکرد پێی وتم: بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بلێ بێن بۆنانەکەیان.

منیش وتم: جائەو لەمەدینەیە، وتی: نەخێر لەکۆلانەکەی ئەودیوە، ویستم بچم بۆخزمەتی، پیاوێك هات بەرەو رووم وتی: راوەستە با راسپاردەیەکت پێبلێم لە رەسولی خواوە،( بەفلان) بلێ عیبادەتەکانی ناتەواون چاکی بکات، ئەوەش کەبەتەمایەتی ئەبێت هێشتا ماویەتی، رۆیشتم بەرەو ئەومالەی خۆشەویستی لێبوو، خۆشەویست هاتە دەرەوەو کەمێك رووخساریم بینی و بەئاگا هاتم، بۆبەیانی ژمارەی تەلەفونی ئەو برادەرەم وەرگرت و پەیامەکەی رەسول الله م

پێگەیاند، وتی: زۆرسەیرە خەوەکەت راستە عیبادەتەکانم کاڵ وکرچن و زۆرخەمی هاوسەرگیریمە دواکەوتووە دیارە ماویەتی..

دەی باشە توخوا ئەوپەیامە بۆکێ بێت خۆی راست ناکاتەوە، ئاخر برا خوا ئەتبینێت و تۆی مەبەستەو ئەوە پەیامی وشیار کردنەوەی بۆ ناردوویت ئەوە نۆساڵ زیاترە کاك فلان وەك خۆیەتی، توخوا هەقی چییەتی هەرجارێك کاك سامان ئەبینێت خەوەکەی بیرئەکەوێتەوە و دائەچڵەکێت وهەنگاونانێت بەرەو ساڵحبوون..

## خەونێکی سەیر!!

د. مستەفا خورەم دڵ، زانا و موفەسیری گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خەڵکی مەهابادە و، خاوەنی چەندین پەرتووکە، و سێ تەفسیری بە عەرەبی و کوردی و فارسی نووسیوە. لە هەمووی گرنگتر وەرگێڕانی تەفسیری (في ظلال القران)ی شەهید سەید قوتبە بۆ زمانی فارسی.

شایەنی باسە ئەم شەو چوینە سەردانی برایەك کە تووشی ڕوداوێکی قورس بووە، لەوێ ئەم بەسەرهاتەی لە د. خورەم دڵ گێڕایەوە کە خزمی نزیکی خۆیەتی:

وتی: د. موستەفا خورەم دڵ لە کۆتایی وەرگێڕانی تەفسیری سەید قوتب تووشی نەخۆشی شێر پەنجە بوو،پشکنینی کرد بڕیاربووکە رۆژی دواتر نەشتەرگەری بۆبکرێت.

زۆر نارەحەت و بێتاقەت بوو و دەیووت: تەنها ئاواتم ئەوە بوو کە پێش مردنم وەرگێڕانی تەفسیری سەید تەواو بکەم کە ١٢ ساڵ پێیەوە سەرقاڵم.

دکتۆر موستەفاوتی: شەو بە خەفەتی نەگەشتن بە ئاواتەکەم خەوتم، لە خەومدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و حەزرەتی عومەرم بینی.

پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: موستەفا ئەوە چیتە دەڵێی نەخۆشی؟وتم: یارسول اللـه، بەڵێ زۆر زۆر نەخۆشم.

فەرمووی: ئەوە بگرە، شتێکی پێدام وەك نیسك وابوو.

پاشان کە خەبەرم بوویەوە، هەستم بە فێنکی یەکی زۆر کرد و هەستم کرد جەستەم زۆر سووکە و ئازارم نەماوە!.

بۆ سبەی پێش ئەوەی بچمە قاوشی نەشتەرگەری بە پزیشکم وت کە کاتی خۆی قوتابی خۆم بوو، بە ئەرك نەبێ پشکنینم بۆ بکەرەوە!.

وتی: دکتۆر گیان دوادەکەوین.وتم: کێشە نیە. پزیشکەکەش لە بەر دڵی من نووسی کە پشکنینی خێرای بۆ بکەن.

پاش ئەوەی دەرەنجامی پشکنین هاتەوە، پزیشکەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: دکتۆر من نازانم چی ڕوویداوە، بەڵام هەرئەوەندە دەتوانم بڵێم: جەنابت پێویستیت بە نەشتەرگەری نەماوە و بچۆرەوە ماڵەوە.

د. موستەفا وتی: پاش ئەوە، وەرگێڕانی تەفسیری سەیدم تەواو کرد و تەفسیرێکی کوردیم بە ناوی (شنەی ڕەحمەت) نووسی.

ئەڵێن: ئەو کاتەی کە د. موستەفا خورەم دڵ لە دەسپێکی وەرگێڕانی تەفسیرەکەی سەید بوو، لە تاران بە دیداری یەکێك لە سەرکردەکانی

حیزبێکی ئیسلامی گەشتبوو، پێی وتبوو: دەستم کردووە بە وەرگێڕانی (في ظلال القرآن) بەڵام هەستەکەم زۆر قورس و زەحمەتە!.

ئەو سەرکردەیە پێی وتبوو: سەید لە زیندان ولە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا ئەو تەفسیرەی نوسیوە،تۆش دەتویٚ لە سەرقەنەفە وەریگێڕی! دەڵێ کە چووەتەوە، قەنەفەکانی فرۆشتووە. (دکتۆر مەحمود زمناکۆیی).



***

## ئاوبدە بەخەڵک:

دکتۆر محمد خەیر شەعال کەبانگخوازەلەسوریا لەوتارێکیدا دەڵێت: لەتەرغیب و تەرهیبدا هەیسەمی ئەڵێت: ئیمامی حاکم تووشی نەخۆشیەکی پێست ئەبێت چی داوودەرمانی ئەو سەردەمە بەکار دەهێنێت سوودی نابێت.

ئەچێتە لای مامۆستاکەی شەکوای حالّی خۆی دەکات ئەویش داوا لەقوتابیەکانی دەکات دوعای بۆبکەن، یەکێك لەقوتابیەکان ئافرەتێك ئەبێت شەو زۆر دوعای بۆدەکات وشەو لەخەودا خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) پێی دەفەرموێت: بەحاکم بلّێ با ئاو بدات بەخەڵکی، کەئەم فەرمانەی خۆشەویست بە ئیمامی حاکم ئەگەیەنن، ئاو دائەنێت لەبەردەرگا بۆخەڵك کەهەرچی لەوێوە ڕۆیشت و تینووی بوو ئاو بخواتەوە، دوای مانگێك لەم کارە خێرە خوا شیفای ئەدات..کە ئەمەش تەسدیقی فەرموودەی خواو پێغەمبەرە صلی الله علیەوسلم کە خێرکردن بەڵاو موسیبەت لائەدات..

***

## سەلام لەخۆشەویستمان:

خوشکە گەورەکەم وتی: ژنێکی دراوسێمان کە جل وبەرگ ئەدورێت ساڵی ٢٠١٥ خوشك وبراکەی ئەیانەوێت بچن بۆعومرە، ئەمیش حەزدەکات بچێت مێردەکەی ناهێڵێت و دەڵێت: ئەگەربچیت نابێت بێیتەوە ئەم ماڵە، ئەویش منالّی گەورەی هەیە تامالّی لێنەشێوێت ناچێت و بەخوشك وبراکەی دەڵێت: کە چوونە لای خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) پێی رابگەیەنن کە لەسلێمانیەوە تامەدینە سەلامی لێدەکەم.دیارە ئەوانیش سەلامەکە دەگەیەنن.

جا بەبێ ئەوەی من ئاگام لەهیچ بێت لەخەودا خۆشەویستم بینی (صلى الله عليه وسلم) لەبەردەم ئەو ژنەدا وەستابووجلێکی سپی لەبەردابوو، منیش بەڕاکردن و بەپێی پەتی رامکرد بۆلای وتم: چۆن ئەو ژنە زانیویەتی خۆشەویستمان هاتووەو بۆمن ئاگادارنەبووم و خەبەرم بۆوە.

بۆبەیانی چووم بۆنان کڕین ئەو ژنەم بینی خەوەکەم بۆگێڕایەوە لەخۆشیا زۆرگریاو نانەواکە زۆرلای سەیربوو ئەوژنە بۆ وادەگری..

دیارە خوا ویستویەتی دڵی ئەو ئافرەتە خۆش بکات کە زۆرتامەزرۆی دیداری خۆشەویستەو وا زاڵمەکەی مێردی رێگربووە بچێت بۆعومرە و لەخەودا خۆشەویست سەردانی کردووە.خوایە سەلاّت و سەلام بڕژێنە بە سەرسەروەرماندا و بیکە بەشەفاعەتکارمان..شایانی باسە دوای سێ ساڵێك مێردەکەی مردو ئەویش چوو بۆ عومرە.

## صەبیحەخان:

ئەم خوشکە بەڕێزە هەڵەبجەییەو خێزانی کاك فاروق نوری سەعیدە وئافرەتێکی بۆخوا سوڵحاوە، لەگەڵ کاك خەباتی جەزای حاجی مەلاشەریف کەسەردانمان کردن وتی: بەمناڵی خەوم بەپێغەمبەری خواوە بینی (صلی الله علیه وسلم) خوشکەکەم نەخۆش بوو،

بەڵام لەخەوەکەدا وەك مردبێت و منیش بەپێغەمبەری خوام وت: ئەگەر پێغەمبەری خوایت دوعامان بۆبکە خوشکەکەم چاك ببێتەوە، سوپاس بۆخواخوشکەکەم چاکیش بۆوەو تائێستاش لەژیاندامارە.



***

## زانایەکی عێراقی

پرۆفیسۆر فازڵ صالح سامەرائی کەلەبواری زانستی زمانی عەرەبیدا کەم وێنەیەو زۆرکتێبی هەیە لەو بوارەدا دەڵێت: لەپۆلی سێی ناوەندیدا بەهۆی حیواری شیوعیەکان و دیندارەکانەوە گومانم لادروست بوو، بەجۆرێك بەرێگادا دەرۆیشتم ئاگام لەخۆم نەبوو دەورو بەری خۆم نەئەبینی ئاوا داڵغە دەیبردمەوە، جاری واهەبوو کەسێك رای دەوەشاندم وئەی وت: ئەوە غەرقی چی بوویت وائاگات لەخۆت نیە.

زۆرکتێبم لەوماوەیەدا لەسەر یەقینیات خوێندەوە، وە هەندێ خەویشم بینی کەبەڕاستی کاریان کردەسەریەقینم،کەخەوی راست بەشێکە لەچل وشەش بەشی وەحی، بۆنموونە کە ئەمویست بچم بۆ جێیەك شەو لەخەومدا ئەمبینی بۆنموونە دەنگە دەنگێك دەبێت و من شوێنەکە جێدێڵم، بەیانی کە ئەچووم چیم بینیبوو رووی ئەدا.



لێیان پرسی خەونت بەخۆشەویستمانەوە بینیوە؟

وتی: بەڵێ جارێك لەخەوما من و چەند کەسێکی دیکە بووین داوامان لەخۆشەویست کرد (صلی الله علیه وسلم) دوعامان بۆ بکات، ئەویش دەستی بەرزکردەوەودوعای بۆئەوکەسانە کرد کەئەم پەیامە سەردەخەن ودوعای لە ستەمکاران و تاغوتەکانیش کرد.

## زانای راستەقینە:

قورئان پێناسەی زانامان بۆدەکات کەئەوانەن لەخوا دەترسن، بەداخەوە ئێستا ئەم نازناوە بۆ زۆرکەس بەکاردێت وکەمیان شایانی ئەوەن!شەوی لەدەربەندیخان لەماڵی کاك دکتۆر ئاسۆ میوان بووین، مامۆستایەکم بینی کە بەلای منەوە هەقی ئەو نازناوەیەتی!

ئەم پیاوە باشە نۆ جار خەوی بەخۆشەویستەوە بینیوەو بۆ خوا سوڵحاوەو وتی: ساڵی ١٩٩٢ لایەنێك سۆپەریێکیان لەبەردەم ماڵماندا راگرت بۆئەوەی ببمە پیاویان وەرمنەگرت و نەبوومە پیاویان!

کەلەبەغدابووم جێگری بەڕێوەبەری مەصلەحە هاتە لام و وتی: زۆرم لێدەکەن ببمە بەعسی و هاتووم پرس بە تۆ دەکەم، منیش لەبەر خوا وتم: مەبە، هەرچەند ئەو وەڵامە مەترسی هەبوو بۆسەر ژیانم!

ناوبراو وتی: لە ژیانمدا خیانەتم لەدینەکەم نەکردووە! منیش دەڵێم ئەوە گەیاندویەتیە ئەو پلەیە کەدەیبینی هەستدەکەیت ئەهلی خوایە! جا هەرچەند وێنەشم لەگەڵیدا گرت تکای لێکردم تالەژیاندایە ناوی بلاۆنەکەمەوە!

## مەولایە صەلی وەسەلیم دائیمەن ئەبەدەن:

بوصەیری هۆنراوەی مەدحی خۆشەویستی هەبوو کاتێ تووشی شەلەلی نصفی بوو، ئەم هۆنراوەیەی دیکەی وت وزۆردوعای کرد خۆشەویستی بینی (صلی الله علیه وسلم) لەخەودا، دەستی هێنا بەدەموچاویداو بوردەکەی خۆی دایە، کە خەبەری بۆوە چاك ببوو، رۆیشتە دەرەوە هەژارێکی ئەولیایی خوای بینی، وتی: ئەوهۆنراوەیەتم بدەرێ کەلەنەخۆشیەکەتدا وتووتە، ئەمشەو لەخەوما بۆ پێغەمبەریان خوێندەوە(دروودی خوای لەسەر)و ئەویش بوردەکەی خۆی دایە، ئەویش هۆنراوەکەی دایەو ئەم دەنگوباسی خەوە لەوەوە بلاوبووەوە.

## دڵسافی

دکتۆری بانگخوازی سوری محمد خەیر شەعال ئەڵێت: پیاوێك هەبوو بەناوی سەلیم و ئەبو هیشامیان پێدەووت شارەزابوو لە چاکردنی کورسی دکتۆری داندا، چەند جار ئیشی بۆمن کردووەو پیاوێکی بۆخوا سوڵحاو بوو تەمەنی حەفتا ساڵ ئەبوو،هەموو بەیانیەك لەسەحەردا هەزار سەلاواتی لەسەر خۆشەویستمان ئەدا دروودی خوای لەسەر،کەتەلەفونم بۆدەکرد حەزم ئەکرد تەنها ئەو قسە بکات. شەوێکیان لەخەودا سەرووەرمان (صلی الله علیه وسلم) پێی دەفەرموێت: سەلیم تۆ لەبەهەشتا لەگەڵمدا ئەبیت خۆت ئامادەبکە، ئەویش ئەگری و ئەڵێت: باشە چی بکەم ئەی پێغەمبەری




خوا؟ فەرمووی: (يا بُنَيَّ إن قَدرتَ أن تُصْبِحَ وتُمْسِي لَيسَ في قلبِكَ غشٌّ لأحدٍ فافعَلْ ثمَّ قال لي يا بُنَيَّ وذلكَ مِن سُنَّتي ومَن أحيا سُنَّتي فقَد أحبَّني ومَن أحبَّني كانَ معي في الجَنَّةِ).. واتە: کوڕم ئەگەر دەتوانیت با دڵ و سینەت ساف بێت وغەش و ناپاکی بەرامبەر کەس تیانەبێت، کەئەوەش سوننەتی منەو هەرکەس سوننەتی من زیندوو بکاتەوە ئەوە منی خۆش ویستووەو هەرکەسیش منی خۆش بوێت ئەوە لەبەهەشتا لەگەڵمدایە.

لە سونەنی تیرمیزیدا ئەوەم بینی کەفەرموودەیەو هەمان شتی بەئەنەسی کوڕی مالیك فەرمووە، تەلەفونم بۆکردو ئەوەم پێووت: گریاو وتی: بەخوا من ئاگام لەوفەرموودەیە نیە.. جا بەڕاستی فەزڵی سەلاواتەکانیەتی کە گەیشتبووە ئەو پلەیە بۆیە هەقە هەریەك لەئێمە ڕۆژی هەرهیچ نەبێت هەزار سەلاوات بدەین لەدیاری ئەو خۆشەویستەمان.

دکتۆرێکی مەسیحی لەلازقیە تەلەفونی بۆدەکات بۆ چاکردنی کورسی عەیادەکەی، پاش ئەوەی بۆی چاك دەکات، داوای لێدەکات کە سەیری ئامێری هێڵکاری دڵی دکتۆری برای بکات کەئیش ناکات. ئەویش ئەڵێت: من هیچی لێنازانم، زۆر داوێن گیری دەبێت: سەیری ئەکات و ئەڵێت نازانم

چیەتی، دکتۆری خاوەن ئامێرەکە دەڵێت: باشە ئێوە ناڵێن موحەمەد پلەوپایەیەکی هەیە لای خوا، دە بەو پلەوپایەو بەونازەی موحەممەد لەخوا بپارێرەوە بۆمان چارەسەر بکات.

ئەوشەوە لەلازقیە لەماڵیان ئەمێنێتەوەو شەو زۆردوعا دەکات و ئەڵێت: خوایە ئەو مەسیحیەش هەر عەبدی تۆیە وداوادەکات بە پلەوپایەو مەقامی موحەممەد لەلات ئەو کارەی بۆئاسان بکەیت..

پاش ئەوەی ئەخەوێت: پیاوباشێك ئەبینێت پێی دەڵێت: ئەو جیهازەی هێناویەتی پارچەیەکی تری ماوە لێی ببەستن کاردەکات، بەیانی بە دکتۆرەکە دەڵێت: کوا پارچەی تری ماوە، ئەڵێت: نازانم ئەوە کارتۆنەکەیەتی، سەیر دەکات پارچەیەکی تری تیایە لێی دەبەستێت و ئیش دەکات.. شایانی باسە ئەو پیاوباشە ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دوایی کرد لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا..

## ئەوچاوەتم بدەرێ ماچی بکەم:

سابتی بەنانی بەئەنەسی کوڕی مالیکی دەووت: ئەوچاوەتم بدەرێ ماچی بکەم کە خۆشەویستمانت پێ بینیوە. ئەم سابیتە یەکێکە لەوانەی کەخۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) لەبارەیانەوە ئەفەرموێت: سەروماڵیان ئەدەن بەس چاوێکیان بەمن بکەوێت..

پیاوباشێك هەیە هەموو شەوێك بەخزمەت سەروەرمان ئەگات، جا یا لەدوورەوە سەلامێکی بۆدەکات، یان ئامۆژگاریەکی دەکات، ئەم دۆستەم ئەگەرناساغ بێت بەلای کەمەوە هەزار سەڵاوات ئەدا لەسەر خۆشەویست و

ئەگەرساغ وتەندروستیش بێت ڕۆژانە  چواردە هەزار جار سەلأواتی لەسەرئەدات.

مامۆستا شەماڵی ڕەحمەتیش بە کاك ڕێبوار عەلی وتبوو لە نەوەدەکاندا: ئەگەر شەوێك خەو بە پێغەمبەرەوە نەبینم (صلی الله علیه وسلم) ئەزانم ئەو ڕۆژە گوناهێکم کردووە، خوای گەورە ئێمەش هەرلەدونیادا بەدیداری ئەو سەوەرەمان شاد بکات ئامین..

## ڕێگا ڕاستەکە:

ڕۆژی حەڤدەجار لەنوێژە فەرزەکاندا ئەبێت بڵێین (اهدنا الصراط المستقیم)..ڕێگا ڕاستەکە ئەمانگەیەنێتە ڕەزامەندی خواو بەهەشت، لەم ئیسلامەتیەتدا گرنگ خاتیمەیەوخۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) زۆردوعای دەکردو ئەیفەرموو (یامقلب القلوب ثبت قلبی علی دینك).. پیاوباشانیش هەمیشە دوعایان کردووە کە عاقیبەت خێربن..

دۆستێکم وتی: لەخەوما لەشوێنێکەوە ئەبوایە بپەڕینایەتەوە بۆشوێنێکی تر بەسەر پردێکدا کەوەك بێژنگ بوو، وە لەنێوان ئەو دووشوێنەدا دۆڵێکی زۆر قوڵ هەبوو، بەداخەوە زۆرکەس لەوپردە دەکەوتنە خوارەوەو دەرنەدەچوون و لەبێژنگ دەدران.کەئەمەش قورئان ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرموێت: ﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِى مِن

رُسُلِهِۦ مَن يَشَآءُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمۡ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ﴿١٧٩﴾ آل عمران.

عەبدولاّ قەصیمی خەڵکی سعودیەیەو بەدینداری دەستی پێکرد، ئەوترا ئیبن تەیمیەی دووەمە، کتێبەکەی بەناوی (الصراع بين الاسلام والوطنية) لای زانایان جێی بایەخ بوو، تەنانەت دەیانووت بەهۆی ئەو کتێبەیەوە دەچێتە بەهەشتەوە، کەچی سبحان الله حەزی لەئافرەتێك کرد لەبەیروت و سەدوهەشتا پلە ژیانی گۆڕدراو لەساڵی ١٩٩٦ دا بە مولحیدی سەری نایەوە، لەم لاشەوە کەسانێك وەك یوسف ئەستێسی ئەمەریکی بەقەشەیەتی دەستی پێکرد و بازرگانی ئامێری مۆسیقای دەکرد بەهۆی موسڵمانێکی میسریەوە موسڵمان بوو، بۆتە بانگخوازێکی ناوداری ئەمەریکا و کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامیشی دامەزراندووە.



بەداخەوە لای خۆشمان هەندێ کە بەئیسلامەتی دەستیان پێکردووە ئێستا بوونەتە بەناوقورئانی و ئینکاری سوننەت دەکەن و کەسانێك هەن بوونەتە هەڵگری ڤایرۆسی شەحرووری و هەندێکی تریش تووشی فیتنەی عەدنان ئیبراهیم بوون و هەندێکیش بوونەتە کۆیلەی بەرژەوەندیەکانیان و لەکوێوە بابێت ئەوان لەوێوەشەن ئەکەن..

## ئەگەردەتەوێت پایەبەرزبیت!!

خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (رێی بەهەشتی هەڵەکردوە کەسێك سەلاوات لەسەرمن نەدات!). دۆستانم تکایە زۆر سەلاوات بدەن لەسەر خۆشەویستمان، یەکەم: لەبەرئەوەی فەرمانی خوایە، دووەم: لەبەرئەوەی پلەوپایەتان لای خوابەرزدەبێتەوەو بەهەرسەلاواتێك دە حەسەنەتان بۆدەنووسرێت و دەگوناهتان لێدەوەرێت و دەپلەش سەردەکەون.

من لەژیاننامەی شێخ نورەدینی موفتی رەحمەتیەوە بڕیارم دا زۆرسەلاوات بدەم، ئەوەتا ئەو بەویردەکان و سەلاواتەکان و خزمەتی موسڵمانان گەیشتە ئەوەی دوعای قەبوڵ بێت، شەوێك ژنێك لەهەڵەبجە کەمناڵی نەدەبوو خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) دەچێتە خەوی و دەفەرموێت: بڕۆ بۆلای شێخ نورەدین بادوعات بۆ بکات مناڵت ببێت، بلێ بەو ناونیشانەی کەرۆژی هەزارجار سەلاواتم لەسەر دەدات، کەژنەکە دێتە خزمەت مامۆستاو ئەمەی بۆ دەگێڕێتەوە لەدڵەوە دوعای بۆدەکات و بەبەرەکەتی سەلاوات و بەشارەتەکەی خۆشەویست خوا مناڵی ئەداتێ.

## پیاوی وا هەیە:

برایەك خەریکی کاری خێرخوازیەو خزمەتێکی گەورە دەکات، خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) لەخەودا پێی دەفەرموێت: دڵم بەکارەکانی رابردووت خۆشەو زیاتریش دڵخۆشم بەداهاتووت، ئنجا پێی فەرمووە وەرە تۆش لەگەڵما سوجدە ببەو خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) زۆردوعای کردووە بۆئەوەی ئەمیش فێری دوعابکات.

## ئەهلی دڵ با بیخوێنێتەوە

ئەوەی کە مەنشاوی سینەمانی پێ هەنجن هەنجن دەکات، دەنگە بە سۆزەکەی نیە، شارەزاییە سەرسوڕهێنەرەکەی نیە لە تۆن و لەرەو مەقام و ئاوازدا، ئەوەی کە ئەو ڕۆحمانی پێ شەکەت دەکات، ئەو نادیاریە ئیمانیەیە کە لە گەرویەوە لەگەڵ حەرفەکان و لەرەکانی دا دێتە دەرەوە، سنگی گوشادیەتی بە قورئان لە دەنگی غەمگینیەوە هاوار دەکات، دەروونی گوشراویەتی شین دەکات، ئەمە جیا لەجوان وێنا کردنی ئەو پیتانە لە دەرچەی تەواوی خۆیانەوە.

وەك خۆی دەڵێت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتە خەوم و فەرمووی: مەنشاوی تۆ بەهەمان چەشنی من قورئان دەچڕیت، سەیرکە هاوڕێ، مەنشاوی تەنها خوێندنەوەی ئایەتەکان ناکات، موفەسیرێکی تری قورئانە، دەقەکان بەدیوێکی تردا شیکار دەکات، بڕوانە ئەو چیرۆکانە لەگەرووی ئەودا تەنها لە چوارچیوەی دەق و نوسراودا نامێننەوە، دیمەنەکان دەهێنێتە بەرچاوت بە بەرز و نزمی تۆنەکان و حەزین بوونی دەنگەکەی لە شوێنی خۆیدا، دەتکاتە بینەرێکی ڕاستەوخۆی دیمەنکان. ئەکاونتی Daniel D. Zhakaw.

## مردووه زیندووه‌كه‌!

د.عبدالواحد ده‌ڵێت: ئه‌م رووداوه‌ زۆر كاریگه‌ری له‌سه‌ر ژیانم درووست كردووه‌، لیستێكی عه‌مه‌لیاتمان هه‌بوونه‌خۆشه‌كانمان الحمدلله هه‌موویان باش بوون و وه‌زعیان جێگیر بوو، ڕۆژی شه‌ممه‌ نه‌خۆشێكمان به‌په‌له‌ گه‌ڕایه‌وه‌ نه‌خۆشخانه‌ تووشی حاڵه‌تێك بوو خه‌ریك بوو ده‌مرد. به‌په‌له‌ هێنامانه‌وه‌ و بردمانه‌ ناو عه‌مه‌لیاته‌وه‌ و خوایه‌ ئه‌بێ چی ڕوویدابێ؟

ئه‌بێ عه‌مه‌لیاته‌كه‌ ته‌قیبێته‌وه‌؟ ئه‌بێ شتێك ڕوویدابێت نه‌مانزانیبێ؟

خستمانه‌ ژێر به‌نج سه‌یری عه‌مه‌لیاته‌كه‌مان كرد برینه‌كه‌مان پاك كرده‌وه‌ كه‌ سه‌یرمان كرد هیچ كێشه‌یه‌كی نیه‌، ئه‌ی خوایه‌ ئه‌م كوڕه‌ گه‌نجه‌ بۆ وای لێهات.

چوار دكتوری پسپۆڕ ده‌سته‌وسان بووین نه‌مانئه‌زانی چیه‌تی، وتمان الحمدلله هیچی نیه‌ و دكتۆری به‌نجه‌كه‌ سۆنده‌كه‌ی له‌قوڕگی ده‌رهێناو و نه‌خۆش هه‌ناسه‌ی وه‌ستا!!!

هه‌رچیه‌كمان كرد هه‌ناسه‌ نه‌گه‌ڕایه‌وه‌، ڕێژه‌ی ئۆكسجین له‌سه‌ده‌وه‌ دابه‌زی بۆ حه‌فتا بۆ شه‌ست بۆ په‌نجا و هه‌تا دڵی وه‌ستا، لا اله‌ الا الله‌ خوایه‌گیان.

ئه‌و براده‌رانه‌ی له‌گه‌ڵما بوون به‌په‌له‌ ده‌ستیان كرد به‌زه‌خت له‌سه‌ر دڵی، زه‌ختیان ئه‌كرد بۆئه‌وه‌ی خوێن بچێ بۆ مێشكی چونكه‌ سێ ده‌قه‌ خوێن نه‌چێ بۆ مێشك، مێشك ئه‌وه‌ستێ.

لاحول ولا قوە الا باللّٰه کەسووکاری یەك عەشرەت لەدەرەوە چاوەڕێ بوون دەڵێن کاك دکتۆر نەخۆشەکەمان چۆنە؟

لا الە الا اللە هیچ جوابێکمان پێ نیە.

من هیچم پێنەکرا برادەرەکانم کە دکتۆری پسپۆڕ بوون ئەوانیش محاوەلەیان دەکرد دڵی بێننەوە و زەخت لەدڵی بکەن.

دکتۆری بەنجەکەش محاوەلەی دەکرد ئۆکسجینی باتێ هەناسەی باتێ، هەمووومان خەریك بووین بەڵام هیچمان پێ نەکرا وسوجدەیەکم برد و وتم خوایە ئەمە لەدەست ئێمە دەرچوو تەواو،هیچ دەسەڵاتێکمان نەما لەگەڵیا.ئەمێنێتەوە سەر قاپیەکەی تۆ، دەسەڵاتی تۆ، ئێمە چی بکەین؟

ئەم خەڵکە چۆن تێ دەگا ئەمە هەڵەی ئێمە نیە، چۆن حاڵی دەبێت؟

قەدەری خوای گەورە نەخۆش دڵی هاتەوە و کەوتەوە لێدان، بەڵام هۆشی نەهاتەوە، بەڵام هەناسەی نەهاتەوە.

بردمانەبووژانەوە، خەمی دوو شتمان بوو، خەمی سیەکانمان بوو توشی ئیلتهابێکی بەقوەت بووبوو و ئۆکسجینی دادەبەزی، خەمی گورچیلەیمان بوو وردە وردە گورچیلەکانی لەئیش دەکەوتن و گورچیلەی دەوەستا، گورچیلەکانی وردە وردە دادەڕووخا.

کریاتینین لەیەکەوە بوو بە دوو و ڕۆژی دواین بووبە سێ و ڕۆژی سێیەم بوو بەچوار. تەواو تەواو بێتاقەت بووین.تەواو نارەحەت بووین.

ڕۆژێکیان سەعات دەی شەو گەڕامەوە ماڵەوە پاش عیادەو بینینی نەخۆشەکە لەخەستەخانە، موقیمەکەم تەلەفوونی کرد وتی کاك دکتۆر نەخۆشەکە مرد!!!

وتم: چۆن مرد؟

وتی: کاك دکتۆر دڵی لێ نادا و زەختی سفرە نەبزی سفرە، هیچی نەماوە ئۆکسجینی سفرە هیچی نەماوە، منیش ناکرێ کەسووکاری ئاوا بەجێ بێڵم و کوڕێکی گەنجی کاسبکاری بازرگانی تازەیان لێ ڕۆیشتووە، جەرگی دایك و باوکەکەشی بسووتێ، کۆمەڵێ منالێشی هەتیو بکەون زۆر لەسەر دڵم توند بوو، بەپەلە هەستام گەیشتمە خەستەخانە، بەدکتۆرەکەم وت بۆ وەستاوی؟؟

وتی: کاك دکتۆر گیان من تەواو، من چی لێ بکەم؟؟

وتم: واڵم بەرێ دەرمانم بەرێ موغەزیم بەرێ، سبحان اللـه ئەم نەخۆشە واللـه لەو بەڵایەدا بوو ڕووح لەم ئینسانەیا نەمابوو بەڵام سبحان اللـه، خۆشمان نەمانزانی شتەکانمان دایە و هۆشی هاتەوە و زەختی بەرز بۆوە و نەبزی هاتەوە و ئاهێکی پیادا هاتەوە، کەسووکاری هەموو لەدەرەوە، بێتاقەت و چاوەڕێی قسەیەکی ئێمەن جەنازەیان تەسلیم کەینەوە یان چیان لێ بکەین؟ شەو تا درەنگ بەدیار ئەم نەخۆشەوە، هەتا بەیانی بەسەر سەری بووم ئاگام لەم نەخۆشە بوو.

بەیانی، زانیمان ئەمرێ ئەم نەخۆشە هیج مەجالێکی تیا نیە چونکە دووەم جارە دڵی بووەستێ و زەختی دابەزێ و هەموو دکتۆرەکان دەیانووت: کاك

دکتۆر گیان تۆ ئاسنی سارد دەکوتی ئەم نەخۆشە دەمرێ دەمرێ، منیش دەمزانی دەمرێ، بەڵام دەمووت: لەڕۆژێکا بمرێ هیچ نەبێ لەگەڵیانا بچمەوە بۆ شارەکەی خۆیان و هیچ نەبێ سەرەخۆشیەکیان لێ بکەم،

ئنجا ئەوەی دڵم پێی دەسووتا دەیانووت کاك دکتۆر دایك و باوکی زۆر بێتاقەتن بەتایبەتی دایکی جەرگی ژان دەکا، منالەکانی دەگرین ئەڵێن کوا باوکمان؟

منیش سبحان اللە واللەی منالەکەی خۆم بووایە ئەوەندە بێتاقەت نەدەبووم، ئیتر زۆر بێتاقەت بووم، ڕۆژی دووشەممە کە چووم بۆ عەمەلیات، قسەم لەگەڵ مامۆستایەکا کرد وتم: مامۆستا، من زۆر بێتاقەتم نەخۆشێکم زۆر بێتاقەتە، چونکە من هەموو نەخۆشێکم وەك کەسووکاری خۆم سەیردەکەم، بەڵکو ئیستیخارەم بۆبکەی لە شەونوێژدا، بۆبەیانی وتی: کاك دکتۆر من نازانم باسی چیەکەی بەس خەوێکم پێتەوە بینیوە، وتم: خێر؟

وتی: لەخەوەکەما خۆشویستمان پێی فەرمووی:

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ﴾ کاك دکتۆر لەخەوەکەما پێیان وتم، وتیان بەدکتۆر عبدالواحید بڵێ با شیری باتێ، ئاوی باتێ و لەئاو هەڵیکێشێ!!

ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ دایکی چاوی دایکی پێی گەش دەبێتەوە چۆن موسا گەڕایەوە بۆ دایکی، کاتێك کردیە ناو ئاوەکەوە، ئەخیری ئایەتەکەشی بەوە کۆتایی هێنا: ﴿فَرَدَدۡنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَ﴾ ئێمە ئەومان

گێڕایەوە بۆ لای دایکی بۆئەوەی کە چاوی گەش بێتەوە، وتی: کاك دکتۆر من ئەو خەوەم بینی بەس نازانم مانای چیە؟

وتم: ئەوخەوە هی منە، من تێدەگەم باسی چیەکا؟

گەڕامەوە بۆلای نەخۆشەکە و وتم ئادەی شیرم بۆ بێنن و سۆندەی بۆ دانێن لە لووتیا و شیر بکەنەگەدەیەوە.

وتیان: کاك دکتۆر ئەم نەخۆشە شیری چیەدەدەیتێ؟؟ ئەم نەخۆشە نابێ شیر بخوا، وتم: سۆندەی بۆدانێن هەقتان نەبێ؟ ئادەی موغەزیم بەنێ، وتیان کاك دکتۆر موغەزی چی؟ وتم: موغەزیم بدەنێ، باڵانسی میز و زەخت و سەنتەری بەینی بەڕام ئەکرد وئینجا موغەزیم دایێ و شیرم دایێ، وتیان: کاك دکتۆر نەخۆشەکەمان چۆنە؟

وتم: ان شاءالله نەخۆشەکە بەپێی خۆی ئەچێتەوە بۆلای دایکی.

وتیان: دکتۆر تۆ دوێنێ ئەتووت ئەم نەخۆشە نامێنێ یەعنی چی بەپێی خۆی؟

وتم:دەچێتەوە و بەپێی خۆشی دەینێرمەوە ان شاءالله، ئەو دکتۆرانەی لەویا بوون وایانئەزانی لەبەر خەفەت و بێتاقەتیم لەسەر نەخۆشەکە خەڵەفاوم، بەقسەیان ئەکردم بەس باوەڕیشیان نەئەکرد، ئەیانووت دکتۆر عبدالواحید ئەڵێ ئەم نەخۆشە چاك ئەبێتەوە، گورچیلەی وەستاوە، وردە وردە هەناسەی ئەوەستێ، وردە وردە کۆتایی پێ دێ و ژەهر لەلەشیا کۆبۆتەوە، ئەمە چی نەجاتی ئەدا؟ وتم: بەپێی خۆی ئەڕواتەوە، سبحان الله هەر دکتۆر ئاوی لێ ئەگرتەوە و بەخێزانەکەیم ئەووت ئاوی بدەنێ.

ئەم نەخۆشە نزیکی ٣٥ دانە ڕۆژ لامان مایەوە، بەموعجیزە هەر ئەوەی کە بینرابوو، ﴿فَرَدَدۡنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا﴾ لەکاتێکا دایکی هات بۆلای بۆنەخۆشخانە وتم بادایکی نەیبینێت و خەوەکە بێتە جێ، بچێتەوە بەپێی خۆی بۆلای دایکی نابێ دایکی بێ سەردانی بکات، ئەمەوێ ئەم بچێتەوە بۆلای دایکی، بەڵام جەماعەت بۆم باس نەئەکردن کەس تێم نەئەگەیشت باسی چیەکەم؟؟

هەتا وامان لێهات پاش چارەسەرێکی زۆرکە تووشی بەکتریا و میکرۆبێك بووبووئەمریکیەکان لەجەنگی کەنداودا تووشیان دەبوو، میکرۆبێك بوو کەس عەقڵی بۆی نەدەچوو لەهیچ شوێنێکا، دکتۆرێکمان هەبوو هی بەکتریا وتی: یەکەمجارە لەژیانما ئەم میکرۆبە ببینم، نازانم لەکوێوە بۆی هاتووە، لاحول ولا قوه الا بالله، میکرۆبێك لەئەنفلەوەنزا و تاعونەکان خراپتر، بەڵێ، نەخۆشەکە دوێنێ هاتەوە بۆلام هەر کەسێك ئەیدی ئەیووت ئەوە مردووە زیندووەکەیە؟!

## مژدەی شەفاعەت:

هەندێ لە شاعیران هۆنراوەیان بۆخۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) هۆنیوەتەوە بەهیوای هاتنە دی هیواو ئاواتەکانیان لەدونیادا، بۆنموونە شەرەفودین موحەممەدی بوصەیری بوردەی نووسی و شەو لەخەودا بەخزمەت سەروەرمان گەیشت و کەبۆی خوێندەوە زۆر پێی خۆش بوو، پاشان دەستی موبارەکی هێنا بەسەر لاشەیداولەخەوەکەیدا شەلەلەکەی چاك دەبێت و کەخەبەری ئەبێتەوە بەحەقیقی چاکبۆتەوە.

مەلا موحەمەدی خاکی کەساڵی١٢٥٥ی کۆچی لەدایکبووەو ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی دونیای فانی جێهێشتووە ولەسولەیمانی بەخاك سپێردراوە، سەدوشەست ونۆ دێڕ هۆنراوەی هۆنیوەتەوە بەهیوای ئاخیرەت کە سەروەر شەفاعەتی بۆبکات، جا مەلا حەمەسووری هاوڕێی سەردانی دەکات لەنەخۆشیەکەیداوئەحواڵی دەپرسێت، ئەویش دەڵێت: زۆرباشم، لێی دەپرسێت هیچ وەسیەتیەکت نیە؟

دەڵیّ: من و وەسیەت دوای ئەوەی کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) چەکامەکەی لێوەرگرتم؟ وتی: چۆن؟

وتی: دوێنیّ شەو بەخزمەتی گەیشتم فەرمووی: خاکی چەکامەکەتم پێگەیشت. (ئەمەش مژدە بوو کەچەکامەکەی وەرگرتووەو ئاواتەکەی دێتەدی و شەفاعەتی بۆدەکات )..دوای ئەوە بەشەوو رۆژێك خاکی کۆچی دوایی کرد.﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٦٤﴾ یونس.

(چەکامە بەو قەسیدەیە دەڵێن کە لە هەژدە دێڕ زیاتر بێت، ئەگەرلەحەڤدە دێڕیش تێپەڕنەبێت پێی ئەوترێت: چامە.. سەرچاوە: مەلا موحەمەدی خاکی نووسینی شێخ موحەمەدی خاڵ).

## ئیمامی مزگەوتی (الورد)

دکتۆر محمد راتب نابلوسی دەڵێت: ئیمامی مزگەوتی الورد لەدیمەشق پێش دەیان ساڵ خەو بەخۆشەویستمانەوە دەبینێت (صلى الله عليه وسلم) کەپێی دەفەرموێت: بەفلانە کەس بڵێ هاوەڵی منە لە بەهەشتدا، ئەویش بۆبەیانی بەکابرا دەڵێت: وەرە مژدەیەکم پێیە بۆت لە سەرووەرمانەوە بەلاَم ئەبێ پێم بڵێی چیت کردووە بۆخوا، وەلحاسڵ وازی لێناهێنێت تا بزانێت ئەو پلەیەی بەچی دەستکەوتووە؟

ئەویش دەڵێت: کە هاوسەرگیریم کرد بۆم دەرکەوت کە هاوسەرەکەم دەستدرێژی کراوەتە سەری و دووگیانیشە، ئەمتوانی بەکەسوکاری بڵێم ولێی جیاببمەوە، لەبەرخوا پەردەپۆشم کردو، کەمناڵەکەشی بوو چووم لەبەرمزگەوت بەیانیەك بەدزیەوە دامناو خەڵك کۆبوونەوەو وتم: ئەگەر کەس نیە بەخێوی بکات من دەیبەمەوە، مناڵەکەشم هێنایەوە لەبەرخوا بەخێوم کرد..

مامۆستاکە وتی: دیارە بەڕاستی ئەوە لەدەست هەمووکەس نایەت، ئەو چاکەیە تۆی بەو پلەیە گەیاندووە.

بەندەش هەڵوێستەکەی رەحمەتی مامۆستا شەماڵم بیرکەوتەوە کەوتیان بۆ شکات ناکەی لەوەی دزی لێکردووی،وتی: چۆن شکاتی لێدەکەم، من دوعای بۆدەکەم خوا سەتری بکات سابەڵکو تەوبە بکات.

## پوختەیەک لە ژیاننامەی شێخ ئەبو وەفای نێرگزی ناسراو

### بە تاج العارفین:

شێخ ئەبووەفا لەساڵی ١٠٢٦زاینی بەرامبەر ٤١٧ی کۆچی دوو مانگ دوای کۆچی دوایی شێخ محمدی باوکی لە گوندی نێرگسەجاڕ لەدایك ئەبێت، دایکی کەناوی فاتیمە خانی کچی عومەر شێرکۆی نێرگزەجاڕییە.

دوای ساڵێك لە هاوسەرگیریان دووگیان دەبێت بە ئەبو وەفاو، هەر لەو ساتەوەختەدا چەند مانگێك پێش لەدایکبوونی و وەفاتی باوکی، شیخ محمد حەزرەتی پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) دێتە خەونی وپێی دەفەرموێت: کەخودا کوڕێکی زانا و ناوداری پێ دەبەخشێت، داوای لێدەکات کە ئەم منالە میراتگری پەیام وئاکاری منەئاگاتان لێی بێت، باوکیشی دوای خەوەکەی نەخۆش دەکەوێت و ئەزانێ ئاکامی مەرگی نزیکە، کەسوکاری خۆی وخاڵوانی کوڕەکەی ئاگادار ئەکاتەوە کەئەم کوڕەی پێگە و پایەیەکی بەرزی ئایینی ئەبێت، داوایان لێدەکات کەئاگایان لێبێت و بەجوانی پەروەردەی بکەن.

ئەبووەفا دوو مانگ دوای کۆچی دوایی باوکی بەهەتیووی لەدایك ئەبێت وخاڵوان وکەسوکاری لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنیدا هاوکاری دایکی دەکەن چەند سەر ئاژەڵێك و پێداویستیان ئەدەدەنێ هەتا گوزەرانی خۆیانی پێ بەرێ بکەن، بەشوانی و خوێندنی ئایینی سەرەتایی و تێڕامان و

خواناسیوە لە نێرگسەجاڕ خەریك دەبێت هەتا دەبێتە لاوێکی هەڵکەتووی زیرەك و بە ئاگا.

ئنجا بۆ خوێندنی بالآتر خولیای سەفەر دەکەوێتە سەری و دێتە هەورامان ماوەیەك لەوێ دەخوێنێ، بەڵام بۆ فێربوونی زانست دڵی ئۆقرە ناگرێت و عەودالّی زانای رەبانی گەورەترە بۆ فراوان کردنی زانستەکانی، لەوێوە دەچێتە بوخارا بۆلای شێخ محمدی شوانکارەو دوانزەساڵ لەخزمەتیدا دەخوێنێ وزانستەکانی هەموو لێوەردەگرێت.

پاش گەڕانەوەی لە بوخاراوە بۆ نێرگسەجاڕ، داوای لێ دەکەن بچێتە شارباژێڕ بۆ بلاّوکردنەوەی زانستەکانی، کە لەو سەردەمەدا نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر شارباژێڕ مەڵبەندی زانست و زانیاری و عیرفان بووە، بۆیە دەچێتە گوندی پوشێن لە شارباژێڕی تەخت و مەدرەسەیەکی زانستی دادەمەزرێنێت و زاناو خوێنکارێکی زۆر لەهەموو لایەکەوە لە دەوری کۆ دەبنەوە تەنانەت لە بەغدا و باشورەوە زاناو فێرخوازان دێنە خزمەتی.

پیاوێکی پوشێنی کچێکی خۆی لێ مارە ئەکات بە ناوی حوسنا خان، زاناکانی بەغدا داوای لێ دەکەن بچێتە بەغدا خەڵکی ئەویش لە زانستەکانی بەهرەمەند بن، وەك ئەرکێکی ئایینی داواکەیان قبوڵ دەکات، شێخ سالمی برای لە مەدرسەکەی پوشێن دادەنێت ئەویش دەمێنێتەوە دوای خۆی کوڕێکی دەبێت لە پوشێن تەدریس دەکات ولەوێوە دەچێت بۆ قودس، کەتائێستا نازانرێت بەچ هۆکارێك دەچێتە قودس ولەوێ دەمێنێتەوە ئێستا کوڕ و نەوەکانی هەر لە فەلەستین نیشتەجێن.

ئەبو وەفاش کۆچدەکات بۆ (واسط )بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ دەمێنێتەوە و زانست و پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێت بەو ناوچەیە، پاشان هەر بە بەلەم لە ڕووباری دیجلەوە دەچێتە بەغدا و مزگەوت و مەدرەسەیەکی گەورەی بۆ دابین دەکەن کەزاناو موسڵمانانی بەغدا و دەورووبەری لە دەوری کۆدەبنەوە وگوێ لە وتار و پەند و وانە و ئامۆژگارییەکانی دەگرن لەوێش ناووشۆرەتێکی زۆر دەرئەکات.

هەر لەوکاتەدا شۆرەت وناوبانگی کارەزانستیە ناوازەکانی دەگاتە گوێی شێخ عبدالقادری گەیلانی ولە تەمەنی١٧ساڵیدا لە گەیلانی غەربەوە شەیدای دیدارو بەهرەمەندبوونی بە ئاکار وزانستەکانی دەبێت ودەچێتە خزمەتی، پاش ئەو هەموو گەشتە زانستیەو خزمەتە گەورانەی بە خەڵك و ئایینی خودای کرد دەگەڕێتەوە بۆ پوشێن و لەساڵی ٥٠٩ی کۆچی کۆچی دوایی دەکات و ئێستا ئارامگای لە گوندی پوشێنە. (ئەکاونتی شێخ بەختیار نێرگسەجاڕی ).

***

## شێخ مستەفا پێنجوێنی:




ناوبراو زانایەکی گەورەی گەلەکەمانەو ساڵی ١٩٣٠ لە پێنجوین لەدایکبووەو ئێستا تەمەنی نەوەد ساڵەو لەوڵاتی قەتەر دائەنیشت و لەچوارچراش خانووی هەیە لەسلێمانی وهەمووتەمەنی لەخزمەتی زانستدا بەخت کردووە، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ گرووپی گوڵناردا ئەڵێت:

(تەسریفی زنجانی)م تەواوکرد، عەواملم خوێند، پاشان چووم بۆ شێخەڵمارێن، چوومە ماڵی پوورم، پوورم خەوتبوو دڵم نەهات خەبەری بکەمەوە تا دونیا ڕووناکی کرد، مامۆستا مەلا موحەممەدی شێخەڵمارێن، خەڵکی پێنجوێن بوو لە بنەڕەت دا، مامۆستا لێی پرسیم: خەڵکی کوێی؟

وتم: پێنجوێنیم. فەرمووی: تۆ خزمی خۆمانی، ماوەیەك لەلای ئەویش مامەوە. مامۆستا مەلا موحەممەد ئەولیا بوو، من تووشی نەخۆشی سکچوون بووم وژیانی لێتاڵ کردم، لە خەوم دا کۆمەڵێکم بینی، بەکەسێکم وت: ئەو کۆمەڵەیە کێن؟ وتی: ئەوانە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادان (صلی الله علیه وسلم)، منیش وتم: دە بچۆرە خزمەت پێغەمبەری خوا و عەرزی بکە و

پێغەمبەریش عەرزی خوا بکا کە ئەم نەخۆشییەی من تا کەی وا دەبێ و چاك نابم؟!  بەیانی مامۆستا تەشریفی هێنا و چوو دەستنوێژ هەڵگرێ، پێش ئەوەی دەستنوێژ هەڵگرێ، دەرگای حوجرەکەی کردەوەو فەرمووی: موستەفا! وتم: بەڵێ قوربان. فەرمووی: بروسکەکەت گەیشت!

ئیتر ئەوەبوو چاکبووم و ئەوە دەیان ساڵە تووشی نەخۆشی تربووم بەڵام جارێکی تر تووشی ئەو نەخۆشیە نەبوومەوە.

## بانگدانی بیلال

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد، بیلالی حەبەشی (خوالێی رازی بێت) چووە لای ابو بکری سدیق (خوالێی رازی بێت) فەرموی:

ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) من لە پێغەمبەری خوام (صلی الله علیه وسلم) بیستووە کە فەرموویەتی باشترین کردەوەی ئیماندار، تێکۆشانە (جهاد) لە پێناو خوادا.

ئەبوبەکر (خوالێی رازی بێت) فەرموی: مەبەستت چیە؟

بیلال فەرموی: دەمەوێ تا کۆتایی ژیانم جیهاد بکەم..

ئەبوبەکر فەرموی: ئەی کێ بانگمان بۆ بدات؟

بیلال بەچاوی پڕ فرمێسکەوە فەرمووی: من لە دوای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بانگ بۆ کەس نادەم!

بیلال چاوی بەرایی نەدەهات، لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە مەدینە بمێنێتەوە.

کاتێك بیلال دەیویست بانگ بدات، کە دەگەیشتە اشهد انَّ محمدا رسول الله، قورگی دەگیرا و تێر دەگریا. دوای چەند ساڵێك، شەوێکیان بیلال پێغەمبەری خوای (صلی الله علیه وسلم) لە خەودا بینی و پێی گوت: ئەوە چیە بیلال بۆ لێمان ناپرسی؟کاتی ئەوە نەهاتووە سەردانمان بکەی؟

بیلال لە شامەوە بەڕێکەوت بۆ مەدینە، کاتێك گەیشتە مەدینە، یەکسەر چووە سەر گۆڕی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و زۆر بە کوڵ دەستی کردە گریان، حەسەن و حوسێن (خوالێیان رازی بێت) هاتن و باوەشیان پێیدا کرد و ماچیان کرد، پێیان گوت: حەز دەکەین سبەی بۆ نوێژی بەیانی تۆ بانگ بدەیت؟

لەگەڵ بەرەبەیاندا، بیلال چووە سەربانی مزگەوتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و بانگیدا، کاتێك گوتی الله اکبر، الله اکبر، خەڵکی مەدینە بە پەلە لە خەو هەستان، کاتێك گەیشتە اشهد انَّ محمدا رسول الله، بیلالی حەبەشی سەیری ئەو دەرگایەی کرد کە هەمیشە پیغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) لێوە دەهاتە ناو مزگەوتەوە بەڵام ئەم جارە کەسی لێوە نەهات.. یەکسەر بیلال بورایەوە لە تاوی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیترخەڵکی مەدینە بە ژن و مناڵەوە ڕوویان لە مزگەوت کرد، هیچ کاتێك خەڵکی ئەوەندە بە کوڵ نەگریابوون، بێجگە لەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد بوو.

## بیلبیلەی چاو:




بەڕاستی نوێژ پەرستشێکە گرنگیەکی زۆری هەیە لەژیانماندا، کە ڕۆژانە پاکمان ئەکاتەوەو بیلبیلەی چاوی سەروەرمان بوو، مایەی ئارامی دڵ ودەروونی بوو، دوا وەسێتیشی بوو بۆبڕواداران کە لەدواساتەکانی تەمەنیدا فەرمووی: نوێژەکانتان، نوێژەکانتان.

دکتۆر ئەحمەد بەسام ئەلساعی کتێبی (ادارة الصلاة)ی نووسیوە کە بەڕێز دکتۆر حوسەین کردویەتی بەکوردی وسەنتەری زەهاوی چاپیان کردووە.ئەم کتێبە پێویستە بخوێنرێتەوە تا باشتر ئیدارەی نوێژەکانمان بدەین.بەکوردی ناوەکەی بریتیە لە(دووبارە دۆزینەوەی پایەی دووەمی ئیسلام).

بەداخەوە زۆرمان نوێژمان ون کردووە بۆیە نمرەی کەم وەردەگرین لەسەر نوێژەکانمان وهەندێکیشمان ڕەنگە هەربدرێتەوە بەسەرمانا، ئەوانەی بەڕاستی دۆستی خوان نوێژەکانیان توێشووی ڕێیانە، دۆستێکی خوا کە زۆربەی شەو بەخزمەت سەروەرمان ئەگات(صلی الله علیه وسلم)، لەخەوێکیدا پێی دەفەرموێ: من کەنوێژ دەکەم وئەڵێم (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم ) خراپەکانی شەیتان ئەهێنمە بەرچاوم، کە ئەڵێم (الرحمان

الرحيم) میهرەبانیەکانی خوا دێنمە بەرچاوم، هەروەها ئەوانەی خوانیعمەتی بەسەرا رشتوون و ئەوانەش کە غەزەبیان لێگیراوەو ئەوانەش کەسەرگەردانن هەموویان بیریان لێدەکەمەوە، ئنجا نوێژێك ئەکات لەبەرچاوی و ئەفەرموێت: لەوە کەمتر لێ قبوڵ ناکەین.. ئەو برادەرە وتی: بەیانی کەهەستام و نوێژی بەیانیم بەو جۆرە کرد شتێکی تربوو.

## گرنگی نوێژ:

دۆستێکی خۆشەویستم خەوی بەخۆشەویستمانەوە (صلی الله علیه وسلم) بینیبووکە هاتبوو بۆ مزگەوت و فەرمووبووی: ئەونوێژەی دەیکەن ئەوە نیە کەخواو پێغەمبەر دەیانەوێت، فلاَن تۆ لەسەدا دووی نوێژەکەت وەرگیراوەو، فلاَن تۆش لەسەدا پێنج ویەکێکی تر لەسەدا دەو، کەناسێکی لێبووە فەرموویەتی تۆش لەسەدا شەستی نوێژەکەت وەرگیراوە، بانگخوازێکیش کەلەوێ بووە فەرموویەتی تۆش هەندێ جار لەسەدا پەنجایەو هەندێ جاریش لەسەدا نەوەدە هەوڵبدە ریژەکە بەرز بکەرەوە تازیاتر یارمەتیت لەئاسمانەوەبۆدابەزێت..

***

## زەلامی بەد:

مامۆستا شێرزاد عبدالوهاب لەهەولێر کە لەحەج دێتەوە لەم سالآنەی دواییدا حاجی ئەحمەدی دراوسێی دەچێت بۆ بەخێرهاتنەوەی و ئەم بەسەرهاتەی بۆدەگێڕێتەوەو دەڵێت: ساڵی پەنجاکان گەنج بووم و لەگەڵ باوکما چووین بۆ حەج بە پاصە تەختەکان، شانزە کەس بووین، چوار دەڕابەی تەختەمان لەگەڵ خۆمان بردبوو تا ئەگەر پاصەکە لەملدا چەقی بیخەینە ژێرتایەکانی و دەربێتەوە، ڕێگایەکی زۆر سەخت بوو لەدوای نەجەف و کەربەلاوە ئاوەدانی کەم بوو، ڕێگا وەك پێویست نەبوو، جاری واهەبوو لم جادەکانی دادەپۆشی و حاجیان ڕێیان لێتێك دەچوو، چەندەها حاجیمان بینی لەو بیابانیەدا مردبوون.

بەهەرحاڵ وزەحمەتێك بوو گەیشتینە مەککەو حەجمان کردوو دواتر چووینە مەدینە، شەوێکیان لەخەوما خەڵکیم بینی کارتیان بەدەستەوە بوو، پرسیم ئەوە چیە؟؟

وتیان: ڕەسول اللە (صلی اللە علیە وسلم)کارت ئەدا بەوانەی حەجیان قبوڵبووە، منیش خێرا چووم بۆلای خۆشەویستمان و، فەرمووی: چەند کەسن؟؟

وتم: شانزە کەسین. فەرمووی: شەریفتان لەگەڵدایە؟

وتم: بەڵێ، فەرمووی تا کات بەسەرنەچووە پێی بڵێ تەوبە بکات تەنها حەجی ئەو قبوڵ نەبووە..ئنجا کارتی دامێ بۆ ئەو پانزەکەسەی کەحەجیان

قبولٚ بووبوو. بۆ بەیانی کە خەبەرم بۆوە بۆ باوکمم گێڕایەوە، زۆر گریاو بۆ جەماعەتی گێڕایەوە، کەچی شەریف کە گیرمان خواردبوو بەدەستیەوە،لە جیاتی بەخۆداچوونەوەو تەوبەکردن وتی: جا ئەوە چیە؟؟من ئەمشەو خەوم پێتانەوە بینی هەموو بووبوون بەبەراز.(جابەلای منەوە یەکەم باوکی نەدەبوولەبەرچاوی ئەوانی تر پێی بلێت تاعەکسایەتی نەیگرێت، دووەم ئەویش دەبوو سوپاسی خوا بکات کەسەروەرمان ئاگاداری کردۆتەوە ).

## جەنابی شێخ عومەری بیارە:

لەم کوردوستانەی خۆماندا کەسایەتی گەورەو مەزن کاریان کردووە کە هەردەم مایەی شانازین بۆ ئێمەی بانگخوازو ئەرکی سەرشانمانە باسی هەڵۆێست وژیاننامەی پڕبەرەکەتیان بکەین، یەکێ لەو بۆ خوا سولٚحاوانە جەنابی شێخ عومەری بیارەیە بەڕەحمەت بێت.

حاجی ئەحمەد غەفور دەلێت: جەنابی شێخ عومەر لە برایەکی زویر دەبێت و دەچێتە شاری سنە و چی دۆستان و خزمان تەنانەت مەولەوی تکاو رجای لێدەکەن ناگەڕێتەوە، بەیانیەکیان بەهاوسەرەکەی دەلێت: خۆت ئامادەبکە دەگەڕێینەوە، ئەویش دەلێ: ئەوهەموو کەسە تەکلیفیان کرد قایل نەبووی، ئێستا خێرە وا بڕیارت دا بگەڕێیتەوە؟ ئەویش وتی: ئەمشەو خۆشەویستمان(صلى الله عليه وسلم)فەرمانی پێدام بگەڕێمەوە دەرس بەمنالانی بیارە بلێم.

پاش ئەوەی گەڕایەوە جاری واهەبوو سێسەد قوتابی زیاتری هەبووە.

سوڵتان عبدالحمیدیش خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) لەخەودا فەرمانی پێدەدات کە کتێب بنێرێت بۆ مەدرەسەکەی بیارە کەکتێبەکان دەگات شێخ عومەر بەپێی پەتی و بەسەری رووت ئەچێت بۆ پێشوازی کتێبەکان کەچەند باری ئێستر بوون.



***

## نامەیەک



ئەم برایە ئەم نامەیەی بۆناردم: تەمەنم ٣٣ ساڵە دەرچوی زانکۆم و فەرمانبەرم، لە سەرەتای لاوێتیمدا نزیکی ٢٣ ساڵ دەبووم ماوەیەك شەیتان گومانی خراپی بۆ دروست ئەکردم، دەمووت بۆ رووخسارم بەم شێوەیەیە، دەبوو وا بوایە یان ئاوا نەبوایە جوانتر ئەبووم..

وەحاڵ وەك ئەوەی پێم بڵێ خوا تۆی بە شێوازێك دروست کردووە جوان نیت، تازە خۆمم ئەناسی شەیتان دەیویست لەو رێگەیەوە گومانی خراپم بۆ دروست بکات..سوپاس بۆ خوا بەردەوام داوام لە خوا دەکردخەون بە پێغەمبەرەوە ببینم ئەوەبوو شەوێك دوای نوێژی بەیانی خەونم بینی لە خەوەکەمدا خۆشەویستمان بەرەو رووی قیبلە وەستابوو پۆشاکی

کوردی لەبەرکردبوو زۆر زۆر جوانبوو بەرەو رووی رۆیشتم و گەیشتمە خزمەتی تەنها خۆم و خۆی بووین وتم: تۆ پێغەمبەر گیانی؟

فەرمووی: بەڵێ من پێغەمبەرم، منیش لە خۆشیا دەستم بردو تەوقەم لەگەڵ کردو یەکسەر شانی راستیم ماچ کرد و زۆر خۆشحاڵ بووم سەیری کردم و فەرمووی ماشاءاللە زۆر جوانیت خەبەرم بۆوە سوپاس بۆ خوا تا ئێستا هەرکەسێکم بینی بێت پێیان وتووم کەسێکی دڵ پاك و رۆح شیرینیت.

## شێخ ئەحمەد حارون:

دۆستی خوابوو دوعای دەمودەست قەبوڵ بوو، یەکێ لەقوتابیەکانی کەبۆماوەی نۆساڵ ئیفلیجیەکی هەبوو سەردانی زۆر لەپزیشکانی کردبوو ئەبوایە قاچێکی ببڕنەوە، شێخ ئەحمەد پێی وت: هەزار جا ویردی (یاغنی) بڵێ و پاشان یەکجار بڵێ: خوایە بەبەرەکەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شیفام بدەو بێنیازم بکە لە پزیشك ودەرمان ..ئنجا هەزار جار بڵێ (یانافع)ئنجا یەکجار بڵێ خوایە سوودمەندم بکە بەبەرەکەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ..پاش ئەوەی ئەوانەی کرد لە١٤ی شەعبانی **١٩٥٦** دا لە شەودا خەوی بەخۆشەویستمانەوە (صلى الله عليه وسلم) بینی فەرمووی: ئیسماعیل هەستە، هەستاو ئیفلیجیەکەی بەبەرەکەتی پێغەمبەرمان نەما..

جا قوتابیەکی بەدواداچوون ئەکات بۆ ئەوانەی کە هاتوون داوای دوعای خێریان لەشێخ ئەحمەد کردووە، سەرسام ئەبێت بەوەی کە خوا بەبەرەکەتی دوعاکانی هەموو ئەوانەی سوودمەند کردووەو رازو نیازەکانی بۆ هێناونەتەدی.

## قورئانخوێنی قودس و حەرەمی ئیبراهیمی لەخەلیل:



شێخ محمد رەشاد ساڵی ١٩٢٥ لەفەلەستین لەدایکبووەو ساڵی ٢٠١٦ پاش نەوەدو یەك ساڵ تەمەن لەخزمەتی قورئاندا کۆچی دوایی کرد لەئەردەن. ناوبراو پێنج کوڕی هەبوویەکەمیانی ناونا (محمد رەفعەت) لەخۆشەویستی ئەو قورئانخوێنە، هەروەها یەکێکی ناونا سەیدقوتب لەخۆشەویستی بۆسەید، بچوکەکەشی ناونا ئیمام کەلەتەمەنی ٢٥ساڵیدا لەکاتی هاتنەدەرەوەی لەنوێژی هەینی جوولەکە شەهیدیان کرد.دوانەکەی تریشی ناویان(یوسف ومەعروف )بوو.

مەعروفیان لەتەمەنی چوارساڵیەوە باوکی بەهرەی تیابینیبوو بۆیە فێری قورئانی دەکرد، ئێستا ماستەری هەیە لەزانستی قورئاندا وئیمامە لەمزگەوتی شاعەبدولاّی یەکەم لەئەردەن..

## شێخ محمد ڕەفعەت

که دەوترا (دەنگی مەلائیکیه)گوێی لەمحمد ڕەشادبوو قورئانی دەخوێند لەرادیۆوە وتی: گوێم لەدەنگی محمد ڕەفعەتی دووەمە لەفەلەستینەوە..

داوای لێکرا هەموو قورئان تۆماربکات وتۆماری کرد وتەواو بوو هەفتەیەك لەماڵێك دەبێت لەنزیك مزگەوتی سەروەرمان و بەردەوام سەردانی ڕەوزەی شەریف دەکات، شەوێك پێش نوێژی بەیانی خەوی بەسەروەرمانەوە بینی(صلی الله علیه وسلم)که لەگەڵ دووکەسی تردا بووە، لەچکێکی سپی بەسەرەوە بووە، لەچکەکەی بەرزکردۆتەوە تا باشتر ئەم بیبینێ و ئەمیش گومانی بردووە کەئەوە خۆشەویستمان بێت وتوویەتی: جەنابت کێیت؟

فەرموویەتی: من پێغەمبەری خوام، ئیتر شێخ محمد ڕەشاد باوەشی پیادەکات و تێردەگری..ئنجا خۆی دەڵێت: ئەوە مژدەی ئەوەبوو که لەخەتمی قورئانەکەم ڕازی بووە..جا کەسانێك هەن شتێکیان کردووە بۆخواو دەستخۆشیان لێکراوە، بلێی من وتۆش شتێکمان هەبێت شایانی دەستخۆشی و سوپاسی خواو پێغەمبەرەکەی بین(صلی الله علیه وسلم)؟..

***

## لەخزمەت مامۆستادا:

سەردانی مامۆستا شێخ موحەمەدی شێخ سەمیعم کردو بەرێزیان وتیان: یەکەم تەعینم لەشەستەکاندا لە عەربەت بوو، هاوسەریشم کچە شێخ و لەشاردا ژیابوو زۆرم پێناخۆش بوو کە نەتوانم ژیانێکی خۆشی بۆ فەراهەم بهێنم، دۆستێکم لە کۆلێژی شەریعەی بەغدا ئەیخوێند هانی دام بچم منیش بخوێنم، هاوسەری رەحمەتیشم پێی خۆش بوو، ئیتر ئەوم بردەوە ماڵە باوکی لەهەڵەبجەو منیش چووم بەدەم کارمەوە لەبەغدا، بیستم تاقیکردنەوەیەك ئەکرێت لەئەوقاف بۆ هەڵبژاردنی مامۆستایەك بۆمزگەوتێك کەبۆمن زۆرلەباربوو، من درەنگ زانیم تاقیکردنەوە کرابوو بەشداربووەکان بەقەدەری خوا کەسیان دەرنەچووبوون، دووبارە کرایەوە رەمەزان بوو منیش بەشداریم کرد وهەموویم زۆر بەچاکی وەڵامدایەوەو هاتمەوە بۆ هەڵەبجە، هاوسەرم وتی: سێ شەممە هیچ تاقیکردنەوەت نەکردووە؟



وتم: با كردوومه بۆدامەزراندن لەمزگەوتێكدا، وتی: دەی دەردەچیت، وتم: چوزانیت؟ ؟وتی: من شەوەكەی خەوم بینی پێنج دیناریيەكت پێدام وتت ئەوە رەسول الله بۆی ناردوویت، منیش لەخەوەكەدا وتم: كەی من شایانی ئەوەم ئەو زاتە پارە بۆمن بنێرێت..

بۆبەیانی یەكسەرچوومەوە بۆ ئەوقاف لەبەغداو و پرسیارم كرد ئەنجامەكە دەرچووبوو، سوپاس بۆخوا یەكەم بووم و لەو مزگەوتە وەرگیرام كە بەلای خۆمەوە ئەستەم بوو وەربگیرێم لەبەرئەوەی ئەوانی تر خاوەن واسیتە بوون..

## میحرابەكە دروست ئەكەیت پشت بەخوا:

مامۆستا سەید حەسەن وتی مزگەوتەكەمان میحرابی نەبوو خەمم بوو چۆن میحرابێكی گونجاوی بۆدروست بكەین بەتایبەت كەزەوی مزگەوتەكە بچووكە و تەنها سێ سەد مەترە دووجایە، دووسێ ئاسنگەرم بانگ كردو قسەمان كرد بەلاَم نەمانبڕیەوە كێ بۆمان بكات و چۆن بێت، بەیانیەكیان نوێژخوێنێك هات بەناوی حاجی ئەبوبەكر وتی: مامۆستا میحرابەكەت دروست نەكرد؟ وتم: نەوەلاَ، وتی: دروستی دەكەیت، وتم: چووزانیت؟

وتی: خەوم بەسەروەرمانەوە بینیوە (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ تۆدابووە لای شوێنی میحرابەكە وتت ئەو میحرابەم بۆدروست ناكرێت، ئەویش فەرمووی: دروستی دەكەیت پشت بەخوا.



کەچوومە بازارِ ئاسنگەرێك بانگی کردم وتی: مامۆستا ئەوە میحرابەکەیە بەئاسن دروستمان کردووە، ئەگەر پێت باشە دێین دای دەنێین، هاتن دایان ناو وتم: چەندئەکات؟وتیان هەربەدڵت بێت هیچمان ناوێت، ئیتر نەمزانی چۆن ئەو کارەی کردبوو، رەنگە ئەویش فەرمانی پێدرابێ لەلایەن خۆشەویستمانەوە (صلی الله علیه وسلم)..

***

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخەکەیەوە (عبدالعزیز عیون السود )کەسێ سالێ کۆتایی تەمەنی شێخ لەخزمەتیابووە دەڵێت:

شێخ عبدالعزیز لە سالێ ١٩١٧ لەشاری حیمص لەدایکبووەو سالێ ١٩٧٩ لە شەونوێژدا گیانی سپاردووە.چەند پەڕاوێکی بەسوودی نووسیوە لەسەر قیرائات وکتێبێکی نووسیوە لەسەر فیتنەو نیشانەگەورەو بچووکەکانی هاتنی قیامەت. زۆربەی شەو خەوی بەخۆشەویستمانەوە بینیوە (صلی الله علیه وسلم).

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخ عبدالعزیز عیون السود ەوە دەڵێت:

کەتەمەنی پانزە سالێك دەبوو زۆر ویردی دەخوێند، خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم)لەخەودا پێی فەرموو: ئێوە لەسەردەمێکدان زانست



لەپێشترە لەهەندێ شتی تر، ئیتر سەرباقی ئەوەی کەویردیشی فەرامۆش نەدەکرد زۆر گرنگی بەزانستی شەرعی دا.

شێخ زۆروەرعی دەکردو دەترسا ئەو مووچەیەی لەحکومەت وەری دەگرێت گومانی تیابێت.

شێخ لەتافی لاویدا بەهۆی خوێندنەوە نەیتوانی زوو هاوسەرگیری بکات، ئەمەش هەندێ بیری مەشغوڵ دەکرد، شەو لەخەودا شەکوای حاڵی خۆی لای سەروەرمان دەکات کەحەزوئارەزووی هاوسەرگیری هەندێ سەرقاڵی کردووە، ئەویش بوتڵێك لەگیرفانی دەردەهێنێ کەسەرێکی تەپەدۆری هەبوو، سەری بوتڵەکەی لادەبردو دایدەنایەوە، ئنجا پێی فەرموو ئەمە بەدەست خۆتە کەی ویستت لای ئدبەیت و کەی ویستت دایدەنێیتەوە.

جارێك سەردانی مەدینەی پیرۆزی کردو ویستی یەك مانگ بمێنێتەوە، لەخەودا سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم)پێی فەرموو: تۆ میوانی ئێمەیت، ئەوەی پێتە هیچی خەرج مەکە، مانەوەکەی درێژەی کێشاو بووە هەشتا رۆژ، بیست و یەك خەتمی قورئانی کرد لەرەوزەدا بە هەموو قیرائەتەکان، سبحان الله نیوەڕۆو ئێوارە خوا یەکێکی بۆدەنارد کەدەعوەتی بکات، ئەو هەموو رۆژە مایەوەو بەڕاستی میوانی خواو پێغەمبەربوو (صلى الله عليه وسلم)..

***

## حاجی مامۆستا ئیمامی:

مامۆستا کەخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردوستانەو نەوەدساڵێك ژیاوە و هاوەڵی کاك ئەحمەدی موفتی زادەبووە لەبیروەریەکانیدا دەڵێت: ئەوسا دەروونەکان وەك ئاوێنە ساف و بێگەردبوون و بەتەپوتۆزی گوناە دانەپۆشرابوون، بۆیە بەڕاستی خواناسیان دەکرد، باوکم حاجی مەلاخدر زۆر جار خەوی بەسەروەرمانەوە دەبینی (صلی الله علیه وسلم)، جاری واهەبوو بەرۆژدەخەوت کەخەبەرمان دەکردەوە دەیووت: بۆخەبەرتان کردمەوە لەخزمەت پێغەمبەردا بووم.

لەوخەوانەی تەنها دوانیانم بیرماوە کە ئەوە یەکێکیانە خۆی دەڵێت: بەیانیان دوای نوێژ لە مزگەوت دەمامەوە تاخۆرکەوتن قورئانم دەخوێند، شەوێك لەخەومدا لەدوای نوێژی بەیانی وەك عادەتی لە میحرابەکەدا قورئانم دەخوێند، کەسێك بانگی کردم و وتی: مەلا خدر هەستا وەرە ڕەسولی خوا (صلی الله علیه وسلم) بانگت دەکات، منیش خێرا ڕۆیشتم لەگەڵیدا گەیشتینە بەر کێویکی بەرزی هەڵەموت، وتم: جاچۆن سەرکەوین؟ وتی: چاوت بنووقێنە، چاوم نووقاندو کاتێکم زانی لەسەر کێوەکەم، وتم: عەباکەم بیرچووە بەبێ ئەوە حەزناکەم بچمە حزوور، وتی: خەمت نەبێت بۆت دێنم، بەچاوتروکانێك چوو بۆی هێنام ولەبەرمکرد، ڕۆیشتین هەتا چاو بڕکات دەشتایی و دارودرەخت و حەوزوئاوبوو، خەڵکی دەستنوێژیان دەشت و نوێژیان دەکرد لەسەر تاتەبەردەکان، تا گەیشتینە

خزمەت خۆشەویستمان کەدەستنوێژی شتبوو، ویستم دەستی ماچ بکەم: فەرمووی: جاریٚ برۆ دەستنوێژ بشۆ، دەستنوێژم شت و هاتمەوە دەستیم ماچ کرد، سیٚ پرسیارم لیٚکرد یەکێکیان ئەوەبوو وتم: مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی دەڵێت: یەکیٚ بلیٚ تەلاقم کەوتبیٚ ئەوکارە دەکەم یانایکەم تەلاقی ناکەوێت، هەندیٚ مەلای تریش دەڵێن دەکەوێت قسەی کامیانە؟

فەرمووی: قسەی قزڵجیە..پاشان کەخەبەرم بۆوە بیرم کردەوە بۆچی فەرمووی دەستنوێژ بشۆ ئنجا وەرە، وتم ئاخۆ ئێوارەکەی لەماڵی عەزیزئاغا نانمان خورادووە بلێی گومانی تیانەبێت؟

پرسیارم لەعەزیز ئاغاکرد کەپیاوێکی دیندار بوو، وتی: با لە هاوسەرم بپرسم، کەلێی پرسیبوو وتبووی: مریشکمان نەمابوو مریشکی ماڵێکی دیکە بووە هێناومانە.. ئیتر زانیم کە خواردن و دەست ودەممان پاك وحەلاڵ نەبێت بەخزمەت سەروەرمان ناگەین ئەوەش یەکێك بوو لەپەیامەکانی ئەو خەوە..



## پێشەوا تەبەری

ناوبراو لە تەبەرستان لەدایکبووەوباوکی گرنگیەکی زۆری پێدەدا وکارئاسانی بۆدەکرد بۆ فێربوونی زانست، ئەویش بەهۆی ئەوەی تەبەری تەمەنی چوار ساڵێك دەبوو باوکی لەخەویا بینی کەتەبەری لەخزمەت سەروەردا (صلى الله عليه وسلم) جانتایەك بەردی لەبەردەستایەو بەرد ئەهاوێژێت و بەرگری لەخۆشەویست ئەکات.

تەبەری لەحەوت ساڵیدا قورئانی هەموو لەبەرکرد، لەهەشت ساڵیدا تەراویحی بە خەڵك دەکردو لەنۆ ساڵیدا فەرموودەی وەردەگرت و لە دوانزە ساڵیدا کەوتە گەشتی زانستی و بەوڵاتاندا دەگەڕا، هاتە بەغداد ئیمام ئەحمەد ببینێت بەداخەوە هەواڵیان دایە کە کۆچی دوایی کردووە.

تەبەری لەپێناوی زانستدا هاوسەرگیری نەکردووەوهەمیشە پۆشتەوپەرداخ بووەو هەشتاوشەش ساڵ ژیا نەسرەوت و ئەوەی کەنووسیویەتی ئەگەر دابەش بکرێت بەسەرتەمەنیدا رۆژی هەژدە لاپەڕەی بەردەکەوێت.



ناوبراو زۆردەنگی خۆش بووە لەقورئان خوێندنداو تەفسیرەکەی قوتابخانەیەکی تەفسیرە. مێژووەکەشی کارێکی مەزنە بەلاَم دیارە مەعصوم نیە بۆیە زانایان هەستاون بەتەحقیق کردنی بەوەش ئەوەندەی تر بەهای نووسینەکانی بەرزبوونەوە.(جا ئەو خەوبینینەی باوکی بەلَگەی زانستی بێپایانی خوایە کە عالمی غەیب و شەهادەیەو ئەوەی پیشانی باوکی تەبەری داوە تا گرنگی زیاتری پێبدات ).

## دکتۆر صلاح هارون:



سالَی ١٩٧١ لەمیسر لەدایکبووە، دکتۆری دەروونیەو دەلَێت: کاتێك کە نەخۆشەکانم تەلەفونیان بۆدەکردم ودەیانووت بەقسەکانت دلَئارامیمان بۆهات، هەلَوێستەیەکم کرد و وتم: باشە ئەوانە قسەیان لەگەلَ منداکردووە وئاوا ئارامیان بۆهاتووە، ئەی ئەگەر قسەلەگەلَ خوا بکەن؟

دوای ئەوەی زانکۆم بەپلەی بەرز تەواوکرد هەموو ئاواتێکم ئەوەبوو کە ببمەوە موعید لەزانکۆ، پێنج سالَی رەبەق داوام پێشکەشی زانکۆکانی میسرکرد سوودی نەبوو، دوا زانکۆ کە تەقدیمم کرد وبەتەمای بووم،

تەلەفونێکیان بۆکردم و وتیان: بەداخەوە وەرنەگیرایت، بەیەکجاری دونیا لەبەرچاوم رەش بوو، زۆر ناخۆشە هەواڵی وابیستی پاش پێنج ساڵ هەوڵ و چاوەڕوانی، زۆرگلەییم لەبەختی خۆم کرد، دوایی بەخۆمم وت: بەخشین و نەبەخشینی خوا هەردوکیان هەربەخشینە لە راستیدا چونکە تاقیمان دەکاتەوەو پاداشت وەردەگرین، کە رۆیشتمەوە ماڵەوە کەوتمە نوێژکردن و لەفاتیحەدا زۆر لەسەر ( تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها پەنا بەتۆدەگرین)، راوەستام، زۆر گریام ، پاشان خەوتم، لەخەومدا کەسێك وتی: هەستە چۆن دەخەویت و پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر هاتووە بۆماڵتان، هەرناوی موبارەکیم بیست هەستام وبەخێرایی چوومە خوارەوە بینیم پشتی لێمە، بەدەنگی نزم بەوکەسەم وت: بۆچی خۆشەویست پشتی لێمە، وتی: ئەی تۆ دوێنێ ئەوەو ئەوەت نەووت؟

وتم: ئاخر زوو پەشیمان بوومەوەو نوێژم کردوزۆریش گریام.

وتی: تۆ خەمی دامەزراندن دەخۆێت؟دەئەوەتە پێغەمبەری خوا مژدەی دامەزراندنی بۆهێناوی.. لەخۆشیا خەبەرم بۆوە، بۆ بەیانی سوپاس بۆ خوا تەعین بووم...شایانی باسە چەند ساڵێك لەزانکۆی ئەسیوت و چەندساڵێك لە زانکۆی شاعبدالعزیز لەسعودیە مامۆستا بووەو ئێستاش لەزانکۆی پۆرسەعید لە بەشی دەروونناسی مامۆستایە.

## دكتۆر ئەحمەد كوبەيسی

لەدكتۆر ئەحمەدكوبەيسیان پرسی ئەگەر خۆشەویست ببینی (صلی الله علیه وسلم) چی دەڵێیت، وتی: ناتوانم هیچ بڵێم، ناتوانم سەیری بكەم، رەنگە لەهۆش خۆشم بچم!

جارێك لەخەوما بەخزمەتی گەیشتم هیچم بۆنەوترا، یەكێك لەویا بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ئەحمەدكوبەیسیە.

فەرمووی: دەیناسم لەفلانە وەختا بانگی دەكەین بۆلای خۆمان. كە خەبەرم بۆوە دڵم خۆش بوو كەلەو ماوەیەی دیاری كردووە دەمرم و ئەچمەوە بۆلای خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم).

كەسێك پێی وتم: تۆ بۆ وا تەئویلی دەكەیت، لەوانەیە بچی بۆحەج یان بۆعومرە! ئەوەبوو بۆیەكەم جار لەو كاتەی ئەو دیاری كردبوو لەخەوەكەدا چووم بۆعومرەو چووم بۆمەدینە، كەچوم مزگەوتەكە دوای عیشا داخرا، لەدەرەوە بەرامبەر ئارامگەی خۆشەویست تانوێژی بەیانی چاوەڕێم كردو ئنجا چوومە خزمەتی و سەلامم لێكرد!

بەڵام كەهاتمە ئیمارات كەنازونیعمەتی زۆرە ئەو خەوانەم نەما، بەڵام خەویان پێوەدیوم!

***

## سەبری ئەیوب!

سەبری حەزرەتی ئەیوب بەنموونەی بەرزی ئارامگری باس دەکرێت، بەڵام ئەو پێغەمبەری خوابوو، دواتر خوا چاکیشی کردەوەو هەمووشتێکیشی پێدایەوە و خوای گەورەش لەبارەیەوە فەرمووی: (نعم العبد انه أواب).

بەلای منەوە کەسێکی وەك کاك هاشم لەکەلار سەبری حەزرەتی ئەیوبی هەیە!

ناوبراو ساڵی ١٩٨١ماڵیان لەجەلەولا بوو لەجەنگی عێراق ئێراندا تووشی ئیفلیجی بوو، ئەوکاتە پابەندنەبوو بەئاینەوە بۆیە چەند جار هەوڵی ئەوەی داوە کە کۆتایی بەژیانی بهێنێ و هاوسەرەکەی کە دووکوڕی لێی هەیە ئازادی دەکات کەدەتوانێت شووبکاتەوە، ئەویش بەجێی ناهێڵێ و تا ٢٠١٦ کەمن بینیم ٣٥ ساڵە خزمەتی دەکات و کوڕەکانیشی گەورەبوون وهاوسەرگیریان کردووە.

دایکی هەمیشە دەست بەدوعا بوو کە خوا دڵی کوڕەکەی خۆش بکات، شەوێك مامۆستا هاشم خەو بەخۆشەویستەوە دەبینێ (صلی الله علیه وسلم) کەحەزرەتی ئەبوبەکر لەلای راستی بووە وحەزرەتی عومەریش لەلای چەپیەوە بوو، خۆشەویست پێی دەفەرموێت بۆ وا بێتاقەتی چیت دەوێت؟

خوا دەیخاتە سەرزمانی دەڵێت: عیلم و ئیمان.

سوپاس بۆخوا وازیاتر لە ٣٥ ساڵە خوا عیلم و ئیمانی پێداوە بەبەرەکەتی دوعای رەسولی نازدار.

بیرکەنەوە ۳۵ ساڵ بۆ یەکێکی لەش ساغ واتە: ۱۲۷۷۵ رۆژ واتە: ۳۰٦٦۰۰ سەعات ، واتە: ۱۸۳۹٦۰۰۰ هەژدە ملیۆن و سێ سەدونەوەدوشەش هەزار خولەك!!بەڵام بۆکەسێك کە تەنها سەری بجوڵێ،ئەوەی دەیخوا بکرێت بەدەمیەوەو هیچ جووڵەیەکی بۆنەکرێت!!ئەو ۱۸۳۹٦۰۰۰ خولەکە کەهەرخولەکێکی بە رۆژێك لێدەڕوات مەگەر هەرخوا پاداشتی بداتەوە، دیارە کەسانی تریش هەن بەهەمان شێوەن وەك کاك عەلی لەصمود کەئەویش نزیکەی ۲٦ ساڵە ئارامگرە و بەوحاڵەوە موتابەعەی ئەنتەرنێت دەکات و خۆڕاگرە کەئەوەش وێنەی کاکە عەلی یە..



***

## هیدایەتێکی زۆرسەیر!

بانگخواز نوعمان عەلی خان لەئەمەریکاوە دەڵێت: پێنج ساڵێك دەبوو نەچووبووم بۆمزگەوتی شاری فۆرت وۆرس: دەعوەتیان کردم وچووم وتارێکم دا لەسەر دوعا، دوای وتارەکە گەنجێکی میسری هات: وتی: منیش دوعام کردو خوا گیرای کرد، وتم: دوعاکەت چی بوو؟ وتی: دوعام کرد جەنابت رۆبەرت دافیلا ببینی، وتم: خۆتی؟ وتی: نەخێر هاوەڵمە وچیرۆکێکی سەیری هەیە..چوین بۆسەردانی و ئەمەش بەسەرهاتەکەیەتی: رۆبەت لەخێزانێکی جوتیاربوو بەهۆی ناتەواوی جیناتیەوە تووشی ئیفلیجی بوو تەنها سەری ئەجولاْ، لەخانەی چاودێری دانرا خزمەت بکرێت، کەتەنها ئەم تەمەنی سی ساڵێك دەبوو ئەوانی تر هەموو زۆر پیربوون.کەسوکاری کۆمپیوتەرێکیان بۆهێنابوو کەبەدەنگی ئەم ئیشی دەکرد و بەئەنتەرنێتدا دەگەڕا.

برادەرێکی لەتەنیشتەوەبوو ئەویش ئیفلیج بوو،وەك ئەم مەسیحی بوو، پێویستی بە چاندنی جگەریش بوو، یەکێك پەیدابوو پارچەیەك جگەری بداتێ و بەداخەوە برادەرەکەی لە نەشتەرگەریدا دەرنەچوو، خوشکەکەی ملوانکەیەکی براکەی بۆهێنا کەخاچێك بوو وە بەلای دیوارەکەی ئەمدا بۆی هەڵواسی بۆیادگار. شەوێکیان رۆبەرت لەخەویا پیاوێکی بینی فەرمووی: من محمدم وئاماژەی بۆ خاچەکە کردو وتی: خوا پێغەمبەرانی نەناردووە تا لە جیاتی ئەو بپەرسترێن، خوا پێغەمبەرانی ناردووە تا تەنها خۆی

بپەرستریت، وەعیساش بەندەیەکی خوابووەو بەبازاڕدا ڕۆیشتووەو خواردنیشی خواردووە.

ڕۆبەرت خەبەری بۆوە لەگوگڵ گەڕا بەدوای محمدا وئیسلامی ناسی و موسڵمانبوو، لە سکایپەوە کەسێکی میسری دەستکەوت فێری عەرەبی کردو ئنجا فێری قورئان بوو وە دەسوورەتی لەبەرکرد.ئنجا بەقەدەری خوا ڕێی لەوتارەکانی من دەکەوێت لە یوتیوب و هەموویان سەیردەکات.

میسریەك کە کاری صیانە بوو هەرچەند موسڵمان بوو بەڵام مزگەوت دووربوو لێیەوە بۆیە بۆلایەنی ڕۆحی خۆی سەردانی کەنیسەی دەکرد، ڕۆژێك بەلای ژوورەکەی ڕۆبەرتدا دەڕوات گوێی لەسوورەتی والعصر دەبێت، ئەڵێ: ڕۆبەرت ئەوە گوێ لەچی دەگریت؟ ئەڵێ گوێ لەهیچ ناگرم خۆم دەیخوێنم وموسڵمانبووم، وەگوێش لە وتارەکانی نوعمان عەلی خانیش دەگرم و خۆزگە بمبینیایە، میسریەکە ئەمەزۆرکاری تێدەکات و تەوبە دەکات و زۆردوعای بۆدەکات کە ڕۆبەرت من ببینێت، سبحان الله



خوا ڕێکی خست بچمە ئەومزگەوتەو ئنجا بەهۆی ئەومیسریەوە بچم بۆلای ڕۆبەرت.

ڕۆبەرت حەزی کردبوو بێت بۆنوێژی هەینی بەوکورسیەی بردبوویان زۆر ئازاری پشتی گەیشتبوو ئەبوایە شەش مانگ نەچێتە سەرکورسی، سێ مانگی تەواوکردبوو کەمن چووم بۆلای و وتی: سێ مانگی تر باش ببم دێمەوە بۆمزگەوت چونکە بۆ یەکەمجار لەمزگەوتا هەستم بەئارامی کرد لەژیانمدا، زۆر قسەمان کرد وشەش حەوت وتارم دا لەسەر قسەکانی کەبەڕاستی هەموویان پەندوعیبرەتن بۆئێمەی لەش ساغ کەبەداخەوە وەکوپێویست هەست بەنیعمەتە زۆرەکانی خوا ناکەین....ئەوەش وێنەی ڕۆبەرت و مامۆستا نوعامانە..

## مامۆستا هەڤاڵ لەتەقتەقەوە

دەڵێت: دوێنێ لەشاری هەولێر لەخزمەت مامۆستا مەلا ساڵح بوم، کەخەڵکی گوندی داربەڕولەی نزیك شاری کۆیەیە، لەخاڵوانمە چونکە لەگەڵ باپیرم لەدایکەوە ئامۆزان، بەسەرهاتێکی زۆرخۆشی خۆی بۆ گێڕامەوە، منیش حەزدەکەم بۆ ئێوەی خۆشەویستی باس بکەم.

فەرمووی: ساڵی حەفتاکان بۆیەکەم جار بوومە مەلا لەگوندی (تیکالۆ)ی نزیك شاری هەولێر، پێشنوێژیم بۆدەکردن و وتارم بۆدەدان،هەموو نوێژەکان زۆر بەچالاکیو گورجوگۆڵی دەچووم بۆ

مزگەوت و بانگ دان، مام حاجییەکیشی لێبوو لەبانگ هاریکاری دەکردم، تەنها نوێژی بەیانیان نەبێ نەمن و نەکەسی تری ئاواییەکە نەدەچوین، جامەلا نەچێ ئەوان چۆن بچن؟

شەوێکیان لەخەوما کەسێکی نورانی و جوان لەدەرەوەی ئاوایی بەرەورِووم هات وتیان ئەوە پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، بۆیە منیش بەرِاکردن بەرەو رِووی رِۆیشتم سلاوم لێکرد بەلام ئەو زۆر بەتورِەیی وەلامی دامەوە و فەرمووی: مەلاسالح ئەوە بۆناچی بۆنوێژی بەیانیان؟

پاشان دووپەنجەی لەچاوم نزیك کردەوە زۆربەتورِەیی وتی: سوێند بەخوا ئەگەر رِۆژێکی تر لەنوێژی بەیانیان دوا بکەوی هەردوو چاوت دەردەکەم.

لەترسا لەخەوەکەم رِاپەرِیم، نزیك نوێژی بەیانی بوو، هاتمە سەر سەکۆیەکە خەریکی دەستنوێژ هەلگرتن بووم لەم کاتەدا گوێم لێبوو ئەو مام حاجییەی هاریکاری دەکردم لەبانگدان بانگی دەکردم مەلا مەلا..



منیش وتم: بەڵێ مام حاجی. وتی: هەڵساوی؟

وتم: بەڵێ.. وتی: خێرا وەرە بۆ مزگەوت منیش واپێش تۆ دەڕۆم کورە زوو وەرە باچاومان دەرنەکەن.

کەوای وت تەزویەك بەلەشما هات زانیم مام حاجیش هەمان خەوی بینیوە.. وینەی مەلا صالح.

## مامۆستا تاریق هەمەوەندی

دەڵێت: لە قۆناغی ئامادەیی بووم، مزگەوتێکی نزیك هەبوو کەبانگی دەدا دەچووم نوێژم دەکرد، هاوەڵێکم هەبوو بەناوی بەکر کتێبەکانی مارکس و سەرانی شیوعی دەخوێندەوەو زۆرشارەزابوو، گومانی لەدڵما دروست دەکرد، منیش نەمدەزانی کوردی بخوێنمەوەو ئەوساش چەند نامیلکەیەکی مامۆستا حەبیب هەبوو، ئەوە زۆر بێتاقەتی کردبووم، شەوێکیان خۆشەویستم بینی (صلی الله علیه وسلم)گەنج بوو، لەسەرکورسیەك دانیشتبوو بانگی کردم و فەرمووی: وەرە دانیشە، منیش چووم دانیشتم دەستم خستە سەر رانی، فەرمووی: کێشەت چیە؟ وتم: ئەو بەکرەی هاوڕێم شێتی کردوم و دڵی پڕکردووم لەگومان و ناتوانم وەڵامی بدەمەوەو نازانم چیبکەم. سەعاتم لەدەستا بوو سەیری کاتەکەم کرد سەعات و نیوێك قسەی بۆکردم و دەستی هێنا بەسەردڵماو فەرمووی: مەترسە ئیتر ئەو رادەکا

لەتۆ..لەو رۆژەوەوە بەکر رای دەکرد لێم و موناقەشەشمان هەبوایە وەڵامم دەدایەوە ورزگارم بوو.

بەکر پانزە ساڵ چوو بۆ ئەڵمانیاو هاتەوە خوا هیدایەتی دابوو، ئێستا دێت بۆ مزگەوت و نوێژدەکا.

سەرەتای نەوەدەکان چوومە لای باپیرەم لەکەلارو وتم: لەگەڵ چەند هاوەڵێکمدا ئەمانەوێت مزگەوتێك دروست بکەین، باپیریشم وتی: خانویەکم بۆ پەیدابکەن من ئەم خانووەی خۆمتان بۆ چۆڵدەکەم کە سێ لای شەقام بوو.

هەرچۆنێك بێت لە رێی خێرخوازانەوە پارەیەکمان پەیداکرد و خانویەکمان بۆکڕی و ماڵی باپیرمان کرد بەمزگەوت، ئەهلی گەڕەك پێیان ناخۆش بوو یەك پیرنەدەهات بۆ مزگەوت و ئێمەش نزیکەی ٥٠٠ قوتابی لاومان ناونووس کرد بۆ وانە پێوتنیان.

لەیەکەم بەیەکادانی بزووتنەوەیەکێتی دا مزگەوتەکەی ئێمەیان داگیرکردو ماڵێکیان تێخست، ئێمەش هیچ دەسەڵاتمان نەبوو، من زۆر خەفەتم خوارد، تەنانەت تووشی قورحەی مەعیدەش بووم لەخەفەتا.

شەوێکیان لەخەوما رەسولی نازدارصلى الله عليەوسلم بێتاقەت بوو سەردانی ماڵی باپیرمی کردو فەرمووی بابچین بۆ مزگەوتەکە، چوین و فەرمووی بانگ بدە، وتم: بانگی چی کەس نایەت، فەرمووی: بانگ بدە..بانگم داو خەبەرم بۆوە..رۆژێك ئەو پیاوەی خرابووە ماڵەکەوە هاتەلام و وتی: بەردەوام تووشی زیانی مادی دەبم وتکاتان لێدەکەم خانوویەکم

بۆبگرن و پارەی چەند مانگێکم بۆبدەن مزگەوتەکە چۆڵ دەکەم ئەوەتەی چووینەتە ناوی وەزعمان خراپە، ئێمەش خانوومان بۆگرت وچۆڵیان کردو مزگەوتەکەمان وەرگرتەوە. ئەوسا ناومان نابوو مزگەوتی عوسمانی کوڕی عەفان و ئێستا ناوەکەی بووە بەمزگەوتی موسلیم.

سوپاس بۆخوا هەرجارێك دەچم واهەست دەکەم بە تەئسیری خەوەکە کە پێغەمبەری خوای لێیە.

ئێستا کەسانێك دێن نوێژی تیادەکەن کە نازناوی یەکێکیان رووسیەو یەکێکیان شیوعیە و خوا هیدایەتی داون.



## دایکێکی خواناس

مامۆستا مەریوان کەبە ئەسڵ شارباژێرِیە بۆی گێرِامەوە کەدایکی ئافرەتێکی خواناسە وباوکی هێنایە سەر رێی نوێژکردن و، پێنج کورِوکچێکی هەیەو هەموومناڵەکانی لەسەر دینداری گەورە کردووەو، ئاواتی ئەوەبووە کورِەکانی ببنە وتاربێژ.

مامۆستا مەریوان دەڵێ: لەپۆلی یەکی پەیمانگای وتاربێژی بووم هەرچیم دەکرد حەزم لەو بوارە نەبوو، شەوێکیان لەخەوما قەرەباڵغیەکی زۆرم بینی کەچوومە پێشەوە خۆشەویستمان(صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوو کۆمەڵێك فەقێی لەدەوربوو،بانگی منی کردوفەرمووی:وەرە جێی تۆ ئێرەیە.

لەدوای ئەو خەوە دڵم دامەزرا لەسەر ئیمامەت و وتاربێژی و هەرچەند زۆر نارِەحەتی و فشارم تووش بووە بەلاَم سوپاس بۆ خوا بەردەوامم لەخزمەتی ئیسلامدا، بەفەزڵی خوا خێرخوازێك قوتابخانەیەکی ئیسلامی بۆ دروستکردین لەهەولێر، بەوەش مەدرەسەیەکی ئایینمان دامەزراند کە ١٧٠ قوتابی تیا دەخوێنێت. (بەندەش یەکەم کەس بووم کە بانگهێشت کرام بۆ وتاردان بۆ قوتابیەکان کە سوپاس بۆخوا کاریگەری زۆری هەبوو).

***

## نموونەیەک لەهیدایەت:

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دەڵێ: لەشاری سنە پیاوێکی لاسار و چەقاوەسو هەبوو بەناوی شوکورە لاتە، ئەمە هەرچی بویستایە ئەیکرد و هەرچی بیردایە دەیبرد وکەسیش بۆی نەبوو قسەبکاو خەڵك خۆی لە شەڕی لائەدا .

ڕۆژێك بەفرێکی زۆر باری بوو، بینی لە گردێکی نزیك ماڵیان چەند بێچووە سەگێك لەبرسانا قروسکەیان دێ و هەرچی گوانی دایکەکەیان دەمژن شیری تیانیە و دەم وشك و بەسەزمان .. دڵی پێیان دەسوتێ و دەچێتە لای سەروپێخانەیەك گۆشتی کولاویان بۆ دێنێ و و پاڵتۆیەکی عەسکەری سەوزی ئەستوریشی لەبەردا ئەبێ دایدەکەنێت و ئەیدات بەسەر کولانەکەیاندا، کە خۆیان ودایکیان تێردەبن بەجێیان دێڵێت .

ناوبراو شەو خەو بە حەزرەتەوە دەبینێت (صلى الله عليه وسلم) پێی دەفەرموێ: بڕۆ بۆ لای شێخ عوسمانی نەقشبەندی با فێری ئیسلامەتیت بکات . بەیانی ئەچێت بۆلای جەنابی شێخ و سەلام دەکات، دەڵێ: دەمناسی؟ جەنابی شێخ دەڵێت: مەگەر تۆ میوانەکەی ڕەسول اللە نیت؟ دەڵێ: بەڵێ، دیارە حەزرەت (صلى الله عليه وسلم)لەخەودا ئەمیشی ئاگادارکردووە، ئەم پیاوە ڕوو دەکاتە خواو حەجی ماڵی خوا دەکات و دەبێتە حاجی شوکرو اللە، لەسەرەمەرگیشدا وەسیەت دەکات نەیبەنەوە سنەو لە تەوێڵە بەخاکی بسپێرن .

## دۆستانی خۆشەویستمان:

بانگخواز عادل الناصفی ئەڵێت: هاوەڵێکی ئەندازیارم هەیە لەقاهیرە ئێستا ناساغە خوا شیفای بدات، پاش ئەوەی عومرە ئەکات وئەیەوێت بچێت بۆمەدینەی خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) لەدڵی خۆیدا ئەڵێت: ئەمانەی ئەم پاصە کەئەچن بەرەو مەدینە هەمووی میوانی خۆشەویستەکەی خوان (د.خ)، پارەی هەموو نەفەرەکان ئەدات بەسایەقەکە، بۆنوێژی بەیانی لەرەوزە کەسێك لەتەنیشتیەوە بڕێك پارە ئەخاتە دەستیەوە، کەسەیری ئەکات هەمان ئەو بڕەیە کە دوێنێ ئەم داویەتی بەسایەقی پاصەکە، دەستی کابرا ئەگرێت و ئەڵێت: پێم بڵێ ئەم پارەیە چیە؟

ئەویش چەند ئەیەوێت خۆی دەرباز بکات و هیچ نەڵێ وازی لێناهێنێ، کابرا بەگریانەوە ئەڵێت: من سۆدانیم و بیست ساڵە لەمەدینە نزیکم لەخۆشەویستەوە، هەمووساڵێ کەئەچم بۆعومرەو دێمەوە پارەی میوانەکانی رەسولی خوا ئەدەم، ئەمجارە فریانەکەوتم کەسێك پێش من دابووی، شەو زۆر پاڕامەوەوگریام تۆ بلێی سەروەرمان لێم زویربووبێ وائەو خێرەنەبوو بەنسیبم، شەو خۆشەویستم بینی (صلی الله علیه وسلم) ولێم پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەترسم لێم زویربووبی؟ فەرمووی: نا بەڵام ئەو برادەرە پارەکەی داوە، تۆی پیشان دام ئالەم جێیەدا بۆیە منیش هاتمە ئێرەنوێژم کردو کەتۆم بینی پارەکەم بۆگێڕایتەوە..

بەڕاستی ئەوەش پێشبڕکێیە لەخێرو خۆشویستنی خۆشەویستا ..منیش کەلەگەڵ کۆمپانیای پارەزان چووم بۆعومرەو کاك حاجی ئامانجم بینی خزمەتی زیارەتکاران ئەکات، وتم: خۆزگەم بەخۆت خزمەتی میوانانی رەسول الله ئەکەیت ..کاك حاجی فرمێسك زایە چاوەکانی..خوا لێی قبوڵ بکات و لەگەڵ ئەو سەروەرەدا حەشری بکات وئێمەش لەدۆستانی ئەو زاتە ئەژماربکات ..ئامین..




***

## بەسەرهاتێکی کاک ئەحمەد شەش پەنچە

ڕەمەزانی ئەمساڵ ٢٠٢٠نزیکی جەژن بوو، دوای نوێژی نیوەڕۆ لەمزگەوت هاتینە دەرەوەحاجی زۆراب حاجی کاکەوڵا وتی: ما مۆستا کارزان دوێنێ ئێوارە کاك ئەحمەد شەش پەنچە تەلەفونی بۆم کردم وتی: سێ ماڵی هەتیوباری دەست کورت هەن مەردی خوابن با شتێك بکەین وئەوماڵە بێنازانە پڕبکەین لەخۆشی ..

کاك ئەحمەد تا شەو دووسێجار تەلەفونی کرد دەیووت زۆر پەرۆشم هەرچۆنێك شتێکیان بابۆبکەین، حاجی زۆراب پێی وتم پارەت لاماوە بینێرین بۆ کاك ئەحمەد بیگەیەنێتە ئەوماڵانە، وتم: حاجی زۆراب بەخوا پارەیەکی زۆرم لابوو لەگەڵ خواردندا، گشتیم دابەشکردووە بەس بڕێك پارە ماوە وەعدم داوەتە بڕێك ماڵی هەتیوبارو کرێچی بۆیان ببەم، وتم: حاجی زۆراب کاك ئەحمەد پیاوێك ئیمانداره پەلە مەکە خوا ئەینێرێ، بۆ بەیانییەکەی پیاوێك هات بۆ دوکان بۆلام و مەبلەغێك پارەی باشی هێنا. منیش دوای نوێژی نیوەڕۆ دامە دەست حاجی زۆراب وتم: پێش ئێوارە بیگەیەنە کاك ئەحمەد پارەمان بۆ هەرسێ ماڵەکە نارد..

حاجی زۆرابیش مەردانە بڕی ١٥٠هەزار دیناری خۆیشی خستە سەرپارەکەو بردی، کاتێك پارەکە گەشتە کاك ئەحمەد شەش پەنچە لەخۆشیدا پڕچاوی بوو لەفرمێسك وتی ئۆخەی خوایەگیان شوکربۆتۆ نەمردم هەتائـەوماڵە هەتیوبارانە پۆشتەو تێرئەبن بۆچەژن، ، برادەرێکی کاك

ئەحمەد شەوێکی ڕەمەزان خەوی بە پێغەمبەری خواوە بینیی بوو کە پێغەمبەرصلی علیه وسلم کیسەیەك چکلێتی دابوویەو فەرمووبووی ئەم چکلێتە بدە بەکاك ئەحمەد شەش پەنچەو پێی بڵێ انشاءالله ئەهلی بەهەشتە، وەبا کتێبی (طریق الي الجنة) بخوێنێتەوە، کاك ئەحمەد کەکتێبەکەی دەستکەوتبوو، ڕۆشتبوو بۆ لای مامۆستایەك زۆرگریابوو وتبوی سوێند بەخووا مامۆستا ئەوەی لەم کتێبەدا نوسراوە من چەند ساڵە ئەنجامی ئەدەم یەك وشەی نیە جێبەجێم نەکردبێت .

شایانی باسە کاك ئەحمەد خەڵکی کەلارەو کاتی خۆی یەکێك بووە لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی.وەزۆرلەمزگەوتەکانی کەلار دەستی خێری ئەوی تیایە. نوسینی کارزان عوسمان



## سەلام لەسەرووەرمان (صلى اللّٰه علیه وسلم):

شێخ ڕەزا مەلا حەفجی کەزانایەکی سوریایە ئەڵێت: خاڵی هاوسەرم (حاجی محمد سوڵتان) ئەیویست بچێ بۆحەج هاتە لام و وتی: نازانم چیبکەم هەرچی ئەمبینێت ئەڵێ سەلامم بگەیەنە بەرەسولی خوا (صلى الله علیه وسلم)، ئەترسم هەموویانم بیرنەکەوێتەوە، منیش پێموت: ئاسانە هەرچی وای وت: بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا فلاَن کەس ئەوەتا سەلامت لێدەکات، دڵنیابە ئەگات پێی، وتی: جا ئەوە چۆن ئەبێت لەوە ئەچوو زۆر قەناعەتی نەبێت، ئەوە سێ شەممە بوو بەیانی پێنج شەممە هاتەوە لام ئەگریا و وتی: ئەمشەو لەخەوما لە (باب السلام)ەوە لەگەڵ جەنابتانا چوومە ژوورەوەو وتیان (صدقات)ی بینینی سەروەر بدەن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٢ ﴾ **المجادله.**



داماں و ڕۆیشتین بەرەو لای کەدانیشتبوو خەڵکی زیارەتیان ئەکرد، هەرکەبینیمی فەرمووی تۆ حاجی موحەممەدی حەڵەبیت؟ وتم: بەڵێ قوربان، فەرمووی سەلامی ئەهلی حەڵەبم پێگەیشت سڵاوی منیان پێبگەیەنە..ئیتر منیش کەئەوەی وت: لەوتاری هەینیدا باسم کردو سەلامەکەی سەرووەرم گەیاندە ئەهلی حەڵەب..

## لاوێکی شاری مەحمودیە:

پێشەوا بەننا ئەڵێت: لەسەروبەندی مژدەدان لەشاری مەحمودیەدا لەمیسر لاوێکی بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند ئەکەوێتە داوی کیژی مژدەدەرێکەوە، ئەوانیش مەرجی لەسەردائەنێن کەببێتە مەسیحی و لەکەنیسەدا ببێتە خزمەتکار ئەوجا کیژەکەی ئەدەنێ، ئەویش ئەبێتە مەسیحی و لەکەنیسەدا ئەمێنێتەوە، شەوێکیان لەخەویدا لەو بەهەشتەدا بوو کە نەچاو دیویەتی و نەگوێ بیستوویەتی و نەبەدڵی کەسیشدا هاتووە، سێ کەسی بەهەیبەت دێن بەرەو لای، یەکەمیان سەلام ئەکات و خۆی ئەناسێنێت کە حەزرەتی موسایە، ئەوی دووەمیشیان سەلام ئەکات و خۆی ئەناسێنێت کە حەزرەتی عیسایە، ئنجا هەردووکیان ئاماژە ئەکەن بۆ سێیەمیان و پێی ئەڵێن: ئەوە ئەناسی؟

وتی: نەخێر، وتیان: ئەوە موحەممەدە دوا پێغەمبەرو گەورەی پێغەمبەرانە. گەنجەکە: موچرکە دێت بەجەستەیا، حەزرەتی عیسا ئەفەرموێت: تۆ چۆن

پاشگەزبوویتەوە لەئیسلام وبوویتە مەسیحی لەکاتێکدا من ئیمانم بەموحەممەد (صلى الله عليه وسلم) هێناوە؟

گەنجەکە گشت گیانی ئەنیشێتە سەر عەرەق لەشەرما، ئەیەوێت داوای لێبووردن بکات زمانی ئەبەسرێت و هیچی بۆناوترێت.

سەرووەرمان (صلى الله عليه وسلم) دڵنەوایی ئەکات و ئەفەرموێت: ئەگەرئەتەوێت ئیمانەکەت راست بکەیتەوە بچۆ بەرەوسەرەوەی بەهەشت و لەژێرسێبەری فلأنە درەختدا ئەبوحامیدی غەزالی دانیشتووە با وانەی ئیحیا علوم الدين ت پیێ بلێ .کەئەچێت ئەبو حامید ئەڵێت: بەخێرهاتی ئەی ئەوەی کە رەسول الله (صلى الله عليه وسلم) ناردویەتی، هەربابەتێکی ئیحیای بۆدەخوێندەوە تەمومژێکی سەردڵی دەڕەویەوە، کەخەبەری بۆوە تەواودڵی شۆرابۆوەو لەکەنیسە دەرچوو کتێبی ئیحیای پەیداکردو بەردەوام دەیخوێندەوە، تاوای لێهات خەریك بوو هەمووی لەبەربکات..

جا پێشەوا بەننا وتی: وای لێهاتبوو هەرچیمان لاروون نەبوایە لەئیحیادا ئەگەڕاینەوە بۆلای ئەو..لا٦٢ (الإخوان أحداث صنعت التأريخ )بەرگی یەکەم..

## من لەتۆ رازیم:

کاك حاجی ئاری پارچەی ئوتومبیل ئەفرۆشێت لە ناوچەی پیشەسازی سلێمانی وتی: چەند ساڵێك لەمەوبەر لەرەمەزاندا زۆر هاوکاری ماڵێکم کرد منالێ بێباوکیان هەبوو، ژنەکە زۆر دوعای بۆکردم، منیش عادەتی هیچ

شەوێکی ڕەمەزان تا پارشێو ناخەوم، شەوی ٢٧ دوای ئەوەی خەوتم: سەروەرم بینی صلی الله علیه وسلم بەرەو ڕووم هات و مەدالیایەکی کردە ملم و فەرمووی: من لەتۆ ڕازیم.

## حاجی سولەیمان قابیلی:

زۆرجار گوێم لەمامۆستا نەشئەت غەفووربووە بەرەحمەت بێت بەخێر باسی ئەو پیاوەی کردووە بۆمان..

ناوبراو لەسەرداوای دەعوە کتێبخانەی (الأخوة الإسلامیة)ی دانا لەساڵی ١٩٥٣ وتا ١٩٩٥ بەردەوام خزمەتی بەکتێبی ئیسلامی کرد.هەرچەند زۆر تووشی لێپێچینەوەو ئازاردان بۆتەوە .کتێبی (مبادیء الإقتصاد الإسلامی) نووسیوەو کتێبی ئەسراری ماسۆنیەتیشی لەگەڵ نورەدینی واعظ لەتورکیەوە وەرگێراوەتە سەرزمانی عەرەبی .



میراتیەکی زۆری بۆمایەوەو خزمەتی هەژارانی پێکردو نیوەی مووچەکەشی هەمیشە ئەکرد بەخێر.

مامۆستا سولەیمان زۆرخەمی بوو کە پارچە وەرەقەیەك نەکەوێتە

سەرزەوی کەناوی خوای تیابێت، هەرلەبەرئەوەش بوو کەلەسەر عەریزە بسم الله ی نەئەنووسی.

لەکتێبخانەکەیدا ئەوانەی سەردانیان ئەکرد هانی ئەدان بخوێننەوە بەوەش چەند نووسەرێکی بەتوانا دروست بوون کە جیٚ پەنجەیان دیارە .

کاتێك چاپێکی قورئان دەرئەچوو چەند نوسخەیەکی ئەدا بەچەند برایەك تابەوردی پیابچنەوە نەك هەڵەیەکی چاپی تیابێت، بۆخۆشی وردبوونەوەی هەبوو بۆ قورئان جارێك وتی: ئەگەر لەم ئایەتەدا وشەی (رشدا) ئەلف و لامی ببوایە ئەوە ئیستیغلال ئەکرا و بەزیانی منالّی بێباوك تەواو ئەبوو ﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ وَلَا تَأۡكُلُوهَآ إِسۡرَافٗا وَبِدَارًا أَن يَكۡبَرُواْۚ وَمَن كَانَ غَنِيّٗا فَلۡيَسۡتَعۡفِفۡۖ وَمَن كَانَ فَقِيرٗا فَلۡيَأۡكُلۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِذَا دَفَعۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡ فَأَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا ٦﴾ النساء. خوا لیٚی خۆش بێت بۆ گەیاندنی پەیامی خواژیاو بەخواناسی وجوامێری سەری نایەوە..

### باحاجی سولەیمان قابلی پێشنوێژی بکات:

مامۆستا صبحی داودی ئەڵێت: مامۆستا سولەیمان قابیلی کەساڵی ١٩٢٦ لەکەرکوك لەدایك بووەو ساڵی ١٩٩٥ هەرلەکەرکوك کۆچی دوایی کردووە، پیاوێکی بۆخوا سوڵحاوبوو، وەلیەك بوو لەئەولیاکانی

خوا، سەردەستەی برایانی کەرکوك بوو، کە لەکۆلێژی ماف بوو لە ساڵی ١٩٤٦ لەبەغدا مامۆستایەکی بەخراپ باسی سەروەرمان ئەکات، ئەویش ئەچێتە سەری بۆژوورەکەی خۆی و پەلاماری ئەدات لەسەر ئەو بێ ئەدەبیەی و لەسەرئەوە فەسڵ ئەکرێت، هەرچەند دوایی هەوڵی بۆئەدرێ و ئەتوانێ خوێندنەکەی تەواو بکات ناچێتەوە و ئەبێتە فەرمانبەر لە دادنووسی کەرکوك.

شەوێکیان مامۆستا صوبحی سەروەرمان ئەبینێت کەدێتە کۆڕی برایانەوەو کاتی نوێژدێت داوا لە حاجی سولەیمان ئەکات کەئەو پیشنوێژیان بۆ بکات.

## دوومژدە بۆلاوێک:

شێخ عیماد حەمتۆ لەبەرنامەی (قلوب مطمئنة ) لەرادیۆی قودس ئەڵێت: لاوێك پەیوەندی پێوەکردم و وتی: یاشێخ سێ شەوە بەخزمەت خۆشەویست نەگەیشتووم، منیش وتم: بۆتۆ هەمووشەوێك بەخزمەتی ئەگەیت؟ وتی: بەڵێ. دواتر زانیم کەئەولاوە محمد الخطیب ە لەرەفەحەوە، وتم: تۆبووی لە٢٧ ی رەمەزاندا خوا کەرامەتێکی بۆ ناردی؟ وتی: بەڵێ، وتم: چۆن بوو؟

وتی: مامۆستایەك وتی: ئەمشەو فرسەتە دوعا بکەن بەتایبەت نەخۆشەکان، منیش بیست ساڵە بەهۆی ئامێرەوە ئەبیستم، زۆر پاڕامەوەو گریام لەخەومدا بەخزمەت خۆشەویستمان گەیشتم (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی دوو مژدەت بۆهەیە یەکەم خێری شەوی لەیلەتول قەدرت

بۆنووسراوە،ئنجا هەردوودەستی موبارەکی خستە سەرگوێکانم روقیەی شەرعی بەسەرداخوێند گوێم بەربوو ئێستا بیٚ ئامێر ئەبیستم، وتم: بەچی گەیشتوویتە ئەوە؟  وتی: هەرچی ئەکەم نیەتم بۆخوایەو، هەموورۆژیٚ قاچی دایکم ماچ ئەکەم، وەرۆژی حەوت هەزار سلاٌوات ئەدەم..خوایە ئێمەش لەومژدەو موبەشیراتانە بیبەش مەکەو وامان لیٚبکە روومان بیٚت بمرین ..ئامین..




***

## ئەم بانگخوازە ئەڵێت:

پێش ماوەیەك سەردانی نەخۆشێکم کردو زۆر دڵخۆشیم دایەوەو باسی ئەم بەسەرهاتەم بۆکرد: لەحەج ئافرەتێکم بینی دوای حەجەکە عومرەی



ئەکرد خەڵکی بەیروت بوو، وتی: ئەم عومرەیە وەك سوپاسێك بۆخوا ئەکەم کە پێش ماوەیەك مێردەکەم بۆ نەشتەرگەری بڕبڕەی پشتی برد بۆ ئەڵمانیا، پاش پشکنین بڕیاردرا ئامادەی بکەن و بۆسبەی دووسبەی نەشتەرگەریەکەی بۆبکەن، شەو خەوم بە سەروەرمانەوە بینی (صلی الله علیه وسلم) دەستی هێنا بەپشتی میردەکەمدا، کاتێکم زانی مێردەکەم بانگی کردم بەئاگا هاتم بینیم مێردەکەم دانیشتووەو ئازاری نەماوە، کەبۆبەیانی پشکنینیان بۆکردەوە سەیریان کرد چاکبووە بەفەزڵ و بەرەکەتی خوا.. سوپاس بۆخوا لەبەیروت چوومە لای ئەو پیاوەو بەخزمەتی گەیشتم کەتەمەنێکی زۆر ژیاو دەستیم ماچ کرد .

## دکتۆرێکی میسری دەڵێ:

من، لە میسر زانکۆی پزیشکیم تەواو کرد، بۆ زیاتر پرەپێدای زانستیم چومە لەندەن و بۆردی علمیم وەرگرت و گەڕامەوە میسر، خێزانم پێکهێنا کە، کچی مامی خۆم بوو، دەسەڵان چاواوەڕێ ی منداڵ بووین، بەڵام خوای گەورە نەیکردە قسمەت .

ڕۆژێکیان بروسکەیەکم بۆ هات کەدەبێ بەشداری  کۆنگرەیەکی توبی لە ئەسکەندەرییە بکەم، بەیانیەکەی لەخەو ڕابووم و نوێژی بەیانیم کردو هاوسەرەکەم جلۆبەرگی پێویستی بۆم خستە نێو جانتاو قاوەیەکی بۆ تێکردم و لە باڵکۆنەکەیماڵەوە یەك دوو مژم لێدا و فنجانەکە لەدەستم کەوتە خوارەوەو شکا، خێزانەکەم گووتی: ئینشائەڵڵا خێری تێدایەو من و خێزانەکەم وتمان، خوا کەریمە منداڵێکمان پێببەخشێ، چونکە هەموو دوعاو نزاو لاڤەمان تەنهاوتەنها منداڵێك بوو کە، ژیانمان پێی خۆشێ ...

دەستم دایە جانتاکەم خودا حافیزیم لە هاوسەرەکەم کرد و، بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر چووم، حەزم کرد بەشەمەندەفەر بچم نەك بە ماشێن، چونکە کاتی کۆنگرەکە پاش عەسر ساز دەدرا، لە نیو فەرگۆنی  لەتەنیشت پەنجەرەکە دانیشتم، دەستم کرد بەڕۆژنامە خوێندنەوە، دوو سەرنشین هاتن پیاوێکی بەتەمەن و کوڕێکی جەحێڵ، کوڕەکە وتی: ئوستاد تۆ وەرە ئێرە با، باوکم لێرە دانیشێ تۆ وەرە ئێرە، با لەلای باوکم دانیشم چونکە نەخۆشە، وتم شتی وا نابێ من پێشتر هاتوومە و شوێنی خۆم گرتووە، با، باوکت لێرە

دانیشیَ تۆش لەمبەر، دیار بوو باوکی پێیووت: ڕۆڵە بڕۆ لەویَ دانیشە، ئوستاد ڕاست دەکا...

کاورا زوو زوو سەری لار دەبۆوەو ورتە ورتی لەدەمەوە دەردەچوو، دکتۆریش بە دۆخی پیاوەکە قەڕس دەبوو، دیار بوو، مامەی پیرە هەر دووعای دەکردو سەلەواتیش لەسەر ڕۆحی پێغەمبەر وێردی سەرزبانی بوو، نە جاریَ، نە چەند جار وەخۆ دەهاتەوەو شوکرانەی خودای دەکرد، پیاوە پیرەکە زانی ئوستاد پێی قەڵسە پێی وت، ئوستاد لیَم مەگرە من نەخۆشم دەچمە خەستەخانە دەڵێن ئیمڕۆ دکتۆرێکی پسپۆر سەردانی خەستەخانە دەکات، کەلەنەخۆشی من پسپۆرە . وتم ناوی دکتۆرەکە چییە ؟

وتی: ناوی عەبدوللایە خەڵکی قاهرەیە، بەس کۆنگرە هەیە بەشدار دەبیَ و پاشان دەچێتە خەستەخانە، منیش بە و ئومێدەم ئەو پشکنینم بۆ بکات و دەڵێن خۆش پیاوە.

دکتۆر وتی: کەناوی منی هێنا پێم سەیر بوو، وتم: تۆ ئەو دکتۆرە دەناسی؟

وتی: نەوەڵا، بەڵام شەو بەخزمەت پێغەمبەری خوا گەیشتم (صلی الله علیە وسلم) فەرمووی: بڕۆ لای ئەو و مژدەی منداڵبوونی پێبدە . بەو ناونیشانەی کە قاوەی خواردۆتەوە فنجانەکەی لە دەست کەوتۆتە خوارەوەو شکاوە، خۆی و خێزانیشی دوعایان کردووە کە خوای گەورە منالێکیان پێببەخشیَ .

هەروەها پێغەمبەر فەرمووی: پێی بڵیَ دوانەیەکیان دەبیَ کوڕن.

وتم : ئەو دکتۆرەی بۆلای دەچی منم . زۆر گریام و هەر زوو تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەم کرد، هەرئێستا برۆ لای فلأنە دکتۆری ئافرەت با پشکنینت بۆ بکا.

دکتۆر وتی: تەلەفۆنم بۆ خەستەخانە کرد کە شوێنێك ئامادە بکەن بۆ پیاوە نەخۆشەکەو، شەو خۆم دێم نەشتەرگەری بۆدەکەم، لە شەمەندەفەر دابەزینو ئەو بۆ خەستەخانە چوو، منیش بۆ ئۆتێل، خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەکە، پاش نیوەڕۆ هاوسەرەکەم تێلی کرد مزگێنی دامێ کە دووگیانە، وتم ئافرەت دووگیانی بەڵام دووانەشە، با پێشت بڵێم هەردووکیان کوڕن، ناویان دەنێین محمد و یوسف.

دکتۆر وتی، شەوچووم نەشتەرگەریم بۆ پیاوەکە کردو، تێچووەکەیم هەموو خستەسەر خۆم . خوای گەورە زانایە لە سەر هەموو شتەکان، پاشان دوو کوڕمان بوون، ناومان نان محمد و یوسف..ئەبوبەکر شوان ( خادیم ) وەریگێڕاوە.

***

## بانگخواز شێخ فواز النمر دەڵێت:

وەستایەکی بینا بەناوی (باوکی محمد) لەشام بەدەم کارکردن و بلۆك دانانەوە بەردەوام سەلاّواتی ئەدا، شەوێك خەو بەنووری چاومانەوە ئەبینێت (صلی الله علیه وسلم) کەپێی دەفەرموێت: باوکی موحەممەد موشتاقی دیدارتم سەرێکمان لێنادەی .. الله أكبر لەو موژدە خۆشە، ئەمیش بۆ بەیانی کەئەمە بۆدۆستێکی دەگێڕێتەوە، دۆستەکەی دەڵێت: پەساپۆرتەکەت بێنەو هەرچەندی تێدەچێت من دەیدەم برۆ بۆعومرە بۆزیارەتی رەسول الله (صلی الله علیه وسلم)..جا پیاوێك کورەکەی لەبەردەستیا دانابوو نەك بۆئەوەی پارەی بۆ پەیدا بکات بەڵکو بۆئەوەی بەبەرەکەتی ئەو پیاوە ساڵح ببێت ..بەراستی هاوەڵی ساڵحان نیعمەت و بەرەکەتە خوا پێمان ببەخشێت ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ١١٩﴾ التوبة.

## لەرۆژانی ئەزمەکەدا میوان ئەبیت لای ئێمە:

بانگخواز فواز النمر لەشام ئەڵێت: باوکی ئەنوەرلە ئال صەباغ شەوێك خەو بەسەروەرمانەوە دەبینێت (صلی الله علیه وسلم) پێی ئەفەرموێت: لەکاتی ئەزمەکەدا میوان ئەبیت لای ئێمە،ئەویش ئەڵێت: ئاخر ئێمەزۆرین (خۆی و ماڵومناڵی و دایك وباوکی نۆ نەفەربوون)،ئەویش ئەفەرموێت: ئاخر تۆش زۆر خواردنت داوە بەخەڵکی ومیوان دۆست بوویت.. دوای

سێ ساڵ که باسی ئەزمەی سوریا هاته ئاراوه خەوەکەی بیرکەوتەوەو وتی: خوایه ئەوه ئەزمەکه دەستی پێکرد ئەی کوا میوانیەکە؟؟..



بەڕێوەبەری نووسینگەکەم بەتەمای حەج بوو، ئەبوئەنوەر دەچێتە لای بۆ خواحافیزی و حاڵەکەی بۆ باس ئەکات، ئەویش ئەڵێت: برۆ فلاَن کۆمپانیای حەج داوای ڤیزە بکە بۆحەج، ڤیزەی تایبەتی بۆهاتەوەو ئەوه چەند ساڵێکە لەمەدینه میوانی ڕەسولی خوایه..

## ئەولیایەکی خوا

حاجی مەلاشەریفی سەعاتچی یەکێ بوو لە ئەولیاکانی خوا لەسلێمانی، کاك خەباتی کوڕی حاجی جەزای کوڕی حاجی مەلاشەریف وتی: مستەفای برام شیره خۆره بوو، باپیرم وتی: ئەمشەو لەخەوما دەستی مستەفا بەدەستی خۆشەویستەوه بووه(د.خ)، بۆیه پشت بەخوا ئەم کوڕه ساڵح و خواناس دەبێت، سوپاس بۆخوا ئێستا مستەفا هەرچەند بەشی ڕووپێوی پەیمانگای

تەواوکردووە لە کۆمپانیای تیۆتا کاردەکات و سوپاس بۆ خوا شارەزایەکی باشە لە ئوصولی فیقهداو روو لەخوایە .



## زانای فەرموودەناسی سوریا

شێخ نورەدین عیتر زانایەکی خواناسی فەرموودەناس بوو لەحەڵەب، ساڵی ١٩٣٧لەدایکبووەو ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە، ساڵی١٩٥٤ بەپلەی یەکەم سانەوی تەواوکردووەو چۆتە کۆلێژی ئەزهەرو ساڵی ١٩٥٨ تەواوی کردووەو ساڵی ١٩٦٤ دکتۆرای بەتەقدیری مومتاز وپلەی شەرەف هێناوە لە زانکۆی ئەزهەر لەقاهیرە لەزانستی فەرموودەدا.

ساڵی ١٩٦٥ تاساڵی ١٩٦٧ مامۆستای فەرموودە بووە لەزانکۆی ئیسلامی مەدینەی پیرۆز و پاشان ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە سوریاو

مامۆستا بووە لەکۆلێژی شەریعە لەزانکۆی دیمەشق وکۆلێژی ئادابی حەڵەب، لەزۆر زانکۆی تریش خزمەتی کردووە و پەنجا کتێبی هەیە.



دکتۆر خوشکەزای شێخی ئیسلام شێخ عەبدولاّ سیراجودینەو هەم زاواشێتی، دکتۆر بەهۆی ئەوەی کەتێکەڵبووە لەگەڵ ماڵی خاڵیدا باسی هەندێ لایەنی ژیانی خاڵی دەکات کە پەندی زۆری لێوەردەگیرێت .

دکتۆر نوورەدین عیتر لەبارەی خاڵیەوە کەخەزووریشێتی ئەڵێت: شێخ عەبدولاّ کوڕی زانای گەورە شێخ محمد نەجیب سیراجودینە وساڵی ١٩٢٤ لەشام لەدایکبووە.

ئەڵێن شێخ سەلیم خەلەف خەو ئەبینێت بەسەروەرمانەوە (صلی الله علیه وسلم) مناڵێکی لەباوەشدایەو شیری ئەداتێ، لێی دەپرسێت ئەو مناڵە کێیە؟ ئەویش ئەفەرموێت: ئەوە لەنەوەی خۆمانەوکوڕی شێخ محمد نەجیبە (کەئەچنەوە سەر حەزرەتی حوسەین خوا لێی رازی بێت). لەسەردەستی

باوکیدا پەروەردەیەکی ئیمان چاك کراوە،لای چەند زانایەکی پایەبەرزیش زانستی وەرگرتووە وەکو شێخ محمد سەلقینی، کە دوومانگ پێش ئەوەی وەفات بکات قوتابیەکی لێی دەپرسێت وانەت وتۆتەوە بە شێخ عەبدولاّ ئەویش وتی: پێم شەرمە بلێم وانەم پێووتووە، راسترە بلێم بەیەکەوە وانەمان خوێندووە.

شێخ عەبدولاّ لەپۆلی شەشەمی قوتابخانەی خوسرەویە ئەبێت دوومانگ پێش تەواوبوونی ووەرگرتنی بڕوانامە مەنهەجی قوتابخانەکە ئەگۆڕن و گوایا ئەبێت ئەوانەی پۆلی شەش بچنەوە پۆلی چوارو مەنهەجی تازە بخوێنن، ئەویش وازی لێدێنێت وخوای گەورەش هەقی بۆدەکاتەوەو لەهەموو لایەکەوە داوای تەدریسی لێدەکەن.

شێخ بێجگە لەوەی هەموو قورئان و ئەلفیەی ئیبن مالیکی لەبەربووە هەرشەش کوتوبی سیحاحی فەرموودەی لەبەربووە کەنزیکەی سەدهەزار فەرموودەبووە.

جارێك دووکەسی شاری حەما دێنە لای شێخ لەبەرئەوەی یەکێکیان تەلاّقی لەسەر ئەوە خواردبوو کە شێخ سەدهەزار فەرموودەی لەبەرە، شێخیش ئامۆژگاری کرد کەجارێکی تر تەلاّق بەدەمیا نەیەت و وتی: تەلاّقەکەشت نەکەوتووە.

ئەم زانایانە ئەوانەن کەخوای گەورە بەحیکمەتی خۆی ئەیانێرێت تا پەیامەکەی بگەینن بە خەڵکی هەروەك خۆشەویستمان ئەفەرموێت ( لا يزالُ اللهُ يغرِسُ في هذا الدِّينِ بغرسٍ يستعمِلُهم في طاعتِه .صحيح ابن حبان ).

جارێك لەخەویا لەگەڵ خزمەتکارەکەی سەروەردا ڕەبیعەی کوڕی کەعب ئەبێت، سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) وەك لەسەفەر هاتبێتەوەو ئەمانیش مەنجەڵێك ئاوی بۆگەرم دەکەن، خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) دەست لەئاوەکە ئەدات و بەدڵی ئەبێت و بەم ئەفەرموێت: ئیتر تۆ هەمیشە لێرە خزمەت بکە.

شێخ عەبدوڵا زۆر دڵی بەم خەوە خۆش بوو کەسەروەرمان ئەوی بەخزمەتکار قبوڵ کردووە.ئەوەبوو شێخ تاوەکو تەمەنی ٧٨ ساڵی کەمردلە ٤ی ٣ی ٢٠٠٢ لەگەڵ بانگی عیشادا لەخزمەتی دینی خوادابوو لەلۆمەی لۆمەکاران نەدەترساو هەقبێژ بوو.

شێخ عەبولا سیراجودین زۆرکەم باسی خۆی دەکردو ئەم فەرموودەیەی دەگێڕایەوە: الحديث الذي رواه ابن ماجه والحاكم والبيهقي عن سيدنا معاذ رضي الله عنه أنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

اليسير من الرياء شرك، ومن عادى أولياء الله فقد بارز الله بالمحاربة، إن الله يحب الأبرار الأتقياء الأخفياء، الذين إن غابوا لم يفتقدوا، وإن حضروا لم يعرفوا، قلوبهم مصابيح الهدى، يخرجون من كل غبراء مظلمة)..

جارێك هەروا لەقسەوە هات کە لەخانووە کۆنەکەی لەحەڵەب ژوورێکی لەسەربان دروست کردبوو کە هیچ نایاسایی نەبوو کەچی کەسانی ناحەز بەدین پارێزگاریان لێهاندابوو کەگێچەڵی پێبکەن و ژوورەکەی بڕوخێنن ئەویش ئەیزانی ئەوە بۆسوکایەتی کردنە بەزانایان ملی بۆنەدان، پارێزگاری یەکەم گواسترایەوەو پارێزگاری دووەم هاتەجێی ئەویش

پاش ماوەیەك لەسەر كارلادراو پارێزگاری سێیەم هات چەند هانیان دا ئەوكارە بكات وتی: بەدوو پارێزگاری پێش من نەكراوە ئەتانەوێت بەمنی بكەن؟ بەو شێوەیە خوا بەكەرەمی خۆی پاراستی.

شێخ عەبدولا بیست و پێنج كتێبی هەیە كە یەكێكیان لەسەر شەمائیلی خۆشەویستە (صلی الله علیه وسلم)، لەگەڵ كەسێكدا شەریكیەكی كردو قازانجێكی زۆری بەركەوت، كەچی وازی هێنا لەو شەراكەتە، وتی: ئەترسم ناوی من ئیستیغلال بكات بۆخۆی و خەڵكی لەبەرخاتری من رووبكەنە ئەوو مامەڵەی لەگەڵ بكەن، شێخ تائەو پلەیە وەرعی ئەكرد.

شێخ ئەیووت: من بەندەی خوام بەناو(كە عبدالله)م ناوەولە سیفاتمدا و بەهاتنەدی بەندایەتی تیامدا، شەرەف و عیزەتی من بە بەندایەتیمە بۆخواو بەخزمەتكردنمە بۆپەڕاوی خوا و فەرموودەی پێغەمبەرەكەی (صلی الله علیه وسلم) .

من زۆرم خوێندۆتەوە لەبارەی هاوەڵانەوە شەرمیان كردووە باسی كەراماتی خۆیان بكەن لەكاتێكدا ئەوان خوا وەسفیان ئەكات كە هەمیشە هەوڵیان بۆ فەزڵ و رەزامەندی خوا بووە﴿يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا﴾

شێخ عەبدولا كەسێكی خاكی بوو حەزی بەخۆدەرخستن نەبوو، ئەگەر باسی كەرامەتێكی بكرایە ئەیووت: خوایە سەترمان بكە، خوایە سترمان بكە، وە دوعاكەی حەزرەتی ئەبوبەكری دەكرد كەدەیفەرموو: (اللهم اجعلني خيراً مما يظنون، ولا تؤاخذني بما يقولون، واغفر لي ما لا يعلمون.)

هەرکەس بهاتایە بۆلای شێخ ئەوەی باسدەکرد کەلەدڵی میوانەکەدایە، بۆخۆم جارێك نۆ پرسیارم دانابوو لێی بپرسم وەڵامی هەمووی دامەوە بێئەوەی من قسەبکەم، کەلەوبارەیەوە پێیان ئەوت: بەزەردەخەنەیەکەوە ئەیووت خوایە سەترمان بکە خوایە سەترمان بکە، هەمووی فەزڵی خواو پێغەمبەرەکەیەتی..

ساڵی ١٣٧٥ ی کۆچی کەچوو بۆحەج هاوەڵێکی لەرێگا زۆر نەخۆش ئەبێت ئەترسن بمرێت، داوا لەشێخ ئەکەن دوعای بۆبکات، ئەویش دوعای بۆدەکات و شەو لەخەودا بەخزمەت نووری چاومان ئەگات لیستێك ناوی ئەوانەی ئەداتێ کە لەگەڵیدا هاتوون بۆحەج و ئەشگەرێنەوە،کە ئەیخوێنێتەوە ناوی ئەو هاوەڵەشی تیائەبێت،بۆبەیانی مژدەیان ئەداتێ وپاشان هاوەڵەکەی بەفەزڵی خوا چاك دەبێت.

ساڵی ١٣٨٥ کەلەگەڵ دایکما (کەخوشکێتی ) بەفڕۆکە چوون بۆحەج، وە فڕۆکە بەپێنج شەش سەعات لەدیمەشقەوە ئەگەیشتە جەددە، فڕۆکە کە کێشەی کارەبایی بۆدروست بوو، تاقمی فڕۆکەوانیەکەو سەرنشینان زۆر ترسان بکەوێتە خوارەوە، شێخ کەوتە پاڕانەوەو بەهاوەڵانی وت: مەترسن سەرووەرمان ئەفەرموێت: حاجی و عومرەکار میوانی خوان، خواش رێز لەمیوانی خۆی دەگرێت و وەڵامیان ئەداتەوە(الحجاج والعمار وفد الله – أی: ضیوف الله – إن دعوه أجابهم، وإن استغفروه غفر لهم).سوپاس بۆخوا بەسەلامەتی گەیشتنە جەددەو کابتنی فڕۆکەکە (کەبیانی بوو)هاتەلایان و

وتی: کەسێکی گەورەی خاوەن پلەومەقامتان تیایە خوا لەبەرئەو رزگاری کردین..

پێش مردنی بە سێ ساڵ لەوڵاتێکی دوورەوە کوڕی کابرایەکی ناوداریان هێنا بۆلای کەتووشی نەخۆشی دەروونی بووبوو، میسرو سعودیەو زۆر وڵاتی تریان پێکردبوو لەپزیشك و پیاوچاکان سوودی نەبوو، پێیان وتبوو بچۆرە حەڵەب زانایەکی لێیە دوعای بۆبکات دوعای قەبوڵە، کەهاتن ئەویش وتی: خوایە سەترمان بکەو رێز لەخۆمان ومیوانمان بگرەو گومانی باشیان پێمانەو نائومێدیان مەکە، ئنجا دوعای خوێند بەسەرئاوداو داوای لێکردن هەندێ ئایەتی تایبەت بخوێنن وئاوەکەی بدەنێ بیخواتەوە، ئەوەبوو خواشیفای دا..

زۆر ئافرەتیش کەمناڵیان نەئەبوو وە پزیشکان دەستەوسانبوون لەبەرامبەریاندا ئەم رێنمایی ئەکردن بۆهەندێ دوعاو ویرد وخۆشی دوعای بۆئەکردن ئەوەش ئەبووە مایەی ئەوەی کەخوا مەحرومیان نەکات لە نیعمەتی مناڵ .



## کەخوا ویستی شتێک ببێت هۆکارەکانی بۆ دەڕەخسێنێت:

دکتۆر نورەدین عیترلەبارەی خاڵیەوە کەخەزوریشێتی ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٠ کە کێشە لەسوریا سەری هەڵدا چوو بۆ عومرەو لەمەدینە مایەوەو کێشەی ئیقامەی هەبوو، ئەوەبوو رۆژێکیان وەزیری نەوتی سعودی ئەحمەد زەکی یەمانی لەکۆڕێکی یادی سەروەردا ئەبێت باسی ئەوە ئەکات کەلەخەویا لەکەسێکەوە شنەیەکی بۆنخۆشی سەروەری بۆهاتووە، پێی ئەڵێن: پیاوباشێك لێرەیە رەنگە لای ئەوەوەبێت،ئەویش لەگەڵ وەزیرێکی سۆدانی و چەندکەسایەتیەك کە شێخ عومەری مەلا حەفجیشیان لەگەڵ بوو هاتنە ماڵەوەو شێخیش زۆر ریزی گرتن و ئنجا ئەوکتێبەی خۆی دایە کە باسی شەمائیلی ئەو زاتەبوو بەدەست وخەتی خۆی پێشکەشی کردو وتی: ئەوە ئەوەیە کەدیوتە.

پاش ماڵئاوایی لەگەڵ میوانەکاندا رۆیشتم بەرێم کردن و هەندێ باسی شێخم بۆکردکە قەرزاری ئەوین لە زانستی فەرموودەداو ئەویش وتی: هیچی پێویست نیە؟وتیان: ئیقامەی ئەوێت، وتی: ئەوە ئاسانە پەساپۆرتەکانیان بهێنن بۆنووسینگەکەم ئەوەبوو ئیقامەی پەرستشی بۆوەرگرتن، شێخ چوارساڵ مایەوە وئەیووت: ئێمە بۆپەرستش لێرەین ونابێ هیچی تر بکەین.زۆر داوای لێدەکرا بگەڕێتەوە ئەویش ئەیووت من بەفەرمانی سەروەر لێرەم و بەفەرمان وئیزنی ئەویش ئەگەڕێمەوە، ئەوەبوو چۆن لەخەودا ئاگادارکرابوو بمێنێتەوە ئاوا لەخەویشدا سەروەرمان فەرمانی پێکرد بگەڕێتەوە.

شێخ بۆ زۆرکاری خۆی تا خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) ڕێنمایی نەکردایە لەخەودا نەیئەکرد.

شێخ قوتابخانەی شەعبانیەی دامەزراند کە خزمەتێکی زۆری بەزانستی ئیسلامی گەیاندو خەڵکانێکی زۆری تیا پێگەیاند.

ناوبراوکە ویستی سەفەربکات بۆدیمەشق تا سەفەر بکات لەوێوە بۆ مەدینە سێ جار گەڕایەوە بۆلای دایکی ئامۆژگاری کەسوکاری کرد کە ئاگایان لەدایکی بێت، دوای سێ مانگ دایکی کۆچی دوایی کرد لەبەر تەندروستی شێخ لێیان شاردەوە، خۆی شەو لەخەودابینی پێی وت: کوڕم خەڵکی بۆلەمردن ئەترسن؟مردن ترسی نیە، ئەوەتا من کلیلی خانوویەکی خۆشیان داومەتێ، کەی بمەوێ دەچمە ناوی و کەی بمەوێ یەمە دەرەوەو دایدەخەم.

شێخ عەبدولاّ زۆر بەخزمەت سەروەرمان دەگەیشت (صلی الله علیه وسلم) لەخەودا، جارێکیان خۆشەویستمان بەپێشەوا عەلی فەرموو کەعەباکەی سەروەر بکاتە بەری شێخ، جارێکی دیکەش خۆی بەدەستی موبارەکی عەباکەی خۆی کردە بەری شێخ عەبدولاّ .

شێخ مانای پەرستش زۆر فراوان بوولای، پزیشکێکی جەڕاح هاتە لای و وتی: دەمەوێ بچم بۆ عومرە، ئەویش فەرمووی ئەگەر لێرە نەخۆش پێویستی پێت بێت ئەوە مانەوەت لەپێشترەو خێری عومرەکەشت بۆدەنووسرێ، ئەویش وتی: ئەونەخۆشانەی لام بوون هەموویان نەشتەرگەریم بۆکردوون

ودوانیشم لە جێی خۆم داناوە کارەکان پەکیان ناکەوێت، وتی: ئەگەر وابێت ئەتوانی بچیت .

لەدوا رۆژەکانی تەمەنیدا زۆر خەوی بەباوکیەوە دەبینی کە پێی دەوت: پلەت باش بەرزبۆتەوە وەرە بۆلامان تامەزرۆی بینینتین، وە جارێکیش جێگاکەی لە بەهەشتا پیشان دابوو.

## شێخ عبدالرزاق الحلبی:

ناوبراو ساڵی ١٩٢٥ لەشام لەدایکبووەو باوکی لەگەڵ بازرگانیکردندا خەریکی زانست و زانین و کۆڕی زانایان بووە، دایکیشی کچی موفتی شامی ئەو کاتە بووە.

تەمەنی نۆساڵێك دەبێت باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەبێباوکی گەورەدەبێت، ساڵی ١٩٣٨ سەرەتایی تەواودەکات و دووساڵێکی تریش دەخوێنێت دوایی واز لەخوێندن دێنێ لەبواری رستن و چنین دا کاردەکات و لەخوێندنی لای زانایانیش دانابڕێ و مۆڵەتی زانستی هەردە قیرائەتەکەو مۆڵەتی دیکەش لای زانا ناودارەکانی ئەوکاتەی سوریا وەردەگرێت ولەگەڵ ئەوەدا کەپێش نوێژو وتارخوێن بووە شەست ساڵ زیاتر بەسەدان قوتابی پێگەیاندووە لەبواری قیرائات و بوارەکانی دیکەی زانستەئیسلامیەکاندا .

ناوبراو لە جەمعیەی فەتح و پەیمانگای فەتح و ڕێکخراوی خێرخوازی (نداء)دا کاری گەورەی کردووە.

ناوبراو لەکاتی قورئانخوێنندا گیانی سپاردو هەرسەر ئەو وەزعەش زیندوودەکرێتەوە، کەئەو هەموو ژیانی بۆخزمەتی قورئان بوو. ئەم زانا پایەبەرزە لەهەموو ژیانیدا بەڵێی بۆ حافزئەسەدو کوڕەکەی نەکردو ساڵی ٢٠١٢ لەتەمەنی ٨٧ ساڵیدا دونیای فانی بەجێهێشت.

## برۆ پێداویستی کوڕەکەمان جێبەجێ بکە..

شێخ عبدالرزاق حەڵەبی دەڵێت: لەساڵانی شەستەکاندا بەڕێوەبەری فەرمانگەی فەتوا لە بەیروت کەکاری فەتوادان بوو، بیست ساڵ زیاتر لەخانوویەکی کرێدا بوو، ڕۆژێك خاوەنەکەی هات و داوای کرد بۆی چۆڵ بکات، ئەویش وتی: هەقی خۆتە بەڵام مانگێك مۆڵەتم بدەری.

مامۆستا کتێبخانەو کەلوپەلی ماڵی عەرزکرد بۆفرۆشتن سابەڵکو هیچ نەبێت ژوورێکی قوڕی پێبکڕێت وخۆیو ماڵ ومناڵی تیایا دانیشن، ٢٩ ڕۆژ ڕۆیی خەڵکی پێیان شەرم بوو ماڵی موفتیەکەیان بکڕنەوە، دواهەمین ڕۆژ کەسێك لەدەرگای داو وتی: ڕێم ئەدەی بێمەژوورەوە، وتی: فەرموو، بەڵێ هاتەژوورەوەو پاش بەخێرهێنانی وتی: من خەڵکی مەدینەم سەردارو سەرووەرمان (صلی الله علیه وسلم) فەرمانی پێکردم فەرمووی: برۆ بۆلای فلان کەسی کوڕمان و پێداویستیەکەی بۆ دابین بکە، جاپێداویستیەکەت چیە؟ ئەویش وتی: پێویستمان بەخانوویەکە تیایا سەتر ببین، ئەویش وتی: برۆ لەبەیروتدا چ خانوویەکت پێخۆشە دیاری بکە من بۆت دەکڕم ..ئەوەبوو

خانوویەکی گەورەی چاکی بۆکڕی و گەڕایەوە بۆمەدینە.. ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجۡعَلُكُمۡ خُلَفَآءَ ٱلۡأَرۡضِۗ أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٦٢﴾ النمل.




***

## مزگەوتی ئیخلاص:

پێشنوێژی مزگەوتی ئیخلاص لەدەربەندیخان مامۆستا مەلا عەباس صالحه وسوپاس بۆخوا خزمەتێکی باش کراوە لەومزگەوتەدا، لەماوەی دەساڵدا حەوت ماڵیان بۆهەژاران دروست کردووە، یارمەتی زۆری ماڵەهەژاران دراوەو چەندەها پرۆسەی هاوسەرگیری بۆگەنجان ئەنجامدراوە، جابەڕاستی مزگەوت رۆڵی گرنگ ئەبینێت لەکۆمەڵگاداو هەرچی رێگری لەمزگەوت بکات تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَ ۚ لَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا خِزْىٌ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ١١٤﴾ البقرة.

مامۆستا عەباس دەڵێت: لەخەوما لەحەوشی مزگەوتەکەماندا کابینەیەکی زۆرچاکی تیابوو خەڵکی بەرەو ئەوێ دەچوون منیش چووم کراسێکی سپی و کڵاوێکی سپی و شەرواڵێکم لەبەردابوو، پیاوێك لەبەر کابینەکەبوو لێم پرسی ئەوەچیە؟

وتی: ئەوە رەسول اللە ی لێیەو خەڵکی سەرەیان گرتووە بچنە خزمەتی، وتم: منیش زەروورم بچمە خزمەتی بەتایبەت کەناساغ بووم.

وتی: بوەستە کەسێك لەژوورەوەیە بێتە دەرەوە ئەتکەمە ژووری، کەسەکە زۆری پێچوو زۆرم پێناخۆش بوو، کەهاتە دەرەوەو چوومە خزمەتی بینیم سیمای زۆرجوان بوو، زۆرتەمەنی نەبوو، مێزێکی لەبەردەمدابوو

هەندێ کتێبی لەسەر بوو مێزەکە سی سانتیمێك بەرز بوو، لەولاشەوە دەستشۆرێك هەبوو هەندێ دەرمانی لەسەربوو.فەرمووی رۆڵەگیان دانیشە شەرم مەکە، دانیشتم هەندێ فەرمایشتی فەرموو، پاشان کتێبێکی پێدام فەرمووی: مەلاعەباس ئەوە فەرموودەکانی منە ئەوە بۆخەڵك باس بکە.

پاشان هەستا وفەرمووی: دەرمانێکت بۆ دەگرمەوە بەکاری بهێنە، کەبەئاگا هاتم ناساغیەکم هەبوو سوپاس بۆخوا چاکبووم.



## نۆژەن کردنەوەی مزگەوتی ئیخلاص:

مامۆستا عەباس وتی: لەزەمین لەرزەکەی ٢٠١٧ مزگەوتەکەمان لەدەربەندیخان زیانی لێکەوت، ئەمانوویست نۆژەنی بکەینەوەو فەرشی بۆبکڕین کەبایی سەد گەلاَ ئەبوو، وە ئەمانوویست میحرابێکی جوانیشی بۆبکەین، پارەیەکی کەممان لەبەردەستا بوو لەسەرخوا دەستمان پێکرد،

زۆردوعام ئەکرد کەخوا خێرخوازێك بنێرێ ودەستگیرۆیمان بکات، لەدێی بێلولە بووم کەمالێ خزمانمی لێیە، کاك ناصیح حەمەعەلی کەپیاوێکی چاکە تەلەفونی بۆکردم، وتی: لەکوێیت؟ وتم: لەسەفەرم، وتی: حەزم ئەکرد بتبینم، بەڵام قەیناکە هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆت، ئەمشەو لەخەوما جەنابت لەتەنیشت پێغەمبەرەوە بوویت (صلى الله عليه وسلم) لەمزگەوتەکەداو خەڵکیش لەدواوە وەستابوون، تۆش باسی نۆژەن کردنەوەی مزگەوتەکەت بۆئەکرد، ئەویش دەستی هەڵبڕی و بەکوڵ دوعای بۆکردن، تۆش سەیرێکت کردم بەزەردەخەنەوە .

بەبەیانی چوومە مزگەوت و ئەمەم بۆمامۆستا مەلا عبدالقادر باس کردو دوای ئەوەی نوێژی نیوەڕۆمان کردو هاتمە سەیارەکەمەوە بڕمەوەماڵەوە سەیارەیەکی هۆندای تکسۆن لەدواوە فلاشی لێدام دابەزیم کاك دکتۆر خالیدبوو وتی: ئەمشەو لەخەوما لەعومرەبووم مزگەوتی ئیخلاصم لەمەدینە بینی، فەرشێکی زۆر جوان و میحرابێکی زۆرجوانی هەبوو، مامۆستا عبدالقادر وتاری ئەداو تۆشی لێبوویت، دوای نوێژەکە وترا بەخەڵکەکە مەڕۆن دەعوەتی حاجی عبدالکریمن (حاجی باوکی دکتۆرەو چەند مانگێك بوو مردبوو).

زۆرم پێخۆش بوو کە باوکم ئەو دەعوەتەی کردبوو، بەئاگا هاتم چل خولەکی مابوو بۆ نوێژی بەیانی چووم بۆنوێژوهاتمەوە وخەوتمەوە باوکمم بینیەوە فەرمووی: خالید بچۆبۆمزگەوتی حاجی لەر ( لەوبەر سیروانە).

بەبەیانی چووم ولە خادیمەکەم پرسی کەموکورتیان چیە؟ وتی: موەلیدەمان ئیش ناکات و جیهازەکان و بلّندگۆکانمان خراپ بوون بانگی تیانادرێت، منیش پەیوەندیم کرد بە مامۆستاکەیانەوە (کەلەکەلار دادەنیشت) هەمووی چاك بکات و وەسڵەکانیم بداتێ بۆیان خەرج دەکەم.

منیش پێمووت: ئەی مزگەوتەکەی ئێمە، ئەوەبوو هاوکاری کردین، خوا ئاگادارە ئەم دووخەوە کەیەك رۆژیان بەین بوو، یەکەمیان خۆشەویست هاتبووە مزگەوتەکەو دوعای بۆکردبووین، دووەمیش کەمزگەوتەکەمان لەمەدینەبووە، ئەوەندەمان پارە بۆهات لە خێرخوازانەوە کەیارمەتی مزگەوتی هۆرێنیشمان لێداو برێکیشی هێشتا ماوە بۆ پێویستیاتی مزگەوت سەرفی دەکەین.

(ئەوەش موبەشیرات کەپشت بەخواناميلکەیەکم لەبارەیەوە ئامادەکردووە بەمزاوانە چاپی دەکەم ).

***

## ئەتەویٚ خەو بەسەرووەرمانەوە ببینی؟

پیاوێك دێتە لای زانایەکی خواناس و پێی دەڵێ حەزدەکەم خەوبینینم بەخۆشەویستەوە ئەویش پێی دەڵێ: ئاسانە سبەینێ بە ڕۆژوو بە، کە ئێوارە بەربانگت کردەوە نان بخۆ بەلاّم چەند دەتوانی ئاو مەخۆرەوە، ئەویش بەگوێی دەکات و ڕۆژێکی گەرم دەبێت، ڕۆژوو دەگرێت و ئێوارەش نان دەخوات و ئاو ناخواتەوە، پاشان کە دەنوێت، چەند جارێك خەو بەئاوەوە دەبینێ و دادەچلەکێ، بەیانی دێتەوە لای زاناکە و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش پێی دەڵێ: ویستم تێ بگەیت کە هەر کاتێ وەك چۆن دڵت لای ئاوە و خەوی پێوە دەبینی، دڵت لای خۆشەویست بێ و خەمی بینینت بێت، وەك ئاوەکە لە خەودا بەخزمەتی دەگەیت .

## دووموبەشیرات کە دۆستێکی خوا بینیبووی بە هاوسەرمەوە کە لە مانگی ٣ی ٢٠١٤ تووشی شێرپەنجەبوو:

یەکەم: شەوی هەینی ١٩ – ٢ – ٢٠١٦ لە خەودا بە خزمەت خۆشەویستمان (صلی الله علیه وسلم) گەیشتم جەنابت وخێزانت راوەستابون، خۆشەویستمان هات بۆ لاتان سلاّوی لەتۆ کردو پاشان فەرمووی سلاّو ئەی هاوسەرە نەخۆش و ئارامگرەکە ) گەر دەتەویٚ دوعات بۆ دەکەم خوا شیفات بۆ دەنێریٚ گەر ئارامیش بگریت بەلێنی بەهەشتت پێدەدەم) پاشان بە دەستی موبارەکی هەر یەکە و سێ کەوچك

هەنگوینی کردە دەمتان پاشان بە ئاگاهاتم لە خەوەکە.. کاتێك ئەم موبەشیراتەم بەهاوسەرم وت، من پڕ بەدڵ حەزم دەکرد داوای شیفا بکات.

کەچی وتی: جا بەهەشت دەست کێ دەکەوێت، مادام وەعدی بەهەشتم ئەداتێ ئارام دەگرم..

نزیکەی ساڵ و نیوێك دوای ئەوە ژیا لە مانگی کۆتاییدا نە لەزگەی ئازار و نەدەرزی ئازارو نە حەبی ژێر زمانی عەمەلیات ئازاریان نەدەشکاند، بەڕاستی ئارامگربوو لەبەردەم تاقیکردنەوەی خوادا.

دووەم: لە٦-٧-٢٠١٧ بە دۆستێکم وت: مامۆستا فلاَن کەپێنج فەرزە دوعای بۆهاوسەرم دەکرد لەخەودا پیاوباشێك پێی وتبوو دوعاکانت راگرە بۆ هاوسەری ئەندازیار خوا شیفای داوە، ئەترسم مانای ئەوەبێت تەواوبووە وکۆچ دەکات.

وتی: من لە مێژە وەلاَمەکەم وەرگرتووە بەس دڵم نەهات پێت بڵێم،زۆریش دوعام کرد کە بتوانم پێت بڵێم،وەلاَمەکە بەم شێوە بوو.

شەوی ١٥ ی شەعبانی ئەم ساڵ ٢٠١٧لە مزگەوتی خۆشەویستمان بووم لە عەمرە،خەوم هات زۆر ماندوبووم،منیش کەمێك خەوتم، لە خەودا بینیم خوشەویستمان و نوری چاومان دروودی خوای لەسەر هات بۆ لامان و سێ پەرداخ شیری لە دەستبوو،پەرداخێکی بە بەندە داو دووەکەی تریشی دایە جەنابت و خێزانت.

خێزانت وتی: دوعام بۆ بکە یا رسول اللە.خۆشەویستمان (صلی اللە علیە وسلم)لە وەڵامدا فەرمووی: هەست بە ئازارەکانت دەکەم بۆیە داوام لە

خوا کرد سبحانه وتعالی شیفات بدات بەڵام خوا پێی فەرمووم: (اما ترضی ان تکون معك في الفردوس الأعلی)..

مەبەستی خێزانت بوو، بۆیە دڵنیام کە خوا سبحانه وتعالی بۆ لای خۆی دەیباتەوە.ئەوەبوو دوای مانگێك وهەژدە رۆژ لەو پەیوەندیە لە ٢٤ی هەشتی ٢٠١٧ خێزانم کۆچی دوایی کرد.(یادەوەرییەکانم-بەرگی یەکەم نووسەر.

## خودا پێداوان:

کەسانێك هەن بەفەزڵی خوا هەمووشەوێك یان زۆرشەو خەو بەوزاتە موبارەکەوە ئەبینن، ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتەوە لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە وتوویەتی: مەگەر چۆنها شەوێك بێت بەسەرماو بەخزمەت خۆشەویستمان نەگەم (صلی الله علیه وسلم).

ئەڵێن: بێخودی شاعیریش هەموو شەوێك بەخزمەت سەروەرمان (صلی الله علیه وسلم) گەیشتووە.

مامۆستای کۆچکردوو حاجی شەماڵ لەنەوەدەکاندا بەبرادەرێکی وتبوو: ئەگەر شەوێك بەخزمەت خۆشەویست نەگەم (صلی الله علیه وسلم) ئەزانم ئەو رۆژە گوناهێکم کردووە.

پیاوباشێکی وەك مامۆستا عبدالکریمی صەحابە لەهەولێر ئەویش زۆر بەخزمەت سەروەرمان گەیشتووە، لەخەوێکدا سەروەری بینیبوو (صلی الله

علیه وسلم) فەرمووبووی: دکتۆر وشیار لەگەورە شەهیدانی ئەم سەردەمەیە.

هەروەها پیاوباشێکی دیکەش هەیە کەئەویش زۆرشەو خەو بەخۆشەویستمانەوە ئەبینێت (صلى الله علیه وسلم)، ئەم برادەرە رۆژانە نزیکەی هەزاران جار سەلاَوات لەسەر ئەو خۆشەویستە دەدات، ئەگەر نەخۆشیش بێت و بۆی نەکرێت هەرهیچ نەبێت هەزار سەلاَوات دەدات .

ئەم پیاوە باشە بۆخۆی شایانی ئەوەیە پەڕاوێکی لەبارەوە بنووسرێت، کەمن بۆخۆم هەندێکم لەبارەوە نووسیوە بۆ رۆژی خۆی بلاَوی دەکەینەوە.

## لاوەکان وخۆشەویستمان:

وتارم بۆکۆمەڵێك لاودا و باسی مزگێنیەکانم بۆکردن، دوای وتارەکە یەکێکیان بەناوی بڕوا بەتەنها بۆی گێڕامەوە کە ساڵی ٢٠١٦ تەمەنی شانزەساڵ بووەو لە رەمەزاندا نیوەڕۆیەکی هاوین دێتەوە ماڵەوە بۆماوەی چەند خولەکێك خەوی لێدەکەوێت، لەخەویدا لە ناوباخێکدا ئەبێت لە رێگاکەی نێوان هەڵەبجەوسیرواندا، ئەبینێت لەباخێکی ئەولایەوە دووجل سپی کەیەکێکیان سەروەر بوو(صلى الله علیه وسلم) قاچی لەحەوزو ئاودا دەبێت و ئەوی دیکەشیان کەحەزرەتی ئەبوبەکر بوو بەرێزەوە لەخزمەتیا وەستاوە ، سەروەرمان پێی فەرمووە: بڕوا بانگ بدە، ئەمیش سەیری شەقامە دووسایدەکە دەکات سەیارەکان خێرابوون و بڕواناکات کەس بێت، دەڵێ:

کەس نایەت، دووبارە پێی فەرموو : بڕوا بانگ بدە، دەڵێ: ئاخرکەس نایەت، سێیەم جار پێی فەرموو بڕوا بانگ بدە، هەرعەقڵی نایبڕێ کەس بێت، بۆیە فەرمووی: ئەبوبەکر بانگ بدە، هەربانگی دا هەمووسەیارەکانی هەردوو سایدەکەی هەڵەبجە وەستان وگەورەو بچووك هاتن بۆنوێژ، سەروەر (صلى الله عليه وسلم) رووی تێکردو فەرمووی: بڕوا نەمووت دێن ..

جامن سوپاسی خوا دەکەم کە لاوی تازەپێگەیشتووی وامان هەیە کە لەرێی موبەشیراتەوە سەروەرمان صلى اللـه عليه وسلم داوای لێدەکات بانگەوازبکات وخەمی نەبێت خەڵکی هەموو بەگەورەو بچووکەوە دێن .

## مامۆستا مەلا عبدالكريمی صەحابە:

مامۆستا عبدالکریمی مزگەوتی صەحابە لە هەولێر کە ئێستا لە ژیاندا ماوە وتی: شەوێکیان لەخەودا بەخزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم گەیشتم فەرمووی: لە نزیك مزگەوتی سپی دوکانێکی بچوك هەیە خاوەنەکەی پیاوێکی حاجی دۆستی ئێمەیە بەڵام دوو رۆژە دەنگ و باسی نیە، جا دەمەوێ بچی سەلامی منی پێ بگەینی و پێی بڵێی بۆچی دوو رۆژە خەبەری نیە؟!

مامۆستا وتی: بەیانی هەستام رۆیشتم بۆ لای مزگەوتی سپی و پرسیارم کرد و دوکانی مام حاجیم دۆزیەوە، دوای سەلام و ئەحواڵ پرسی مام حاجی وتی: فەرموو مامۆستا خێرە چۆنە تەشریفت هاتووە؟

منیش وتم: مام حاجی لە راستیدا من قاسیدی پێغەمبەرم ﷺ، جا خەونەکەم بۆ گێرایەوە، ئیتر مام حاجی گریاو وتی: سوێند بەخوا پێغەمبەر ﷺ ڕاست دەکات چونکە ئەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژە بەهۆی کێشەیەکی خێزانی نەمتوانیوە تەنانەت یەك سەڵاوات بدەم، مام حاجی وتی: من شەو و ڕۆژ بەردەوام هەزار سەڵاوات دەدەم ، بەڵێن بیت ئیتر دوانەکەوم.



ساڵی ٢٠١٧ بوو سەردانی مامۆستا مەلا عبدالکریمی صەحابەم کرد لەگەڵ کاك دکتۆر عبدالواحید و چەند بەڕێزێکی تر، مامۆستا بەیەکێك لەو گەنجانەی خزمەتیان دەکرد وتی: بۆیان بگێڕەرەوە، ئەویش وتی : ئەمساڵ مامۆستایەك لەدەوری هەولێر بەناوی مەلا عوسمان کەهەر دووربەدوور ناوی مامۆستا عبدالکریمی بیستبوو دەچێت بۆعومرە، لەکاتێکدا لەبەر مەرقەدی سەرووەردا

(صلى الله عليه وسلم) ئەوەستێ و سەلام دەكات، هەرلەخۆیەوە بێ ئەوەی كەس رایسپاردبێت دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا مەلا عبدالكریمی صەحابەش سڵاوت لێدەكات، هەرلەویا لەدڵی خۆیدا دەڵێت: جا كێ دەڵێ دەیناسێ و وەڵامی دەداتەوە؟ شەو لەخەویا لەهەمان شوێندا دەبێت و خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) مەلاعبدالكریمی لەلاوە وەستاوەو بەم دەفەرموێت: چۆن وەڵامی برای خۆم نادەمەوە چۆن نایناسم؟ جا كە مەلا عوسمان دێتەوە لەعومرە سەردانی مامۆستا دەكات و ئەو مزگێنیەی دەداتێ.



***

## شێخ سەڵاحەدین فەخری:

ڕێکخراوی ئیرشادو ئیصلاح لە لوبنان لەساڵی ٢٠١٨دا خەڵاتی ڕێزلێنانی دا بەشێخ سەلاحەدین فەخری بەبۆنەی پەنجا ساڵ خزمەتکردنی بۆ ئیسلام، ناوبراو لەوتارێکدا دەڵێت: خەوم بینی بەسەردارو سەروەرمانەوە صلی الله علیەوسلم کەچواردەورەی هەمووی نووربوو  وردە وردە بەرەو ڕووم دەهات، رامکرد بەرەو ڕووی و باوەشم پیاکرد وسەرم خستە سەرسنگی موبارەکی بۆنێکی ئەوەندەخۆش هات بەسەرما کە وێنەی نیە . سێ جار وتم: بەچی ئامۆژگاریم دەکەیت؟



فەرمووی: ئامۆژگاریت دەکەم بەقورئان . ئنجا پشتی تێنەکردم و هەر رووی موبارەکی لێم بوو هەنگاو بەهەنگاو ئەچووە دواوە تا لەبەرچاوم نەما، جلێکی زۆرجوانی لەبەردا بوو وتم: خۆزگە لەو جلەم هەبوایە، سبحان الله بۆبەیانی حاجی حەبوباتی پۆشاك و قوماشی دەفرۆشت و لای

ئێمە نوێژی دەکرد بەبێ ئەوەی ئاگای لەو خەوەی من بێت بەمحمدی کوڕیدا قوماشێکی بەدیاری بۆناردم کە لەوقوماشە دەچوو کە خۆشەویستمان لەبەریابوو، منیش کردم بەجبەو بۆ بۆنەکان دەیپۆشم. خۆزگەمان بەوانەی کەهەر لەدونیادا چاویان گەش دەبێتەوە بەبینینی ئەو خۆشەویستە، کەئەوەش ئەو موبەشیراتەیە کە خوا دەیدا بەهەندێك لەدۆستانی..

## شێخ شەعراوی:

دکتۆر ئەحمەد شەوقی ئیبراهیم دەڵێت: لەگەڵ شێخ شەعراویدا چووین بۆزیارەتی سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم)، دەرگای مەرقەدەکەیان بۆکردەوە یەك سەعات لەژوورەوە بوو، کەهاتە دەرەوە وتم: یاشێخ ئێمە چەند خولەکێك زیاتر خۆمان ناگرین لەخزمەت سەروەرداو سەلام دەکەین و دەڕۆین، تۆ چۆن توانیت سەعاتێك بمێنیتەوە لەخزمەتیا، ئەویش بەزەردەخەنەوە وتی: تۆنازانی چی لەنێوانی من و پێغەمبەردا هەیە (صلى الله عليه وسلم)..

جا شێخ شەعراوی لەدایکەوە لەنەوەی ئیمام حوسەینە و بەڕاستی ئەهلی قورئان بوو نۆسەد سەعات تەفسیرێکی ناوازەی قورئانی کرد کەئەو ناوی ناوە (خواطر). ماوە بڵێم ئەکرێ هەرکەسەو لەخۆی بپرسێ نێوانی لەگەڵ ئەو سەرداروسەروەرەدا چۆنە..

جەنابی حاجی مەلاشەریفی سەعاتچیش کەدۆستی خوابوو وە زیاد لەسی جارحەجی کردبوو، جارێکیان بەڕێوەبەری پۆلیسی مەدینە پێی دەڵێت: کاك حاجی سەعات یەکی شەو خۆت ئامادەبکە دێم بەدواتا، کاتێك کاك حاجی دێنێت دەرگای ئارامگاکەی بۆدەکاتەوە کەمزگەوت کەسی تیانەبوو وەبەشەو دائەخرا، دوای یەك سەعات دێتەوە بەدوای کاك حاجیدا، ئنجا دیسان ئەمیش خوا ئەزانێ چ دۆستایەتی و خۆشەویستیەکی هەبووە بۆ ئەو زاتە پایەبەرزە خوا بۆی ئاسان کرد سەعاتێك بەتاقی تەنها لەخزمەتیا بێت.

## خەوبینین بەپیاوباشانەوە:

جاری واهەیە ئەو مزگێنی وموبەشیراتانە خوای پەروەردگار بە کەسێکی خۆشەویستدا ئەینێرێت بۆنموونە: لە کاتی شۆڕشی ئیتحادو تەرەقیدا بەسەر خەلافەتی ئیسلامیدا، نوورسی و پیرەمێردخوا لێیان خۆش بێت کە لەو کاتەدا لە تورکیا بوو، دەگیرێن و لە بەندیخانە توندیان دەکەن، هەردووکیان بڕوا ناکەن بە ئاسانی ڕزگاریان بێت، چونکە لەو باروزروفە شێواوەدا بە سەدان کەس هەڵدەواسران و دەکوژران، دیارە نوورسی کارێکی مەزنی لەسەر شان بوو کە ئەویش پاراستنی ئیمان بوو،خوای گەورە ئیرادەی وابوو کە بیهێڵێتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەتاتورك و دەستەودایرەکەی.

شەوێك نوورسی خەو بە کاك ئەحمەدی شێخەوە دەبینێ کەمژدەی ڕزگاربوونی ئەداتێ ودڵنیای دەکات، ئەویش بەیانی خەوەکە بۆ پیرەمێرد

دەگیرێتەوەو پاش ماوەیەك بە فەزڵی خوا ڕزگاریان دەبێت .پیرەمێرد ئەم بەسەرهاتەی بە چەند دێڕێك هۆنراوە بۆ تۆماركردووین لە دیوانەكەیدا لاپەڕە (١١٢) كە دەڵێت:

كاك ئەحمەدەكەی خۆشەویستی خوا

زۆركـەس بـەسـایـەی تـۆوە نان ئەخوا

لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەویٚ

هەر تۆی سەربەرزی قەومەكەت ئەویٚ

كە لە زیندانیان تێك خزاندبووین

ســـێدارەیان بۆ داچـــەقـــانـدبـووین

تۆ چووبـــــوویتە لای بدیع الزمان

مژدەت دابـوویە بـە ژیـان و مــــان

فەرمووبووت ئێوە نامرن ئەمێنن

تـــاسـەر ئـازادی گـــەلـتان ئـــەبینن

خۆ مـن بـاوەڕم بـەوە كـردووە

بـەوەسـیـەت نـاوی ئــــەوەم بـردووە

بـــــەڵام وا ئـــەمــــرم بـــەو ئـــاواتەوە

بـشـمـرم گـۆڕم دەنـگ ئـــەداتـــەوە

## خەونێک دەبێتە هیدایەت و فرایادرەسی مرۆڤ لە گێژاوێک ...!!!



مامۆستا یونس رۆستایی ئەڵێت: دکتۆر جەعفەر گوانی بۆی گێرامەوە وتی: رۆژێکیان پیاوێکی مارکسی پێی وتم: چۆن لە فیکرەی مارکسی تێ دەگەی؟

منیش وتم: واللە من لەو بارەوە زۆر شارەزاییم نیە.

وتی: وەرە من هەندێك کتێبی مارکسیەتت ئەدەمێ بەڵام من چۆنت پێ دەڵێم پێویستە ئاوا کتێبەکان بخوێنیەوە، سەرەتا کتێبێکت ئەدەمێ ئەو کتێبە بخوێنەوە دواتر وەرە موناقەشەو گفتوگۆ دەکەین ئەوجا کتێبێکی ترت ئەدەمێ بەو شێوازە، دیار بوو ئەو لە فیکرەی مارکسیەت زۆر شارەزا بوو بەڵام من هیچم لێ نەدەزانی، منیش وتم: باشە، کە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ شەو لە خەودا دیتم لە گوندی (زەروان)م، بارانێکی زۆر زۆر باریوەو لافاو و ڕوبار هەستاو هەموو شوێنێك بۆتە قورو لیتاو، دیتم کتێبخانەیەك لەوێ لە نزیك دوکانەکانی سەرجادەی کەوتوەو کتیبەکانی هەموی لەگەڵ لافاوەکە لە کەڵك کەتون، منیش بەحیسابی خۆم تەماشای کتێبەکانم دەکردو زۆر پەرۆشی کتێبەکانم بوو، دیتم لەوێ پیاوێك پەیدا بوو وتی: بڕۆ لەولای کتێبخانەیەکی لێیە کتێبێکی

لەسەرە بیهێنە لە جیاتی ئەو کتێبانە بیخوێنەوە، منیش چووم دیتم کتێبخانەیەك خوار بۆتەوەو تەنها کتێبێك وشکەو تەڕ نەبووە، منیش کتێبەکەم دەست دایە، نوسرابوو: (المنقذ من الضلال) واتا: قوتار بوون لە گومرایی، داوتر بەئاگا هاتم و شادەو ئیمانم هێناو زانیم ئەو خەونە بۆ دورکەتنەوەی منە لە فیکرەی مارکسیەت، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو تا ئەو شەوە ناوی ئەو کتێبەم هەرگیز نەبیستبوو، بەیانی چووم بۆ بازاڕ پرسیاری ئەو کتێبەم کرد وتیان ئەوە کتێبی ئیمامی غەزالیە (خوا لێی رازی بێت) منیش کتێبەکەم کڕی وخوێندمەوەو لە مارکسیەت قوتارم بوو ...!

تیبینی١ : گوندی زەروان نزیکەی دوازدە کیلۆ مەتر لە سۆران دورە.

تێبینی٢: کتێبی (المنقذ من الضلال) تیایدا ئیمامی غەزالی باسی ئەو چینە گومڕایانە دەکات کە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبەن .

***

## سەۆکی عەشیرەتی دلێم: مظهر الخربیط:

ناوبراو بەشێخی بەرگریکردن بەناوبانگە دژی ئەمەریکیەکان، کاتی خۆی دژی داگیرکردنی کوەیت بوو، پیاوی صەدام نەبوو بۆیە مالّو مولّکی هەمووی دەستی بەسەراگیرا.

جاکاتێ صەدامیش لێی قەوماو هانای بۆ برد وەك نەریتێکی عەشایەری گرتیە خۆی وئەمەریکیەکان قەسفی مەزرەعەکەیان کرد وبیست کەس لە بنەماڵەکەی کوژران وصەدام وکوڕەکانی پێوەنەبوون .

ئەمەریکا بەلّێنیان دایە بیکەنە سەرۆکی عێراق بۆ ئەوەی دژایەتیان نەکات، خۆی پێ نەفرۆشتن، دواتر فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو لەگەڵ ٥٥ کەسەکەدا، بۆیە لەلوبنان کەچووبوو بۆ چارەسەری شێرپەنجەی ژنەکەی دەستبەسەرکرا بۆماوەی ١٥ مانگ و دوایی بووە پەنابەرلە ئوردون .

ناوبراو ئەلّێت: کەئەمەریکا لە ٢٥ کەسەکەی مەجلیسی حوکم زۆربەی شیعەیان دانا زانیم کە شەڕی تایفی بەرپا ئەکەن. دکتۆر محمد مطنی کەخەلّکی رومادیە دەلّێت: شیخ مظهر لەسالّی ١٩٩٧ دا لەفەڕەنسا بوو بۆ ئەوەی چاندنی جگەری بۆ بکەن، چونکە جگەری پەکی کەوتبوو، شەو لەخەویا پیاوباشێکی ناوچەکە پێی دەلّێت پەرداخێك ئاو سەد جار ئایەتەل کورسی و سەدجار فاتیحەی بەسەرا بخوێنە وبیخۆرەوە چاك دەبی، ئەویش ئەوەدەکات و پاشان کە ئەچێتەوە پشکنینی بۆدەکەن، دکتۆرە فەڕەنسیەکان سەرسام دەبن و دەلّێن: تۆ کەسێکی ترت هێناوە ئەم نەخۆشیەی بووە،

ئەگینا ناگونجیٚ تۆ ئەو نەخۆشە بووبیت و ئاواش چاك بووبیت، وتیان: دیارە ئەتەوێت بەوە موسڵمانمان بکەیت!!

ئەویش بۆی سەلماندن کەهەرخۆی نەخۆشەکەبووەو خوا بەفەزڵی خۆی چاکی کردۆتەوە .بەتەمەنەکە وێنەی شێخ موزهیرەو ئەوی تر عبدالرزاق الدلیمی یەکە قورئانخوێنە.



***

## تەوفیقاتی خوا:

پێشەوا بەننا شەوی تاقیکردنەوەی نەحوصرف لەخەویا لەبەلەمێکدا ئەبێت لەگوێ رووباری نیل لەگەڵ چەند زانایەکی بەرێزدا، یەکێکیان ئەڵێت: کوا شەرحی ئەلفیەی ئیبن عەقیل ، ئەویش دەڵێت: ئەوەتا، وتی: بیخەرە سەر لاپەڕە ئەوەو ئەوە وپیایاچووەوە، بۆ بەیانی زۆربەی پرسیارەکان ئەوانەبوون هاتبوونەوە.کەئەمەش ئاسانکاریەك بوو لەخواوەو خەوی راستیش مژدەی خوایە ئەیدا بەبڕوادار لەدونیادا..

## دواوتە:

بۆئەوەی بەخزمەت خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) بگەین:

١– پابەندبوونی تەواو بە قورئان و فەرموودەوە.

٢–کاروکردەوەی چاك،وەك چاکبوون لەگەڵ دایك وباوك وهاوکاری منالّی بێباوك و هەژارو نەدارەکان و..هتد .

٣–دەمپاراوی بەیادی خواو سەلأوات لەسەر سەرووەرمان.

***

## ئەو پەڕاوانەی کەئامادەن بۆچاپ:

١– باسوخواسی قورئانی بەرگی دووەم.

٢– نەسرەوتن بەرگی پێنجەم .

٣– یادەوەری و پەند .

٤– یادەوەرییەکانم بەرگی دووەم .

## پەڕاوەکانی نووسەر:

١– بەرەو پەروەردەی ئیسلامی

٢– بەرچاوڕوونی

٣– فەرهەنگی بانگخوازان

٤– رامان لە قورئان

٥– لەخزمەت قورئاندا

٦– بەهاری دڵان

٧– بەرەو ئیسلام

٨– رازی قورئانی

٩– هەزارویەك

١٠– هەزارو دوو

١١ – ژیانەوە

١٢– سەلیقەی برودار

**١٣– نەسرەوتن: ٤ بەرگ**

**١٤ –گەشتی ژیان: شەش بەرگ**

**١٥–یادەوەرییەکانم: بەرگی یەکەم**

**١٦– باسوخواسی قورئانی – یەکەم: تازەگەری قورئان**

– بۆ پەیوەندی ئەکاونتی نووسەرلە فەیسبوك andaziar osman

***

## ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی |
| ٦ | خەو پەنجەرەیەکە لەسەر غەیب |
| ٧ | گەورەترین درۆ |
| ١٣ | خەوبینین لەقورئاندا |
| ١٥ | جۆرەکانی خەوبینین |
| ١٩ | مزگێنییەکان |
| ٢٠ | چەند خەوێکی سەروەرمان |
| ٢٣ | تێگەیشتنێکی جوان |
| ٢٤ | خۆشویستنی سەروەرمان |
| ٢٦ | خەوبینین بەسەروەرەوە |
| ٢٥٥ | خەوبینین بەپیاوباشانەوە |
| ٢٥٧ | خەونێك دەبێتە هیدایەت |
| ٣٥٨ | سەرۆك عەشرەتی دلێم |
| ٢٦٠ | تەوفیقاتی خوا |